رووداو
RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (419) دووشەممە 2016/8/8 - 17ی خەرمانانی 2716 (750) دینار

وەزارەتی کارەبا:

## کارەبای کەرتی تایبەت نرخەکەی گران ناکرێ

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتیی جیهان سەرقاڵی گواستنەوەی کارەبایە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت. شارەزایەکی بواری کارەبا دەڵێت نرخی کارەبا بەرزتر دەبێتەوە، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت "بەدڵنیاییەوە نرخەکە دادەبەزێ". ئێستا حکومەت لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیی جیهان سەرقاڵی چاکسازییە لە بواری کارەبادا، بۆ ئەو مەبەستەش دوو کۆمپانیای راوێژکاری هێنراونەتە کوردستان. محەممەد ئەمین هەورامانی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی "ئەو دوو کۆمپانیایە یەکێکیان تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی بەکارهێنانی کارەبا و ئەوەی دیکەش لە بواری دابەشکردنی کارەبایە". بە گوتەی بەرپرسەکەی وەزارەتی کارەبا، لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا ئەو کۆمپانیایانە راپۆرتەکانیان تەواو دەکەن و پێشکەشی حکومەتی دەکەن، دواتر دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. شارەزایەکی بواری کارەبا کە نەیویست ناوی بهێندرێت، پێدانی کارەبای بە کەرتی تایبەت بەلاوە سەیرە و دەڵێت "100% نرخەکەی لە ئێستا گرانتر دەبێت". بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا ترسی بەرزبوونەوەی نرخی رەواندەوە و گوتی "کۆمپانیای جێبەجێکار ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی نرخ دیاری بکات، بەڵکو حکومەت مەرجیان لەسەر دادەنێت، وەکو چۆن سووتەمەنی دەداتە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان، بەو شێوەیە کۆمپانیاکانی دابەشکردنیش، ئامێرەکانی حکومەت بەکاردێنن".

4 »



### شاندەکەی یەکێتی سێ پرس لەگەڵ ئێران تاوتوێ دەکەن

3

عەگید جڤیان، فەرماندارى گشتیی HPG بۆ (رووداو):

### ئێمە یەبەشە پەروەردە دەکەین و حکومەتی عێراقیش پارەیان دەداتێ

5

### فینلاند مافی مانەوەی هەمیشەیی دەداتە کۆچبەرانی کورد

11

لەسەر ئایندەی کوردستان لەگەڵ عێراق

# بارزانی داوا لە نەوشیروان مستەفا دەکات سەرۆکایەتی شاندێک بکات بۆ بەغدا



3 »

## گولەن کار لەسەر منداڵی سیاسەتڤانانی کورد دەکات

7 »

راپۆرتە هەواڵ 2

### دوو کورد لەنێو 70 زانکۆی جیهان پلەی دووەم بەدەست دێنن



ژنان 14

### ئەمساڵ کوشتنی ژنان 50% کەمی کردووە

ریپۆرتاژ 10

### "ئێزدیاتی کۆمان دەکاتەوە و حیزبەکان جیامان دەکەنەوە"



ئەدەب و کولتوور 20

### هێلی لەڤ، قارەمان یان دژەقارەمان؟!



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (419) - دووشەممە 2016/8/8



### لە هەولێر ئەفسەرێک دراوسێکەی بریندار دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2016/8/7 لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر ئەفسەرێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە دەمانچە تەقە لە دراوسێکەی دەکات و برینداری دەکات. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەفسەرێکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بەهۆی دروستبوونی دەمەقاڵێ لەگەڵ دراوسێکەیان تەقەی لێدەکات و برینداری دەکات". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی "هۆکاری ڕووداوەکە ئەوە بووە کە دراوسێی ئەو ئەفسەرە قسەی ناشرین بەباوکی دەڵێت و ئەویش دوای دەمەقاڵێیەکی زۆر بە دەمانچە برینداری دەکات و ئێستا لە نەخۆشخانەیە".

## خۆی خنکاند و نامەیەکی بۆ خۆشەویستەکەی جێهێشت

# "دوای مردنم هەست دەکەی کە بەڕاستی خۆشمویستی"

**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- حاجیاوا**

### هاوڕێیەکی هەرێم: عاشقی کچێک بوو، بەڵام کچەکە مەیلی بۆ ئەو نەبوو

گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، لە ماڵەکەی خۆیدا بە پەتێک خۆی خنکاند، بەڵام چیرۆکی جیاواز لەبارەی خۆخنکاندنەی بڵاودەبنەوە.

کاژێر یەکی شەوی 2016/8/7 گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی هەرێم تاریق، قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی، دانیشتووی ناحیەی حاجیاوا، لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاند، بەرلەوەی خۆی بخنکێنێ، پۆستێکی لە فەیسبووک کردووە کە زۆر کەس ئەوە بە هۆکاری خۆکوشتنەکەی دەزانن.

هەرێم بەرلەوەی خۆی بخنکێنێ، پۆستێک لەژێر ناوی (ژیان) لە ئەکاونتەکەی خۆی بڵاودەکاتەوە، زۆربەی هاوڕێکانی و تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەشی پۆستەکە دەخوێننەوە، بەڵام کەس لەوە باوەڕدا نەبووە ئەوە دوا پۆستی هەرێم بێت.

تەنانەت چەند ڕۆژێک پێشتر سەردانی سەرجەم هاوڕێکانی کردووە و خواحافیزیی لێکردوون، بێ ئەوەی هیچکام لە هاوڕێکانی هەست بەوە بکەن کە هەرێم نیازێکی لەوجۆرەی هەیە.

هەرێم لە پۆستەکەیدا نووسیویەتی "لەوەتەی دەژیم هەوڵمداوە بگەم بەخۆشی، بەڵام لەوە تێگەیشتم کە ئەوە زۆر قورسە. بەتایبەت کە کوڕی فەقیر بیت و لە هەمانکاتدا ئاشق بیت، ئێرە نیشتمانی پارەیە، لەم وڵاتەدا بڕوا بە هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەکرێت، تەنیا بەو کەسانە نەبێت کە ڕاستگۆن و بەڕاستی دەدوێن. هیچم نییە لە دەستی بدەم تەنیا فرمێسکی دایکم نەبێ، لەگەڵ سپیبوونی سەری باوکم و ئەو کەسەش کە بەڕاستی خۆشم ویست و ئاشقی بووم، ئەویش تۆزێک دڵ تەنگ دەبێت بۆم نەک بۆ مردنم، بەڵکو دوای مردنم هەست ئەکا کە بەڕاستی خۆشم ویست".

هەردی تاریق، برای هەرێم، باسی براکەی کرد و گوتی "هەرێم برا گەورەی ئێمە بوو، لەماڵەوە زۆر خۆشماندەویست و هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ماڵەوەماندا نەبوو، تەنانەت لەڕووی ماددیشەوە بێ کێشە بووە و خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆی بوو".

دوای ئەوەی هەرێم لە فەیسبووک پۆستەکەی دەکات، هەردی برای پۆستەکەی دەبینێ و دەیخوێنێتەوە، بەڵام بەلایەوە ئاسایی دەبێت "هیچ شتێکی نامۆی بۆ ئێمە تێدا نەبوو، چونکە پێشتر پۆستی هاوشێوەی کردبوو، بەڵام ئەمجارە تۆزێک موبالەغە لە قسەکانیدا هەبوو".

دوو کاژێر دواتر برایەکی هەرێم کە لە براکانی دیکەی بچووکترە، هەرێم بە هەڵواسراوی لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەوەیان دەبینێت و ماڵەوەیان ئاگادار دەکاتەوە.

هاوپۆلێکی هەرێم کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، باسی چەند نهێنییەکی ژیانی هەرێمی کرد کە تەنیا ئەو و کچێک دەیانزانی. ئەو هاوڕێیەی گوتی "ئەوەی من ئاگاداری بم نزیکەی پێنج بۆ شەش ساڵ بوو کچێکی خۆشدەویست، بەڵام کچەکە مەیلی بۆ هەرێم نەبوو، چونکە جارێک ئەو کچە هاتە لای من و پێیگوتم هەرێم بە جۆرێک سەیرم دەکات، هەست دەکەم عاشقی من بووە، بەڵام من ئەو بە هاوڕێی خۆم دەزانم و هیچ مەیلێکم بۆ ئەو نییە".

دوای ئەوەی بەو قسەیە دەزانێت، بەگوتەی ئەو هاوپۆلەی، هەرێم نیگەران و بێتاقەت دەبێت، بەڵام هەر بەردەوام دەبێت لەوەی دڵی کچەکە بەدەست بهێنێ. هاوپۆلەکەی دەڵێت "ماوەیەک بەر لەوەی خۆی بخنکێنێ گۆشەگیر بوو، بەردەوام گوێی لەو گۆرانییانە دەگرت کە ڕیتمی خاویان هەیە و مرۆڤ بە گوێگرتن لێیان بێتاقەت دەبێت".



## ڕکابەری زیاتر لە 300 خوێندکاری ماستەر و دکتۆرایان کردووە

# دوو کورد لەنێو 70 زانکۆی جیهان پلەی دووەم بەدەست دێنن

**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- هەولێر**

دوو گەنجی کوردی دانیشتووی هەولێر بە هاوکاری کچێکی بەڕەگەز هۆڵەندی لە نێو 70 زانکۆی جیهان ڕکابەری زیاتر لە 300 خوێندکاری ماستەر و دکتۆرایان کردووە و توانیویانە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی زانکۆکەیان و پلەی دووەمیش لەسەر ئاستی سەرجەم زانکۆکان بەدەستبێنن.

ڕۆژانی 2-2016/7/6 لە ئیتاڵیا پێشبڕکێیەک بۆ 70 زانکۆی جیهان لە بارەی دیزاینکردنی پارکێک بەڕێوەچوو کە زیاتر لە 300 خوێندکاری ماستەر و دکتۆرا لە چەند وڵاتێکی جیهان بەشداریان کردبوو. لە کۆتاییدا دوو قوتابی کورد بەناوەکانی دیدار کەماڵ و سیپان خەلیل، توانیان پلەیەکی نایاب لەو کێبڕکێیە بەدەستبهێنن.

دیدار کەماڵ کە دانیشتووی شاری هەولێرە و قوتابی بە کالۆریۆسە لە زانکۆی (Girne American) لە قوبرس، لە لێدوانێکدا سەبارەت بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیان بە (ڕووداو) گوتی "دوای ئەوەی لە زانکۆی (Girne American) توانیمان تاکە براوەی گرووپەکانی زانکۆکەمان بین، بە نوێنەرایەتی زانکۆکەمان بەشداریمان لە کێبڕکێی دروستکردنی دیزاینی پارکێک لە ئیتاڵیا کرد و توانیمان سەرکەوتنێکی باش بەدەستبێنین و پلەی دووەممان پێبەخشرا".

دیدار کەماڵ تاوەکو قۆناخی ئامادەیی لە کوردستان خوێندووە، پاشان بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی ساڵێک دەچێتە، دواتر دەچێتە قوبرسی یۆنان و دەبێتە خوێندکاری ئەندازیاری بیناسازی لە زانکۆی (Girne American University) لەوێ قوتابییەکی کورد بەنێوی سیپان دەناسێت و دەبنە دوو هاوڕێی نزیک.

ئەو قوتابییە کە بەهاوکاری سیپان خەلیل و کچێکی هۆڵەندی بەناوی (جانسوو) کە خوێندکاری یەک زانکۆن، بەشداریان لەو کێبڕکێیەدا کردبوو دەڵێت "سەرەڕای بەشداربوونی 70 زانکۆی بەنێوبانگی جیهان، لە نێوان زیاتر لە 300 خوێندکاری ماستەر و دکتۆرا، بەو دیزاینەی کە خۆم و هەردوو هاوڕێم سیپان و جانسوو بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر کامیز ئامادەکان کردبوو، توانیمان سەرکەوتن بەدەستبێنین".

سیپان کە هاوڕێی دیدارە و دانیشتووی شاری هەولێرە قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی لە هۆڵەندا خوێندووە و پاشان گەڕاوەتە کوردستان و قۆناخی ئامادەیی لێرە دەخوێنێ. دواتر دەچێتە قوبرس و دەبێت بە خوێندکاری ئەندازیاری بیناسازی لە زانکۆی (Girne American University).

سیپان دوای ئەوەی دیدار دەناسێ، بڕیاردەدەن بەیەکەوە دیزاینی ئەو پارکە بکەن، دواتر جانسووی هاوڕێشیان بەشداری پێدەکەن و لەسەر ئاستی زانکۆکەیان یەکەم دەبن. پاشان پرۆژەکەیان دەبەنە ئیتاڵیا و لەسەر ئاستی 70 زانکۆی جیهان 60 وڵات بەشداربوون کە لە نێویاندا زانکۆکانی (ئەمریکا، کەنەدا، بەڕازیل، بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، چین، هۆڵندا و میسر) هەبوون و توانیان لەسەر ئاستی 300 قوتابی ماستەر و دکتۆرای بەشداربووی کێبڕکێیەکە پلەی دووەم بەدەستبهێنن.

دیدار دەڵێت "پرۆژەکەمان بە ماوەی سێ مانگ تەواوکرد، بەڵام هیچ کەس سپۆنسەری پرۆژەکەمان نەبووە، هەموو شتەکان لەسەر شانی خۆمان بووە".



## دەستکاریی نمرەی قوتابیانی کردووە

# بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ڕانیە دەدرێتە دادگا

**پشتیوان جەماڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەسەر دەستکاریکردنی نمرەی نزیکەی 22 قوتابی و دەرچوواندنیان، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی قەزای ڕانیە دەدرێتە دادگا و لە پۆستەکەشی دووردەخرێتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، هۆکاری ئەو سکاڵایە لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئەوەیە ئەمساڵ ژمارەیەک قوتابی دەرچوواندووە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەستکاریی نمرەی ئەو خوێندکارانەی لە چەند وانەیەکدا کردووە، بەبێ ئەوەی مامۆستای وانەکان ئاگادار بووبن".

سەبارەت بە بانگهێشتکردنی بەڕێوەبەری پەروەردەش، سەرچاوەکە گوتی "دەگوترێت بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لە کاتی ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی ئەو کارەی لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەوە پێ کراوە".

نەقیب کاروان مەحموود، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لەوبارەوە گوتی "دۆسیە بەپێی ماددەی 340 لە یاسای سزادانی عێراقی کراوەتەوە. دۆسیەکە تایبەتە بە دەستکاریکردنی نمرەی ژمارەیەک خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی 2014-2015 لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ڕانیە".

نەقیب کاروان هەروەها گوتی "دۆسیەکە لەلایەن داواکاری گشتی ڕانییەوە جوڵێنراوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی ڕانیەش بانگهێشت کراوە و ڕۆژی 2016/5/16 دەستگیرکراوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ڕاگیراوە، دواتر بە کەفالەت ئازاد کراوە".

سەبارەت بە بانگهێشتکردنی بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیەش، نەقیب کاروان گوتی "بەڕێوەبەری پەروەردەش بەپێی پۆستەکەی کە بەرپرسی هەموو قوتابخانەکانە، لەلایەن داواکاری گشتییەوە وەکو شایەت بانگهێشتی پۆلیس و دادگا کراوە".

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "دەستکاری نمرەی ئەو خوێندکارانە لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوودا بووە کە نزیکەی 22 خوێندکار بوون". هۆکاری ئەو کارەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو کاتە شەڕی داعش هەبوو، شەڕ کاریگەریی لەسەر دەروونی قوتابیان هەبووە و وەک هاوکارییەک ئەوەی کردووە.

ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی "ئەو کاتە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری پەروەردەش داوایان کرد هاوکاریی خوێندکارە پێشمەرگەکان و کەسوکاری شەهیدەکان بکرێت، زۆربەی پەروەردەکانیش داوایان لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کرد ئەو هاوکارییەیان بکەین و بڕیارەکەش لە سەرووی خۆمانەوە بۆمان هات، بەڵام لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە دۆسیەکە وای لێکرا کە گوایە هاوکاری ئەو خوێندکارانە کراوە".

ئەو بەڕێوەبەرە گوتی خۆی دەستکاریی نمرەی 12 خوێندکاری کردووە کە باوکیان شەهید بووە یان پێشمەرگە بوون "بە گشتی نزیکەی 22 قوتابی بوون و ئەوانەی دیکەش لەلایەن مامۆستاکانی دیکەوە لە کۆمپیوتەر دەستکاری کرابوون، مامۆستا دەسەڵاتی خۆی هەیە، بەڵام هەندێک لەو مامۆستایانەی دەستکاری نمرەکانیان کردبوو، نمرەکان لە دەرچوونەوە نزیک بوون، پێیانگوتم و لەسەر قسەی ئەوان ڕازی بووم".

بە گوتەی ئەو مامۆستایە هەر دوای دەستکاریکردنی نمرەکان، ژمارەیەک مامۆستای قوتابخانەکەی لە پەروەردەی ڕانیە سکاڵایان تۆمار کردووە، پاشان لەلایەن پەروەردەی گشتی سلێمانییەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دروستکراوە و گوتی "بەو هۆیەوە لە بەڕێوەبەرییەوە کرامەوە بە فەرمانبەر لە پەروەردەی ڕانیە. لە وەزارەتی دادیش سکاڵام تۆمار کرد بە تۆمەتی ئەوەی مافیان خواردووم، بەڵام سکاڵاکەم ڕەتکرایەوە".

سەبارەت بە دەستگیرکردنی لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا، ئەو بەڕێوەبەرە گوتی "لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە داوا لە داواکاری گشتیی ڕانیە کرابوو بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە بکەن و ئەمساڵیش بۆ ماوەی 15 ڕۆژ دەستگیرکرام، جگە لە من، مامۆستاکانی دیکە و بەڕێوەبەری پەروەردەش لەلایەن پۆلیسەوە و بەو تۆمەتە بانگهێشت کراون".

ئەو بەڕێوەبەرە لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە ئەو کارەی پێکردووە. لە لێدوانیشیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "تەقریبەن لەلایەن سەرووی خۆمەوە ئاگادار کرامەوە دەستکاری نمرەکان بکەم"، بەڵام دەڵێت "هەست دەکەم ئەو کارە وەکو کەمینێک بوو بۆ من".

(ڕووداو) پەیوەندی بە بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیەوە کرد، بەڵام بە بیانووی ئەوەی ئامادە نییە بە تەلەفۆن قسە بکات، لێدوانی نەدا.

## ئامارێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:

# ئەمساڵ 250 ڕۆژنامەنووس لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەرکراون

**پشتیوان جەماڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامارێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاشکرای دەکات لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، بەهۆی قەیرانی داراییەوە زیاتر لە 250 ڕۆژنامەنووس لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەرکراون. پێشێلکاریش بەرامبەر 35 ڕۆژنامەنووس کراوە.

بەپێی ئاماری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە دراوەتە (ڕووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە 20-22 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراون و بەهۆیانەوە نزیکەی 35 ڕۆژنامەنووس پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە.

جەماڵ حسێن، بڕیاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو ئامارەی بەلاوە زۆرە و پێیوایە ململانێی سیاسیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کاریگەری لەسەر ئەو پێشێلکاریانە هەبووە.

جەماڵ حسێن بە (ڕووداو)ی گوت "هەست دەکرێت ململانێ سیاسیی نێوان پارتی و گۆڕان کاریگەری زۆری لەسەر کارکردنی ڕۆژنامەنووسان هەبووە و زەرەرمەندی یەکەم بوون، چونکە ئەمساڵ پێشێلکارییەکان لەلایەن ئاسایش و پۆلیسەوە کەمتر بووە و زیاتر بەرپرسانی حیزبی مافی ڕۆژنامەنووسانیان پێشێل کردووە، بەتایبەتیش لە سنووری پارێزگای هەولێر. جگە لەوەش جیاکاری لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کراوە".

لە یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007ی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە "هەر کەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بە ڕۆژنامەنووس بکات یاخود دەستدرێژی بکاتە سەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە".

هەروەها بەپێی ماددەی چوار لە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە 11ی ساڵی 2013ی پەرلەمانی کوردستانیش "هەموو کەسێک چ سروشتی بێت یاخود مەعنەوی، مافی ئاگاداربوون و بەدەستهێنانی زانیاری و چەند دانەیەک لەو دۆکیومێنتانەی هەیە کە لە دامودەزگاکانی داوا دەکات، بەدەر لەو زانیارییانەی کە بە گوێرەی ماددەی (14)ی ئەم یاسایە ڕیزپەڕ کراون".

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ساڵانە ئاماری پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بڵاودەکەنەوە، ڕەحمان غەریب ڕێکخەری سەنتەری میترۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە خۆپیشاندانەکاندا پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە، بەڵام لای ئێمە پێشێلکاری لە دەستنەکەوتن و پێنەدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە زیاتر لە 50 پێشێلکاری تۆمارکراون کە ڕێز لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان ناگیرێت".

کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ هێرش کرایە سەر ئۆفیسی سەرەکی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە شاری هەولێر کە بەهۆیەوە پێنج کەس برینداربوون و دواتریش لەلایەن ئاسایشی گشتی هەولێرەوە سێ کەس بە تۆمەتی "پلاندانان و جێبەجێکاری" هێرشەکە دەستگیرکران و یەکێکیان دانی بە کارەکەدا نا.

جەماڵ حسێن گوتی "هێرشکردنە سەر (ڕووداو) پێشێلکارییەکی زۆر زەقە و هۆکارەکەشی ئەوەیە (ڕووداو) ئەزموونێکی تازەگەرییە و لە کەناڵە ئازاد و پرۆفیشناڵەکانە و توانیویەتی بە باشی ڕووماڵی ڕووداوەکان بکات".

ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە قەیرانی دارایی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە و کاریگەری لەسەر میدیاکانیش دروستکردووە، بەپێی ئامارەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەهۆی نەبوونی گرێبەستی کارکردنەوە زیاتر لە 250 ڕۆژنامەنووس لەلایەن دەزگاکانیانەوە دەرکراون، بەرپرسەکەی سەندیکا گوتی "ئەو ژمارەیە زۆرە و هەوڵیش دەدەین داتای زیاتر لەو بارەیەوە کۆبکەینەوە".

بەبۆچوونی ڕەحمان غەریب، دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاتێک باسی ماف و ئیمتیازاتی ڕۆژنامەنووسان دەکەن، باسی گرێبەستی دەزگاکانیان ناکەن و ئەگەریش کردبێتیان فەرامۆشیان کردووە و گوتی "هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان پارەیەکی زۆریان لای دەزگاکەیان بووە و دواتریش دەریانکردوون کە ئەوەش پێشێلکارییە".

ئامارەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بە داخستنی ژمارەیەک بڵاوکراوەش کردووە بەهۆی قەیرانی داراییەوە. جەماڵ حوسێن گوتی "ئێمە ژمارەی متمانە دەدەینە بڵاوکراوەکان، تائێستا 832 ژمارەی متمانەمان داوە، بەڵام ئێستا نزیکەی 50-55 بڵاوکراوە دەردەچن".

## سەرۆکی پەرلەمان داوایەک ئاڕاستەی هاوولاتیان دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

د.یوسف محەمەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2016/8/7 لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ژمارەیەک نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندووە "کارتی زیرەک و دروستکردنی کارتی نیشتمانی تەنیا بۆ هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بۆ ڕایکردنی کاروباری هاوولاتیانیشە لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هانی هاوولاتیان بدرێت بەزووترین کات بچن بۆ دروستکردنی ئەو کارتانە". بەپێی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکی پەرلەمان کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت "تا تۆماری دەنگدەران بەشێوەیەکی تەندروست لەلایەن کۆمیسیۆن و لایەنە پەیوەندارەکان پاک نەکرێتەوە، مەحاڵە باس لە هەڵبژاردنێکی بێ ساختەکاری بکرێت".

## لەسەر ئایندەی کوردستان لەگەڵ عێراق

# بارزانی داوا لە نەوشیروان مستەفا دەکات سەرۆکایەتی شاندێک بکات بۆ بەغدا

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی داوای لە نەوشیروان مستەفا کردووە بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان، سەرۆکایەتی شاندی کوردستان بکات و سەردانی بەغدا بکات. پارتی لە پرسی سەرۆکی پەرلەمان و گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ نێو حکومەت نەرمی تەواو دەنوێنێ. یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بووەتە دوو بەرە.

هەفتەی داهاتوو، د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە نوێنەرایەتی بارزانی بۆ گەڕی دووەمی دانوستاندنەکان سەردانی شاری سلێمانی دەکات و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆدەبێتەوە.

(ڕووداو) لەسەرچاوەیەکی باڵای نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە زانیویەتی، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێی فوئاد حوسێن کە لە گەڕی یەکەمی دانوستاندنەکان دووجار لەگەڵ ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەتەوە، پێشنیازێکی بۆ نەوشیروان مستەفا کردووە بۆئەوەی سەرۆکایەتی شاندی کوردستان بکات بۆ بەغدا لەبارەی پرسی ئایندەی کوردستان لەگەڵ عێراق.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) گوتی "هێشتا کێشەی متمانە هەیە، بەڵام نێوانی کاک نەوشیروان و کاک مەسعود ئاسایی بووە و چاوەڕێ دەکەین سەفەری ئەمجارەی د.فوئاد متمانەکە زۆرتر بکات و لە زۆر پرس، بەرچاوی کاک نەوشیروان و بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕوونتر دەبێ".

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە لایەنەکانی گوتووە کە کێشەکە گەورە نییە و دەرفەتی چارەسەری هەیە و لایەنەکانیش لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنن.

فوئاد حوسێن ڕۆژی 2016/8/7 وەکو نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کۆبووەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو ڕایگەیاند، فوئاد حوسێن گەشبینی پێشانداوە لە بارەی کۆبوونەوەکانی گەڕی یەکەم، ئەوەش هاندەر بووە بۆ دەستپێکردنی گەڕی دووەمی دانوستاندنەکان.

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "د.فوئاد حوسێن گەشبینی خۆی بە گەڕی یەکەمی دانوستاندنەکان دەربڕی، ئەو گەشبینیەش بۆ یەکگرتوو مایەی دڵخۆشییە، چونکە یەکگرتوو دەمێکە هەوڵی چارەسەر و سازان لە نێوان لایەنەکان دەدات".

لەبارەی چەند پێشنیازێکی جیاواز بۆ چارەسەری کێشەکان، د.محەممەد ئەحمەد گوتی "پێویستە سەرەتا زەمینەسازی بکرێت، دواتریش هەر پێشنیازێک ببێتە هۆی چارەسەر، یەکگرتوو ڕەتیناکاتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕێککەوتنی لایەنەکانی لەسەر بێ".

فوئاد حوسێن لەڕێگەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی پەرلەمان، پێشنیازی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی لەلایەن یەکێتییەوە کردووە، بەڵام یەکێتی لەسەر ئەم پێشنیازەی بارزانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕاستە پێشنیازەکە کراوە، بەڵام پێناچێ یەکێتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، چونکە لەولاوە جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی حکومەت زیاد دەکرێ کە بدرێ بە برادەرانی گۆڕان، ئەوکات دەسەڵاتی کاک قوباد کە جێگری سەرۆکی حکومەتە کەم دەبێتەوە، بۆیە پێناچێ یەکێتی بچێتە ژێر باری ئەم پێشنیازە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتیشی "کاک مەلا بەختیار و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەوەن یەکێتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ و دەرچەیەک بۆ ئەم دۆخە هەبێ، چونکە یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕێککەوتنی سیاسی هەیە".

بەڵام ئەمە قسەی کۆتایی یەکێتی نییە لەسەر وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

هەر لەوبارەوە عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم پێشنیازەی پارتی ڕاستە پێشکەش کراوە، بەڵام هێشتا ئەمە بیرۆکەیە و قسەی لەسەر دەکرێ و یەکێتیش قسەی کۆتایی لەسەر نەکردووە".

عەدنان موفتی پێیوایە سەردانی ئەمجارەی فوئاد حوسێن بۆ سلێمانی "واتە ئومێدێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان". چونکە "سەردانەکە خاڵی هاوبەش زیاتر دەکات".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت ڕووداوەکان بەخێرایی دێن و شەڕی مووسڵ و لەناوچوونی داعشمان لەپێشە، بۆیە دەبێ کورد خۆی کۆبکاتەوە. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "دەبێ کورد شاندێکی بەهێزی دانوستاندنی هەبێ بۆ بەغدا و دروستبوونی ئەم شاندە پێویستی بە ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردە".

گوتیشی "پارتی ئامادەیە گەرەنتی بدات بۆ گەڕانەوەی متمانە و چارەسەرکردنی کێشەکان".

قادر قادر، بەرپرسی دەزگای پێشمەرگەکانی ئەیلول کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، دوێنێ یەکشەممە لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی لای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوون. قادر قادر بە (ڕووداو)ی گوت "جگە لە مەسەلەی چارەسەرکردنی مووچەی پێشمەرگە دێرینەکان و پێشمەرگەی ئەیلول، کاک جەمیل هەورامی کە نوێنەری یەکێتی بوو لەو کۆبوونەوەیە داوای لە بارزانی کرد وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەرمیی زیاتر بنوێنێ لەپێناوی تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسیی ئێستا". قادر قادر ئەوەشیگوت "سەرۆک بارزانی گوتی ئامادەین بۆ هەموو ڕێگە چارەیەک و هەفتەی داهاتوو د.فوئاد دیسان سەردانی سلێمانی دەکات و دۆخەکە هەر چارەسەر دەبێ".

ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە بەشداری کۆبوونەوەی بارزانی بووە لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکان بە (ڕووداو)ی گوت "داوای چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی و یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردمان لە جەنابی کاک مەسعود کرد، ئەویش بەڵێنی پێداین هەرچی لەدەستبێت بیکات، بۆیە دەستپێشخەری کردووە و د.فوئاد حوسێنی بۆ سەردانیکردنی لایەنەکان ڕاسپاردووە، بەڵام کاک مەسعودیش ڕەخنە و گلەیی زۆری لەو دۆخە سیاسییە هەبوو، گلەیی زۆری لە حیزبەکان هەبوو، گلەیی لە یەکێتیش هەبوو".

ڕەهبەری سەید برایم زیاتر نێوەرۆکی کۆبوونەوەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "بارزانی کارتێرێک و 10 خولەک قسەی لەسەر دۆخی کوردستان کرد، گلەیی لەوە هەبوو بنەمای تەوافوقی سیاسی تێکدراوە. گلەیی لە یەکێتی هەبوو بەوەی هەموو هەنگاوەکانیان بە تەوافوق بووە، دەیگوت غیابی مام جەلال بۆشاییی زۆری دروستکردووە، ئەو هەرگیز ڕێگای بەو ڕووداوانە نەدەدا، هەر شتێک ڕوویبدابایە ڕاستەوخۆ بەیەکەوە چارەسەرمان دەکرد، ئێستا لەوەتەی ئەو نەخۆش کەوتووە، ئەرکمان قورس بووە".

### عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

### گفتوگۆ لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەکەین

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی:

### بۆ گەڕانەوەی متمانە پارتی ئامادەیە گەرەنتی بدات



## تاوەکو ئێستا بارزانی وەڵامی داوەتنامەکەی ئێرانی نەداوەتەوە

# شاندەکەی یەکێتی سێ پرس لەگەڵ ئێران تاوتوێ دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

یەکێتی وەڵامی داوەتنامەیەکی مانگێک لەوەوبەری تارانی داوەتەوە. بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی، دەستنیشانکراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی شاندێکی حیزبەکەی بکات بۆ تاران. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ "پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، دوای د.فوئاد مەعسوم لەگەڵ ئێرانییەکان قسەی لەسەر دەکرێ کە پێشتر بەرهەم ساڵح، نزیک بوو لەوەی وەریبگرێ".

دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری پێشووی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئێران بەرژەوەندی خۆی هەیە لە عێراق و ناوچەکە و کەم تا زۆری حیزبەکانیش پەیوەندییان لەگەڵ ئێران هەیە و گرنگە بەلایانەوە دۆستایەتیان هەبێ "لە عێراق و کوردستان ڕووداوی زۆر ڕوودەدەن، بەدەر لە گرتنەوەی مووسڵ، نێوانی شیعە و سوننە و کورد و پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ ئێران گرنگن و ئەو وڵاتە کاراکتەرێکی سەرەکییە لەو پرسانەدا و ئەو شاندە گفتوگۆی لە بارەوە دەکەن".

سۆفی باسی یەکێکی دیکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆی شاندی یەکێتی لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی دەکات کە ڕێککەوتننامەی واژۆکراوی حیزبەکەیەتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان "بە دڵنیاییەوە ڕێککەوتننامەی نێوان گۆڕان و یەکێتی بایەخی هەیە بەلای ئێرانەوە و یەکێکە لەو پرسانەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ". هەروەها دەڵێ "ئێران دەیەوێ بزانێ ئەو ڕێککەوتننامەیە دەتوانرێ تاچەند لەسەر زەمینی واقیع جێبەجێ بکرێ، تاچەند ئێران دەتوانێ ڕۆڵی هەبێ لە ئاسانکردنی و بەشێک دەبێ لە گفتوگۆکان".

گۆڕان و یەکێتی لەسەر ئاستی پەرلەمان و پارێزگاکان فراکسیۆنی هاوبەش یان هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە، ئەگەر پێشتر بە تەنیا بووبن و جیاواز کاریان کردبێ، ئەو جارە پێکەوەن و هەوڵ دەدەن سیاسەتی ناتەبا لە نێوانیان نەیەتە ئاراوە. بەبڕوای دانا سەعید سۆفی، ئەوە یەکێکە لە گۆڕانکارییە گرنگەکان "ئەگەر پێشتر بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتننامەیان نەبووە و هەریەک دیدی جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئێران، ئێستا کە پێکەوەن لەوانەیە دیدێکی نوێیان هەبێ و ئەوەش باسی لێوە دەکرێ".

بەڵام هەر سەردانێکی فەرمی و نافەرمی یەکێتی بۆ تاران یان بە پێچەوانەوە، زۆرتر لە پەیوەندییەکانی هەر حیزبێکی کوردستانی لەگەڵ ئێرانییەکان چاوی لەسەرە. چونکە لەو دواییانەدا لەکاتی قوڵبوونەوەی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتیدا، بەرپرسانی ئێرانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک کە باڵەکانی دیکە ڕازی بن بەوەی دەسەڵاتی یەکەم لەنێوماڵی تاڵەبانی نەترازێت، زۆر لە سلێمانی مانەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەست (ڕووداو)کەوتوون، مانگێک لەمەوبەر ئێرانییەکان داوەتی یەکێتییان کردبوو بۆ تاران، بەڵام ئێستا یەکێتی بە سەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح و ئەندامێتی هەریەکە لە ئەرسەلان بایز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و و شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ و عەدنانی حەمەی مینا، ئەندامانی سەرکردایەتی، شاندێکی ناردووەتە تاران و بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2016/8/8 دیدار و کۆبونەوەکانیان دەستپێبکەن.

بەرپرسێکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت پێش ئەوەی کاک بەرهەم سەردانی ئەمریکا بکات، داوەتی ئێران کرابوو و سەردانەکەش بە ئاسایی دەزانێت و دەڵێت "ئێران وڵاتێکی زلهێزی ناوچەکەیە و لەگەڵ هەموو حیزبەکانی کوردستان گفتوگۆ دەکات تاوەکو بزانێ چی ڕوو دەدات و داهاتوو چۆن دەبێت" هەروەها دەڵێ "بێگومان دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی نێوان لایەنەکان و گفتوگۆی کورد لەگەڵ بەغدا و سەردانی مالیکی بۆ سلێمانی قسەیان لەسەر دەکرێ".

ئێران لە هەرێمی کوردستان، ڕکابەرایەتییەکی توندی تورکیا دەکات لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی، ماوەیەکە یەکێتی بەهۆی نزیکبوونەوە لە گۆڕان، زۆرتر وەک ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت مامەڵە دەکات، هەرچەندە دەستبەرداری حکومەت و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیشی نەبووە، بەڵام ئێران خوازیارە هاوکات یەکێتی بەشێکی کارا بێت لە دەسەڵاتی بڕیاردان و حکومەت. چونکە نایەوێت تورکیا بەهۆی نزیکایەتی لە پارتی ببێتە یاریکەری سەرەکی لە باشووری کوردستان.

ئەو بەرپرسەی یەکێتی دەڵێ پرسی زۆر گرنگ هەن "پەیوەندی کورد بە عێراق و مەسەلەی حەیدەر عەبادی و مالکی و، بابەتی گرتنەوەی موسڵ و پەیوەست بوونەوە بە ناوەند". گوتیشی "کاک بەرهەم لەوانە نییە کە حەزی بە پەیوەستبوون بە عێراقەوە هەبێ، بەڵام لەلایەکی دیکە چاویشی لەوەیە کە دوای د.فوئاد مەعسوم کاندید بێ بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، هەرچەندە من پێموانییە جارێکی دیکە کورد ئەو پۆستە وەربگرێتەوە".

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران کە بەشداری کۆبوونەوەکان دەبێ، دەڵێ کۆبوونەوەکان ئەمڕۆ دووشەممە دەستپێدەکەن و هێشتا ڕوون نییە لەگەڵ کێ دیداریان دەبێت و پرسە سەرەکییەکان چی دەبن "بەڵام باسی بابەتی ئیداریی و دارایی و سەربازی لەگەڵ شاندی حکومەت باس دەکرێ، نەک شاندێکی حیزبی". گوتیشی سەردانی یەکێتی بۆ ئێران ئاساییە "شاندی یەکێتی دوای شاندی هەموو لایەنەکان هاتوونەتە ئێران، لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا حیزب نەماوە لە کوردستان سەردانی ئێرانی نەکردبێ".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، ڕەتیدەکاتەوە باسی کێشەی نێوخۆیی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران بکرێ "ئەوە چی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە".

ناوەڕاستی مانگی ئایاری ئەمساڵ وەزیری ئیتلاعاتی ئێران سەردانی پیرمامی کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان، سەرۆکی حکومەت کۆبووەوە، هەرچەندە بە فەرمی داوەتنامەی کۆماری ئیسلامی پێشکەش بە بارزانی کرا بۆ ئەوەی سەردانی تاران بکات، بەڵام بارزانی تاوەکو ئێستا سەردانەکەی نەکردووە.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەڵێ جگە لە وەزیری ئیتلاعات، دواتر کونسوڵی ئێران بەهەمانشێوە بارزانییان داوەت کردووە و ئەوکات وا باسکرا کە دوای ڕەمەزان هەماهەنگی بکرێ بۆ سەردانی جەنابی کاک مەسعود "بەڵام من وەک نوێنەری حکومەت، تاوەکو ئێستا ئاگادار نەکراومەتەوە لە هاتنی کاک مەسعود، تاوەکو ئێستا دیار نییە و وەڵام نییە کە دێت یان نا".



## سۆسیالیست بەنیازی گۆڕانکارییە

**رووداو- سلێمانی**

بەختیار کەریم، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2016/7/30 سەرکردایەتییان کۆبووەتەوە و بڕیاردراوە بە گۆڕانکاری لە هەندێک پۆستەکان و بەستنی کۆنگرەی حەوتەمیان. بەختیار گوتی "لەو کۆبوونەوەیەدا داوای کاتمان کرد بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو گۆڕانکارییانە و بڕیارە رۆژی 2016/8/20 بۆ تاوتوێکردنی گۆڕانکاری لە پۆستی ئەو دەزگایانەی پێویستییان بە گۆڕانکارییە، کۆببینەوە، هەر لەکۆبوونەوەی داهاتووشدا تاوتوێی بەستنی کۆنگرەی حەوتەم دەکەین کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە دواکەوتووە". ئەمڕۆ دووشەممە 8ی ئاب 40 بەسەر دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان تێدەپەڕێت.

# دوو کۆمپانیای راوێژکاری بۆ باشترکردنی کارەبا لە کوردستان

**شارەزایەکی کارەبا:** کارەبا بدرێتە کەرتی تایبەت، نرخەکەی بەرز دەبێتەوە

**گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا:** بەدڵنیاییەوە نرخەکەی دادەبەزێت

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی سەرقاڵی گواستنەوەی کارەبایە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت. شارەزایەکی بواری کارەبا و پەرلەمانتارێک پێیانوایە لەو پرۆسەیەدا نرخی کارەبا بەرزتر دەبێتەوە، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت "بەدڵنیاییەوە نرخەکە دادەبەزێت و بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرات سوودی هەیە".

بۆ دابینکردنی کارەبای هەرێمی کوردستان جگە لە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان، چوار کۆمپانیا کارەبا بەرهەم دێنن و حکومەتیش ئەرکی دابەشکردن و کۆکردنەوەی داهاتی لە ئەستۆیە، بەڵام پلانی حکومەت ئەوەیە دابەشکردن و کۆکردنەوەی داهاتیش بداتە کەرتی تایبەت.

محەممەد ئەمین هەورامانی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشتر بەشی بەرهەمهێنان درایە کەرتی تایبەت و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڵام ئێستا دابەشکردنەکە گرفتە، چونکە بە جۆرێک فراوان بووە نزیکەی ملیۆنێک و 385 هەزار بەشداربووی کارەبا هەیە و زیاتریش دەبێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیی جیهان سەرقاڵی چاکسازین لە بواری کارەبادا، بۆ ئەو مەبەستەش دوو کۆمپانیای راوێژکاری هێنراونەتە کوردستان.

هەورامانی گوتی "ئەو دوو کۆمپانیایە یەکێکیان تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی بەکارهێنانی کارەبا و ئەوەی دیکەش لە بواری دابەشکردنی کارەبایە، راوێژکارانی بانکی نێودەوڵەتیی جیهان سەرپەرشتیان دەکەن".

بە گوتەی بەرپرسەکەی وەزارەتی کارەبا، لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا ئەو کۆمپانیایانە راپۆرتەکانیان تەواو دەکەن و پێشکەشی حکومەتی دەکەن، دواتر دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە تائێستا گرێبەست لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکدا نەکراوە، بەڵام دڵنیایی لە بەشداربوونی کۆمپانیا نێوخۆییەکان دا.

هەورامانی گوتی "لە دوو مانگی داهاتوودا ئەو کۆمپانیایانە راپۆرتەکانیان تەواو دەکەن و بەدڵنیاییشەوە پرۆژەکە بە کۆمپانیا نێوخۆییەکان دەکرێت، بەڵام رەنگە پێویستی بە تەکنەلۆژیای نوێش هەبێت و لەو کاتەدا کۆمپانیاکان لەسەر ئاستی راوێژکار پێویستیان بە کۆمپانیای نێودەوڵەتی دەبێت".

شارەزایەکی بواری کارەبا بە گوتەی زیاتر لە 10 ساڵە لەو بوارەدا کاریکردووە و نەیویست ناوی بهێندرێت، پێدانی کارەبای بە کەرتی تایبەت بەلاوە سەیرە و بە (رووداو)ی گوت "باشە حکومەت کە کارەبا دەداتە کەرتی تایبەت، ئەی چەند ساڵە حکومەت چی کردووە و بۆچی نەیتوانیوە ئەو کەرتە باش بکات".

هەورامانی وەڵامی هەیە و گوتی "لەساڵی 2008دا 400 میگاواتمان هەبووە کە 200 میگاواتمان لە بەنداوەکانی دەربەندیخان و دوکان وەردەگرت، ئەوەی دیکەش لە حکومەت هاتووە، ئێستاش خۆمان بە تێکڕایی نزیکەی 2900 میگاوات کارەبا بەرهەم دێنین، جگە لەوەش زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەمان و پەنابەرمان بۆ هاتووە، کارەبا بە شارەکانی کەرکووک و بەشێکی مووسڵ و خانەقینیش دەدەین".

ئێستا نرخی یەک کیلۆوات کارەبا لەسەر حکومەت نزیکەی 200 دینار دەکەوێت، حکومەتیش بە 15 دینار دەیداتە هاووڵاتیان، بەڵام بۆ شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان جیاوازترە.

شارەزاکەی کارەبا ترسی هەیە کە لەو پرۆژەیەدا نرخی کارەبا لەسەر هاووڵاتیان گران بکرێت و گوتی "100% نرخەکەی لە ئێستا گرانتر دەبێت، چونکە سروشتیی کەرتی تایبەت بەو شێوەیەیە کە ئەوەش لە زیانی هاووڵاتیانە".

فایەق مستەفا، ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت، لەبەرئەوەی ئەو پرۆژەیە کارێکی گەورەیە پێویستە رکابەری ئازاد لەنێوان کۆمپانیاکان لەبەرچاو بگیرێت و نرخ لەسەر هاووڵاتیان زیاد نەکرێت، بەڵام ترسی لە زیادبوونی نرخی کارەبا هەیە و گوتی "ترسەکە لەوەیە زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان حیزبین و ئەو پرۆژەیەش بکەوێتە دەست کۆمپانیا حیزبییەکان ئەو کاتە بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەبێت و رەنگە نرخەکە بەرزتر ببێتەوە".

وەزارەتی کارەبا بۆ ئەو پرۆژەیە داوای لە کۆمپانیای ماس گروپ (وەکو گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کارەبا) و چەند کۆمپانیایەکی دیکەش کردووە. ئازاد مستەفا بەڕێوەبەری رێپێدراوی ماس گروپ بە (رووداو)ی راگەیاند، جگە لە خۆیان، کۆمپانیایەکی دیکەش بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە ئامادەییان هەیە و گوتی "ئەگەر ئێمە بیکەین، دەبێت پێوەری زیرەک لەسەر محاویلەکان و ماڵان دابنێین، شارەکانیش دەکەینە چەند ناوچەیەک، پرۆژەکەش لە کاتی دەستپێکردنی تاوەکو تەواوبوونی نزیکەی دوو ساڵی دەوێت".

ئەو کۆمپانیایە کە بەرهەمهێنەری کارەباشن، گرفتیان پارەی بەرهەمهێنانیان وەکو قەرز کەوتووەتە لای حکومەت، بەڵام وەکو ئازاد گوتی "لایەنێکی باشی بۆ ئێمە ئەوەیە ئەو پارەیەی لە کاتی بەرهەمهێنانی کارەبادا وەکو قەرز دەکەوێتە لای حکومەت، ئەگەر حکومەت رێگە بدات، لەو کاتەدا دەتوانین خۆمان کۆی بکەینەوە و بەشێک لەو قەرزەمان بۆ دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش کارەبای زیادە بە هەدەر ناڕوات".

سەبارەت بە بەرزکردنەوەی نرخی کارەباش، ئازاد گوتی "نرخەکە لەلایەن حکومەتەوە دادەنرێت، بەڵام ئەگەر حکومەت پاڵپشتی دارایی‌مان لەسەر هەڵبگرێت نرخ بەرز دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەمپێرێک کارەبای ئێستا 10 هەزار دینار لەسەر حکومەت بکەوێت، حکومەت کە دەیداتەوە بە خەڵک بە سێ تا چوار هەزار دەیدات و ئەو حەوت هەزارە حکومەت پاڵپشتی دەدات، بۆیە ئەگەر ئەو پشتگیرییە بمێنێت نرخ گران نابێت، بەڵام ئەگەر حکومەت بە کۆمپانیاکە بڵێت خۆتان کارەباکە بفرۆشن و خۆی لێی دەربچێت، بێگومان نرخ بەرز دەبێتەوە".

بەرپرسەکەی کارەبا ترسی بەرزبوونەوەی نرخی رەواندەوە و گوتی "کۆمپانیای جێبەجێکار ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی نرخ دیاری بکات، بەڵکو حکومەت مەرجیان لەسەر دادەنێت، وەکو چۆن سووتەمەنی دەداتە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان، بەو شێوەیە کۆمپانیاکانی دابەشکردنیش، ئامێرەکانی حکومەت بەکاردێنن".

هەروەها گوتی "ئێستا خەڵکانی کەمدەرامەت پارەی مۆلیدە و حکومەتیش دەدەن، بەڵام لەو کاتەدا تەنیا پارەی یەک کارەبا دەدات و دڵنیاین لەوەی نرخەکەشی کەمتر دەبێتەوە، دواتریش پارەی کۆکراوە هەمووی بۆ کۆمپانیاکان نییە، بەڵکو پارەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و کارمەندانی کارەباش لەوە دەدرێت".

هەورامانی بۆ جەختکردنەوە لە قسەکەی باسی کۆبوونەوەیەکی خۆیان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتیش لە کۆبوونەوەکەدا بووە و گوتی "لە کۆبوونەوەیەکدا ئەو پرسیارەم کرد کە هیوادارین کۆمپانیای جۆراوجۆر بێنە پێشەوە، بەرپرسانی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڵێنیان داوە پرۆسەکە شەفاف بێت و رکابەری تێدەکەوێت".

بەهۆی دابیننەکردنی کارەبا لەلایەن وەزارەتی کارەباوە، مۆلیدەی ئەهلیش هاوکاری حکومەت دەکات، بەڵام وەکو گوتەبێژەکەی کارەبا روونیکردەوە، ئامانجیان لەو پرۆژەیە دابینکردنی کارەبای 24 کاژێرییە و گوتی "ئەو پرۆسەیەش درێژخایەنە و هەمیشە مۆلیدەکانیش بۆ حاڵەتی کتوپڕ سوودی لێوەردەگیرێت".

ئەگەر کارەبا بدرێتە کەرتی، چارەنووسی کارمەندانی کارەبا چی بەسەر دێت؟ هەورامانی گوتی "هیچ فەرمانگەیەکمان داناخرێ، بەڵکو مەرجێکمان ئەوەیە کارمەندە شارەزاکانمان کۆمپانیاکە کاریان پێبکات و ئەو کارمەندانەی دیکەشمان کە دەیانەوێت دەتوانن لەگەڵ کۆمپانیاکان کار بکەن، هەندێکی دیکەشیان خۆمان پێویستمان پێیان دەبێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ناوەندی توێژینەوەی کارنیجی:**

# ئێران دەیەوێ رێگا بازرگانییەکانی لە کوردستانەوە بگوازێتەوە باشووری عێراق

رووداو- هەولێر

هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و فراوانبوونەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەم گرووپە هەڕەشەی لەسەر رێگە بازرگانییەکانی نێوان ئێران و عێراق دروست کرد. بازاڕەکانی عێراق لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا بەڕووی کاڵا ئێرانییەکاندا کراوەبوون، لە کاتێکدا کە زۆربەی بازاڕەکانی جیهان بەڕووی ئێراندا داخرابوون.

بە گوێرەی ژمارەکانی رێکخرای پەرەپێدانی بازرگانی ئێران، قەبارەی هەناردەی نانەوتیی تاران بۆ بەغدا 2.3 ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی 2015دا بۆ 6.2 ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە.

جیا لەمە دەرکەوتنی داعش کۆمەڵێک دەرفەتی نوێشی بۆ بازرگانە ئێرانییەکان کردووەتەوە، لە کاتێکدا پەیوەندییە بازرگانی و دیپلۆماتیکەکانی عێراق لەگەڵ دراوسێکانی دیکەی لاواز بووە و ئامادەیی سەربازیی ئێرانیش لە عێراق دەکرێت کەناڵی نوێی بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا بکاتەوە.

دوای ئەوەی لە ساڵی 2012دا سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکان لەسەر کەرتی نەوتی ئێران قورستر کران، عەلی ئەکبەر خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، بنەماکانی "ئابووریی خۆڕاگریی" خستەڕوو کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بریتی بوو لە پەرەپێدانی هەناردەی نانەوتی و کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئێران بە ئابووریی نەوت. بۆ ئەم مەبەستە عێراق بژارەیەکی نموونەیی بووە، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە دراوسێی ئێرانە و لەلایەکی دیکەشەوە زۆرینەی دانیشتووانی باشووری ئەم وڵاتە عەرەبی شیعەن، هەر بۆیە دەیتوانی قورسایی سزا نێودەڵەتییەکان لەسەر ئێران کەم بکاتەوە.

ئێران ناوچەی بازرگانیی ئازادی لە پارێزگای خوزستان لە باشووری رۆژئاوای ئێران کردەوە. بە نیازە قەبارەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە چەند ساڵی داهاتوودا بگەیەنێتە 25 ملیار دۆلار.

بازرگانیی نانەوتیی نێوان ئێران و عێراق هەتا کۆتایی 2015ش هەر لە گەشەکردندا بوو، ئەگەرچی خێرایی گەشەکردنەکەی کەم ببووەوە. لە کاتی هێرشەکانی داعش بەشێک لە سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق پچڕان، ئەمەش لە قازانجی ئێران بوو، چونکە کاڵا ئێرانییەکان دەیانتوانی شوێنی کاڵا تورکییەکان بگرنەوە. جودا لەمە، گرژیی پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ ئەنقەرە و ریازیش لە قازانجی تاران بوو.

بەڵام هاوردەکردنی کاڵا ئێرانییەکانیش مەترسیی جیۆپۆلیتیکیان لەسەر بووە. زۆربەی هاوردەکردنی کاڵا ئێرانییەکان بۆ بازاڕەکانی عێراق لە رێگەی حەوت خاڵی سنووریی باکوورەوەیە، بە جۆرێک کە 80%ی کۆی کاڵا نانەوتییەکانی ئێران بۆ عێراق لەڕێگەی ئەو خاڵە سنوورییانەوە دەکرێ.

مەهدی نەجاتی نیا، گوتەبێژی نووسینگەی کاروباری عێراق لە رێکخراوی پەرەپێدانی بازرگانیی ئێران دەڵێت، لە کۆی 4.5 ملیار دۆلار بەهای هەناردەکردنی کاڵا ئێرانییەکان بۆ عێراق، 3.5 ملیار دۆلاری لە رێگەی خاڵی سنووریی پەروێزخانەوە بووە.

لە سەرەتای هێرشەکانی داعش بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم خاڵە سنوورییە مەترسیی گەورەی لەسەر بوو، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەی ئابووری بوو بۆ تاران. هەر بۆیە هاوکارییەکانی ئێران بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە قۆناغی بەرایی هێرشەکانی داعشدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ ئەوە نەبوو هەڕەشەی ئەمنی لەسەر سنوورەکانی خۆی دووربخاتەوە، بەڵکو بەشێکی بەرچاوی بۆ پاراستنی ئەو خاڵە سنوورییە بوو.

ئێران ئێستا سەرنجێکی زیاتری خستووەتە سەر رێگە بازرگانییەکانی باشوور. بەڵام لەو رووەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان رێگەی سەرەکیی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات بووە، هەر بۆیە لە باشووری عێراق کۆگای تایبەت بە راگرتنی ئەو کاڵایانە بەپێی پێویست نین و پێویستە بەر لە زیادکردنی قەبارەی هەناردەکردن لەم خاڵە سنوورییانەوە، بیر لە دروستکردنی کۆگا بکرێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش بڕی بازرگانیی ئێران و عێراق لە خاڵی سنووریی شەلەمچە_بەسرە لە ئاداری 2015ەوە بۆ ئاداری 2016 هەتا ملیارێک دۆلار بەرزبووەتەوە، لە کاتێکدا کۆی هەناردەکاریی ئێران بۆ عێراق لە هەمان ماوەدا 6.2 ملیار دۆلار بووە. پێدەچێت ئەولەویەتی بڕیاردەرانی سیاسەتی بازرگانیی ئێران ئەوە بێت رێگە بازرگانییەکانیان لەگەڵ عێراق زیاتر بکەن.

بەدەر لەمە، بەڵێندەرە ئێرانییەکانیش چاویان لەوەیە لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقی پاش داعشدا پشکی شێریان بەربکەوێت، بەو پێیەی ئێران لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش هاوکاریی سەربازیی بەرچاوی پێشکەش بە حەشدی شەعبی کردووە، بەڵام ئەمەشیان پەیوەستە بەوەی پێکهاتەی سیاسی شیعەکانی عێراق لە چەند ساڵی داهاتوودا چی بەسەر دێت.

شەهلا ئەموری، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەهواز، نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەوەی حکومەتی عێراق لە مانگی حوزەیرانی 2016ەوە بەهای گومرکی سەر هەندێک لە کاڵاکانی سێ هێندە کردووە، بە تایبەتیش کەرەستەکانی بیناسازی، ئەمەش وای کردووە قەبارەی هەناردەی ئێران بۆ عێراق دابەزێت.

چیمەنتۆ یەکێکە لەو کاڵایانەی رێوشوێنی توندی لەسەر دانراوە. پێشتر لە ساڵانی 2013 و 2015 حکومەتی عێراق لە پێناو بەرگریکردن لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی لە دوو بڕیاری جودادا هاوردەکردنی چیمەنتۆی لە ئێرانەوە راگرت. ئەگەرچی ئەم دوو بڕیارە بەهۆی ناکۆکی سیاسی و گەندەڵییەوە هیچکات بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراون.

کاروباری کەرتی بیناسازی لە ئێران کزبووە، هەر ئەمەش وای کردووە بەرهەمهێنەرانی چیمەنتۆ روو لە بازاڕەکانی عێراق بکەن، بەڵام بەهۆی رێوشوێنە نوێیەکانی حکومەتی عێراق، ئاستی هەناردەکردنی چیمەنتۆ لە ئێران لە ساڵی 2015 بەڕێژەی 20% دابەزیوە.

بە گوتەی عەبدولڕەزاق شەیخان، ئەمینداری ئەنجوومەنی بەرهەمهێنەرانی چیمەنتۆ لە ئێران، 70%ی کۆی هەناردەکردنی چیمەنتۆی ئێران لە نێوان ئاداری 2014 بۆ ئاداری 2016 بۆ عێراق بووە. عێراق ساڵانە بەرەوڕووی هەشت ملیۆن تۆن کورتهێنانی چیمەنتۆ دەبێتەوە.

لە لایەکەوە عێراق رێوشوێنی گومرکی توندتری لەسەر کاڵا ئێرانییەکان داناوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئاستی هەناردەکردنی کاڵاکان لە ئێرانەوە بۆ عێراق لە مانگی ئادارەوە بۆ حوزەیران بە رێژەی 6% گەشەی کردووە. ئێران لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا رایگەیاند زۆنی ئازادی بازرگانیی شەلەمچە دەکەنەوە، ئەم زۆنەش بەشێک دەبێت لە زۆنێکی بەرفراوانتر بە ناوی زۆنی بازرگانیی ئازادی ئەروەند، لە هەمانکاتیشدا ئێرانییەکان خەریکی لۆبیکردنن بۆ ئەوەی رێوشوێنە گومرگییەکان لەسەر کاڵا ئێرانییەکان سووکتر بکرێن.

عێراقێکی سەقامگیر نەک هەر دەسەڵاتێکی ئابووریی زیاتر بەسەر بازاڕەکانی عێراق بە ئێران دەبەخشێت، بەڵکو دەشێت ببێتە رێگەیەکی پارێزراویش بۆ گواستنەوەی کاڵاکانی ئێران بۆ سووریای پاش قەیرانەکان. لاوازبوونی کەرتی پیشەسازیی عێراق و سووریا دەتوانێت زمینەیەک بێت بۆ گەشەسەندنی ئابووریی نانەوتیی ئێران.

**هاوکاریی ئێران بۆ پێشمەرگە لەپێناوی پاراستنی مەرزی پەروێزخان بووە**

## عەگید جڤیان، فەرماندارى گشتیی HPG لە شنگال بۆ (ڕووداو):

# ئێمە یەبەشە پەروەردە دەکەین و حکومەتی عێراقیش پارەیان دەداتێ

پێش شـەڕی داعش گەریلاکانی پەکەکە لە چیای شنگال بوون، دەڵێن پێشبینی هاتنی داعشیان کردبوو بۆ ناوچەکە. ئێستا دوو ساڵ بەسەر شەڕی داعشدا تێپەڕی، شنگال و دەوروبەری بەسەر دوو هێزدا دابەش بووە: پەکەکە و پارتی. ناوچەیەکی پڕ لە بازگەی پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤان. فەرماندەکانی پەکەکە کاتێ باسی شەڕی داعش لە شـنگال دەکەن دەڵێن "گەریلا و پێشمەرگە لەیەک سەنگەردا شەڕی داعشیان کردووە". لە بازگەی کەرسـێ کە مەزارێکی گەورەی شەهیدانی شەڕڤانانی سەر بە پەکەکەی لێیە، فەرمانداری گشتیی پەکەکە لە شنگال عەگید جڤیان کە بە هەڤاڵ عەگید ناسراوە، چاوەڕێمان بوو بۆ سازدانی ئەم هەڤپەیڤینە کە لەڕێیەوە هەندێ پەیامی تایبەتی قەندیلی گەیاندە سـەری رەش و مەبەستیان بوو لەم کاتەدا ئەو پەیامە بە پارتی بگەیێنن. هەڤاڵ عەگید دەڵێت "لەگەڵ پارتی ئامادەین لەسەر هەموو شتێک گفتوگۆ بکەین".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو – چیای شنگال


(فۆتۆ: ساڵح قادر)

**ڕووداو: پەکەکـە چەندی دیکـە لە چیای شنگال دەمێنێتەوە؟**

**عەگید جڤیان:** هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە هاتین بۆ شنگال بۆ پاراستنی گەلی خۆمان، ئـەو پرسـیارەمان لێدەکـرێ: پەکەکە کەی شـنگال جێدەهێڵێـت؟ هێشـتا نەمانگوتبوو مەرحەبـا. هەر لەسـەرەتاوە بەڕێوەبەرایەتی ئێمە ئاشـکرای کردووە کـە هاتنی گەریلا بۆ رزگارکردنی شـنگالە لەدەستی داعش. ئێمە هاتووین بۆ پاڵپشـتیی باشـووری کوردستان و گەلی خۆمان، لەسـەر ئەو بنەمایە هاتووین بۆ ئێرە. دوو ساڵ بەسەر کارەساتی شنگالدا تێپەڕیـن، تاوەکـو ئێسـتا 215 گەریـلا و شـەڕڤانمان لێـرە شـەهیدبوونە و یادیـان دەکەینەوە. هەروەها یادی ئەو پێشمەرگانەش دەکەینـەوە کـە لێـرە شـەهید بـوون. ئەو ئێزدییانەش کە لێرە شەهید بوون. دیسانەوە وەڵامـی ئێمـە بۆ پرسـیارەکەتان ئەوەیە کە دەمانەوێ شـنگال بە تەواوی رزگار بکەین و گەلی ئێزدی کە لەدەستی داعشدا ماون رزگار بکەین. ئێسـتاش لەسـەر قسـەی خۆمانین. ئێمە لێرە نیوەی ئەرکی خۆمان تەواوکردووە کە رزگارکردنی شـنگال و باکووری شنگال و شوێنەکانی دیکە بووە، بەڵام بەشێک ماوە و دەمانەوێ تـەواوی بکەین. پارتیش بەردەوام لـە ئێمە دەپرسـێ کە ئایا کەی لە شـنگال دەڕۆیـن؟ کـەی تـەواوی شـنگال رزگار کرا و کـچ و ئافرەتـی ئێزدی لە دەسـتی داعش رزگاریان بوو، ئەوکات گفتوگۆ لەسەر مانەوە یان نەمانەوەمان لە شـنگال دەکەین. هاتنی ئێمە بۆ شـنگال بە ئامانجی سیاسی نەبووە، راسـتە هەر حیزبێک سیاسـەتی خۆی هەیە، بـەڵام هاتنی خۆمان بۆ مەبەسـتی سیاسـی بەکارنەهێنـاوە، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای ئەخلاقی و مرۆڤایەتـی و نەتەوەیی هاتووین و ئێسـتاش لەسەر قسـەی خۆمانین و گەلی ئێمەش با هیچ دوودڵییەکیان نەبێ.

### قایمقامی شنگال بە موخاتەبی خۆمان نازانین

### ئێمە لە شنگال تەنیا لەگەڵ پێشمەرگە گفتوگۆ دەکەین

### هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پارتی پێمان دەڵێت کەی لە شنگال دەردەچن

### دوای ئازادکردنی تەواوی شنگال گفتوگۆ لەسەر کشانەوەی پەکەکە دەکەین

### کوردی ئێزدی ناتوانن خۆیان بپارێزن

### قایمقامی شنگال تەنیا لەسەر تەلەڤزیۆن دەبینین

**ڕووداو: ئەگەر ڕوونتر بڵێین ئەگەر شنگال رزگار بوو، گفتوگۆی ئێوە لەسەر مانەوە یان ڕۆیشتنەوە دەبێ؟**

**عەگیـد جڤیـان:** ئێمـە دەڵێیـن گفتوگۆ دەکەین، کۆمەڵگەی ئێزدی وەکو کۆمەڵگەی گشتیی کوردسـتان نییە، بەتایبەت لە رووی ئاینییـەوە جیـاوازە. تاوەکـو ئێسـتا 73 فەرمانیان بەسـەردا هاتـووە و لەوانەش 65 فەرمـان لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە بـووە، ئەوانـی دیکـە کـوردی سـوننە و عـەرەب کردوویانـە و دواییینیشـیان داعـش بـووە. بەداخەوە تاوەکو ئێسـتا ئێزدییەکان ناتوانن پارێـزگاری لـە خۆیـان بکەن. بـەردەوام وا راهاتبـوون کە پاراسـتنی خۆیان بە هێزێکی دیکـە بسـپێرن. ئەم ناوچەیە بـۆ ماوەیەکی درێژ لە دەست عوسـمانییەکاندا بووە، بەڵام 65 فەرمانیـان بەرامبەریـان ئەنجامـداوە. ئەوەی ئێمە داوا دەکەین: ئێزدییەکان خۆیان خۆیان بپارێزن، با پەکەکە و پارتی و یەنەکە نەبێ.

**ڕووداو: پەکەکە هێزی (یەپەشـە)ی لەنێو کوردی ئێزدی دروسـتکردووە، فەرماندەیی پێشـمەرگەی شـنگالیش لەلایـەن پارتـی دروستکراوە و هەردوو لایەن ئێزدین، ئەو دوو گرووپە ناتوانن کوردی ئێزدی بپارێزن؟**

**عەگیـد جڤیـان:** بەڵـێ بـەش دەکات، با یەکبگـرن، یەپەشـە و فەرماندەیی شـنگال کـە زۆربەیـان ئێزدیـن یەکێکیـان سـەر بە پارتییـە و ئـەوی دیکـە لەسـەر پەکەکـە هەژمـار دەکـرێ. ئێمە نکۆڵی لـەوە ناکەین یەپەشـە لەسەر دەسـتی ئێمە پەروەردەیان وەرگرتـووە و پێکـەوە شـەڕمان کـردووە، ئەوانیـش بیرکردنەوەی سـەرۆک ئاپۆ قبوڵ دەکەن. با یەپەشـە و پێشـمەگەری شنگال بیرکردنەوەی جیاوازیان هەبێ، بەڵام با لەژێر یەک چەتردا خەبات بکەن، چونکە سیاسەتی هاوبەشیان هەیە ئەویش ئێزدیاتییە و هەموو جڤاکی ئێزدی دەڵێـن ئێزیدخان، ئێزیدخـان کە ناسـنامەی ئێزدییەکانە. بۆیە بۆ مەسـەلەی مانەوە و نەمانـەوەی پەکەکە لـە شـنگال لەگـەڵ پارتـی و سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش قسەمان کردووە. ئێمە نـەک تەنیا بۆ مەسـەلەی شـنگال بەڵکو بۆ تەواوی مەسەلەکان ئامادەین گفتوگۆ بکەین، بـەڵام بـە داخەوە هێشـتا باش لـە پەکەکە تێنەگەیشتوون.

**ڕووداو: وەڵامـی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان چـی بـووە لەسـەر ئـەوەی کە پەکەکـە ئامادەیـە لەسـەر هەمـوو شـتێک گفتوگۆ بکات؟**

**عەگید جڤیان:** لەسەر ئاستی باڵا دوو جار هەڤدیتن هەبووە و نیەتی باش هەبوون، بەڵام هەڤدیتنـەکان بـەردەوام نەبـوون، دەوڵەتی تورکیا و هێزی دەرەوە دەستیان تێوەرداوە. ئێسـتا لەسەر ئاسـتی پێشـمەرگە کەسانی وا هـەن لەگـەڵ نزیکبوونـەوەن، وا نییە کە پێشـمەرگە دەیەوێ شـەڕ بـکات، بێگومان هەنـدێ جـار و بگـرە ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆشـی روودەدەن و ئەگـەر ئێمـە بـەدوای ئەنجامی ئەو هەڵسـوکەوتانە هەنگاومان بهاوێشـتایە، شـتی نەخوازراو دروست دەبوون، بەڵام ئێمە لایەنگـری دانوسـتاندنین و نامانەوێ کێشـە دروست ببێ.

**ڕووداو: پەکەکـە ئامادەیـە لەگـەڵ سـەرکردایەتیی پارتی دەست بە دانوستاندن بکات؟**

**عەگیـد جڤیـان:** بـۆ هەمـوو کێشـەکانی کوردسـتان، شـنگال، ڕۆژئـاوا، باشـووری کوردسـتان، باکووری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لەسـەر هەموو کێشـەیەک وەکو پەکەکـە ئێمە ئامادەین لەگـەڵ هەموو هێزە سیاسـییەکانی کوردسـتان و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەگەڵ پارتی گفتوگۆ بکەین، بەرژەوەنـدی گەلـی کورد چی بـێ و ئەوەی لە ئێمە داوابکرێ ئامادەین. نموونەش هەیە، سـەرۆک ئاپۆ بە ئاشکرا داوای کرد کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسـترێ و لایەنە سیاسـییەکانی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان پێکـەوە کۆببنەوە، پێشـنیازی کرد مەسـعود بارزانی ببێتە سـەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی، پەکەکە ئەمە رەتناکاتەوە.

**ڕووداو: چۆن دەڕواننە داهاتووی شـنگال، خەڵکـی شـنگال لەبـەر پەکەکـە و پارتـی ناگەڕێنـەوە و بارزانیـش گوتوویەتـی بـا شـنگالێکی نوێ ئاوەدان بکرێتەوە، شنگالی ئێستا ببێ بە نموونە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟**

**عەگید جڤیان:** بە دوو تێڕوانین تەماشـای داوای بارزانـی دەکەین. لەلایەک لە شـنگال زۆر خەڵک شـەهید بوون، 11 مانگ شـنگال لەدەسـت داعشـدا بوو، بە دەیان پێشمەرگە و شـەڕڤان و جەنـگاوەری ئێـزدی شـەهید بـوون. گەریـلا و پێشـمەرگە لەپـاڵ یەکدی لە یەک سـەنگەردا شـەڕیان کردووە، کاتێک پێشـمەرگەیەک شـەهید دەبـوو، گەریـلا نەیدەگوت ئەمە پێشـمەرگەیە یان کە گەریلا شـەهید دەبـوو، بەهەمانشـێوە پێشـمەرگە نەیدەگـوت ئەمـە گەریلایە، ئـەو ڕۆحەی لە سەنگەری شنگالدا هەبوو ڕۆحێکی نەتەوەیی بوو لەنێوان پێشـمەرگە و گەریلا، بەڕاستیش هەر وابوو. ئێمەش لەگەڵ پێشنیازی بارزانین کـە شـنگال ببێتـە بـە سـیمبولی یەکێتیی نەتەوەیـی کـورد کـە سـەرباری جیاوازیـی بیرکردنـەوە، بـەڵام یەکەمجارە هەسـتی نەتەوەیـی بەهێـز بـووە. دووەم: داعـش شـنگالی تێکـدا بـا بمێنێ. ئێمـە ناڵێین لە شـنگال بە تەنیـا پەکەکە شـەڕی کردووە، وەکو پێشـمەرگە کە بەداخـەوە دەڵێن بەس ئێمـە شـەڕمان کـردووە. من پێشـنیازم بۆ سەرکردایەتی پەکەکە کردووە، شنگالی کۆن کە شـەڕێکی زۆرمـان تێدا کـردووە، بکرێتە مۆزەخانەیـەک، هەروەها قەڵای شـنگال کە پێشمەرگە لەوێ شەڕێکی زۆری کرد، ئەویش ببێ بە مۆزەخانە. شنگالی ئێستا وەکو خۆی بمێنێتـەوە، شـنگالێکی دیکە لەسـەر چیای شـنگال دروسـتبکرێ. ئەوکات هـەر هێزێک دەیەوێ هێرش بکات با بیکات.

### لەسەر مان و نەمانی پەکەکە لە شنگال لەگەڵ پارتی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش قسەمان کردووە

### سەرۆک ئاپۆ بەئاشکرا گوتی مەسعود بارزانی ببێ بە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی و پەکەکەش ئەمە ڕەتناکاتەوە

### لەگەڵ پێشنیازی بارزانین شنگال وەک خۆی بمێنێ و شنگالێکی نوێ دروست بکرێ.

**ڕووداو: حکومەتـی عێراق دەڵێ هاوکاریی مـاددی و مووچـەی مانگانـە و بگـرە چەک و تەقەمەنـی بۆ یەبەشـە دەنێـرێ؟ ئایا ئەو یارمەتییە چەندە و چۆنە؟**

**عەگید جڤیـان:** راسـتە حکومەتی عێراق یارمەتـی دەنێرێ، بەڵام بـۆ پەکەکە نییە بۆ یەپەشـەیە. عێراق قانونی خـۆی هەیە، کێ بـۆ خاکی عێـراق شـەڕبکات پـارە دەدەن، یەپەشـە لە دەوڵەتی عێـراق یارمەتی دارایی وەردەگـرن، ئەویش هەندێـک مانگ دەیدەن و هەندێـک مانگ نـادرێ و هەندێک مانگیش کەمی دەکەنەوە، بەڵام هیچ جۆرە چەکێکیان لە حکومەتی عێراق وەرنەگرتووە.

**ڕووداو: پەکەکـە وەکو هێزێک لە شـنگال هەیـە، قایمقامیەتی شـنگالیش هەیە، ئەوان گلەیـی دەکـەن کـە پەکەکـە ئیعتـراف بە ئیدارەی شنگال ناکات، بۆچی؟**

**عەگیـد جڤیان:** ئێمـە قایمقامی شـنگال تەنیا لەسـەر تەلەڤزیۆن دەبینین، ئەوەندەی لەسـەر تەلەڤزیۆن دەردەکـەوێ با ڕۆژێکیش بێتـە لای ئێمە. کاتی خۆی لە 2014 گوندی بارێ (ڕۆژهەڵاتی شنگال) لەلایەن گەریلاکانی پەکەکەوە کۆنترۆڵ کرا. کەچی مەحما خەلیل هاتە سـەر تەلەڤزیـۆن و گوتی ئێمە بارێمان گرت. قایمقام با لەگەڵ یەپەشـە دانوستاندن بـکات، قایمقام موخاتەبی ئێمە نییە لەگەڵی دابنیشـین. ئێمـە لێـرە لەگەڵ پێشـمەرگە دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەین.

**ڕووداو: پەکەکە لەگەڵ پرۆسـەی ئاشتییە لە تورکیا؟**

**عەگید جڤیان:** لە نەورۆزی 1993 سەرۆک ئاپـۆ رایگەیانـد کە ئامادەیە لەگـەڵ تورکیا پرسـی کورد بە رێگـەی دیالۆگ چارەسـەر بکات. قسـەی هـەرە کۆتایی سـەرۆکایەتی پەکەکـە ئەوەیـە تاوەکو 100 سـاڵی دیکە لەگـەڵ تورکیـا شـەڕ بکەیـن کۆتایـی هەر ئاشتی دەبێ. فەلسەفەی پەکەکە فەلسەفەی سەرۆک ئاپۆیە. ئێستاش مامەڵەی زۆر خراپ لەگەڵ سـەرۆک ئاپـۆ دەکرێ، بـەڵام ئەگەر لەگـەڵ سـەرۆک ئاپۆ دەسـت بـە هەڤدیتن بکرێتەوە دیسان سەرۆک داوا دەکات کێشەی کورد لەڕێگەی ئاشتی چارسەر بکرێ. چونکە لـە دنیادا ئەوەی زیاتر داوا دەکات کە شـەڕ بوەسـتێ، ئەوانەن کە شەڕ دەکەن، جگە لە داعـش کە مرۆڤ نین. ئێمـەش داوا دەکەین شەڕ بوەستێ، بەڵام ناکرێ دوژمنت بڵێ نابێ بوونت هەبێ.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە ( 419 ) - دووشەممە 2016/8/8



## ئێران زانایەکی کورد لە سێدارە دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

زانایەکی ئەتۆمی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران کاریکردووە، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لەسێدارەدرا. شەهرام ئەمیری لە مانگی ئایاری 2009 لەکاتی سەفەری حەج لە سعودیە بێسەروشوێن بوو. لە حوزەیرانی 2010 خۆی بە نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ئەمریکا ناساند، دواتر گەڕێندرایەوە ئێران. لەکاتی گەڕانەوەدا ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئێران لە فڕۆکەخانە پێشوازیان لێکرد، بەڵام دواتر دەستگیرکرا و بە 10 ساڵ بەندکردن و دوورخرانەوە بۆ پارێزگای بەلوچستان سزادرا. بنەماڵەکەی دەڵێن ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 2016/8/3، لە شوێنێکی نادیار لەسێدارەدراوە.

# کێ پرۆسەی چارەسەریی لە جەیلان پنار کوشت؟

**ڕووداو- هەولێر**



دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کوشتنی دوو پۆلیسی هێزی تایبەتی تورکیا لە شارۆچکەی جەیلان پنار لە 22ی تەممووزی 2015دا کە بووە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاماژەکانی تێوەگلانی بزووتنەوەی گولەن لە کوشتنی ئەو دوو پۆلیسە خەریکە دەردەکەون. پارێزەری یەکێک لەوانەی لەسەر ئەو دۆسیە دەستگیرکراوە دەڵێت "هەر لەسەرەتاوە گومان لە هێزێکی نێودەوڵەتی دەکرا. ئەگەر گولەنیەکان ئەو کارەیان کردبێ، بەدووری نازانم دەست بە پرۆسەی چارەسەری بکرێتەوە".

ڕۆژی 22ی تەممووزی 2015 دوو پۆلیسی تورکیا لە ناوچەی جەیلان پنار کوژران. ڕۆژی دواتر ئاژانسی هەواڵی فوراتی سەر بە پەکەکە، بە هەواڵێک بەنزینی بەسەر ئاگرەکەدا کرد کاتێک ڕایگەیاند "تیمێکی فیدایی ئاپۆچی، لە تۆڵەی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی پڕسوس، کاژێر شەشی سەرلەبەیانی، لە جەیلان پنار دوو پۆلیسیان بە سزا گەیاند کە هەماهەنگییان لەگەڵ چەتەکانی داعش دەکرد".

هەرچەندە پەکەکە بە فەرمی لە 26ی تەمموز نکۆڵی لەوە کرد کە ئەو کارەی کردبێ، بەڵام هەواڵەکەی فورات بەس بوو بۆ ئەوەی لەباربردنی پرۆسەی چارەسەری و دەستپێکردنەوەی شەڕ بخرێتە ئەستۆی پەکەکە.

دوای ڕووداوەکە، جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیان لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان بۆردومان کرد کە پێشتر بەهۆی دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەری ماوەیەکی درێژ بوو ئەو ناوچەیە تۆپباران نەکرابوو.

لە مەراسیمی ناردنەوەی تەرمی دوو پۆلیسەکەدا بۆ زێدی خۆیان، ئەیوب پناریباشین بەڕێوەبەری ئەمنیەتی ڕوها گوتی "ئەو هێرشە لەلایەن دەوڵەتی پاڕالێل کراوە، مەبەستەکەش تێکدانی پرۆسەی چارەسەرییە". بەڵام قسەکانی ئەو بەرپرسە ئەمنیە هیچ بایەخێکیان نەبوو، چونکە دەوڵەت و پەکەکە سووربوون لەسەر دەستپێکردنەوەی شەڕ.

دەستگیرکردنی 29 پۆلیس و دادوەرێک بەناوی (نورەدین بولوت) لە جەیلان پنار لە چوارچێوەی هەڵمەتی دەستگیرکردنی لایەنگر و ئەندامانی بزووتنەوەی گولەن دوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەمموز لە تورکیا، بووە سەرەتایەک بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی هێرشەکەی 22ی تەمموز و بکەرەکانی.

دادوەر نورەدین بولوت، بەرپرسی لێکۆڵینەوە بووە لە کوشتنی دوو پۆلیسەکە، دوای ڕووداوەکە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ حەوت کەس دەرکردبوو. دوای دەستگیرکردنی بولوت بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، داواکاری گشتیی دۆسیەی کوشتنی دوو پۆلیسەکە لە شوێنی بولوت دەبێتە دادوەر و جارێکی دیکە دۆسیەی کوشتنی ئەو دوو پۆلیسە دەبێتەوە ڕۆژەڤ.

پارێزەر حوسێن ئاکای، پارێزەری سەدات ئایدن کە لەو دۆسیەدا بە تۆمەتباری سەرەکی دەناسرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "هەر لە سەرەتاوە گومانمان هەبوو کە ئەو کارە لەلایەن هێزێکی نێودەوڵەتی کرابێ، گومانم لە میت و جەماعەتی گولەن هەبوو، زیاتر گومانم لە میت دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لە تورکیا کەس ناوێرێ بڵێ میت ئەو کارەی کردووە، بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگی لە دۆسیەکە کرا".

بۆچی پەکەکە ڕۆژی دواتر بەرپرسیارێتی خۆی لە کردەوەکە ڕاگەیاند؟ ئاکای دەڵێت "میت دزەی کردووەتە نێو پەکەکە، ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک لەوانەی دزەیان کردووە، سەر بە گولەن بن. دووریش نییە گولەنیەکان کۆدی شفرەکانی ئەو ئاژانسەیان شکاندبێ. یان لە ڕێگای هاککردن ئەو هەواڵەیان بڵاوکردبێتەوە. لە یەکەمین ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەدا ئاماژەیەکی لەو شێوەیە هەبوو". حوسێن بەدووری زانی پەکەکە بتوانێت لەو شوێنە دوو پۆلیس بکوژێ.

ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی باکووری کوردستان کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لێکدانەوەکەی حوسێن ئاکای پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "زانیارییەکانم پشتڕاستی دەکەنەوە کە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی دوو پۆلیس لە جەیلان پنار لەلایەن تیمێکی ئاپۆچی، بەهەمان ئەو شێوەیە بووە کە کۆنووسی دانیشتنی پەکەکە – میت لە ئۆسلۆ لە 13ی نیسانی 2011 لە ئاژانسی هەواڵی دیجلە بڵاوکرایەوە".

حوسێن ئاماژە بەو وردەکاریانە دەکات کە وا دەکەن گومان لە بوونی دەستێکی نێو دەوڵەتی لە پشت هێرشەکە بکەن. ئەو دەڵێت "داواکاری گشتی لەیەکەم ڕۆژەوە ڕێگای لێگرتین بەڵگەکان کۆبکەینەوە. هەروەها زیاتر لە نۆ مانگ لێکۆڵینەوەکان نهێنی بوون، دوای ئەوەی سەردانی دادگای دەستووریمان کرد، ئەو نهێنییە نەما، دوای هەڵگرتنی نهێنی بینیمان داواکاری گشتی چەندین بەڵگەی فەرامۆش کردووە، ڕاپۆرتی چاودێریی تەلەفۆنیان لەنێوبردووە. بە فەرمانی دادوەر نەبێ نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆی نەبووە لێکۆڵینەوە بکات. دوای لەناوبردنی هەموو بەڵگەکان سیناریۆیەکیان داڕشتووە".

دەستگیرکردنی دادوەری لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەو دوو پۆلیسە بە تۆمەتی ئەوەی دەستی هەبووە لە کودەتاکەی 15ی تەممووزدا، وای لە حوسێن کردووە بگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو دوو پۆلیسە لەلایەن جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەنەوە کوژرابن.

عەبدولڕەحیم ئایدن، برای تاوانبار سەدات ئایدن، ڕەتیکردەوە براکەی دەستی لەو تاوانەدا هەبێت و پێیوایە جەماعەتی گولەن ئەو دوو پۆلیسەیان کوشتووە. عەبدولڕەحیم گوتی "لە پشکنینی ماڵەکەماندا هیچ شتێک نەدۆزرایەوە. کاتێک براکەم و ئەوانەی دیکەیان بردە هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ڕوها، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ نەیانهێشت کەس بیانبینێ. دوای 15 ڕۆژ مانەوە لە ڕوها ڕەوانەی گرتووخانەی عوسمانیە کران. کاتێک دەبردرێنە گرتووخانەی عوسمانیە زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن".

عەبدولڕەحیم ئایدن کە ڕۆژنامەنووسە و بەفریلانس کاردەکات، دەڵێت ئەویش بە ئاگری براکەی سووتاوە "کارتی کاری ڕۆژنامەنووسییان لێ وەرگرتمەوە، برایەکی دیکەم کە لە کەمپی پەنابەرانی سووریا کاری دەکرد، لەکارەکەی دوورخرایەوە".

عەبدولڕەحیم ئایدن زۆر لەوە دڵنیایە کە جەماعەتی گولەن لە پشت هێرشەکە و تاوانبارکردنی براکەیەوەن. ئایدن ئاماژە بە توران ناوێک دەکات کە لە تەلەفۆنێکی گشتییەوە هەواڵی لە سەدات داوە و بە کوشتنی دوو پۆلیسەکە تاوانباری کردووە و دەڵێت "ڕەمەزان بەشکات برای توران بە تۆمەتی ئەندامێتی جەماعەت دەستگیرکراوە. هەروەها مەدحەت بەشکات کە برای گەورەی تورانە و بەرپرسی گولەنییەکانە لە ڕوها، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام خۆی شاردووەتەوە".

لەدوای کودەتای 15ی تەمموز و دەستپێکردنی هەڵمەتی دەستگیرکردنی لایەنگرانی گولەن لەناو دەزگاکانی دەوڵەت، ئاماژە بە چەند هەوڵێکی جەماعەت بۆ تێکدانی پرۆسەی چارەسەری دەکرێت. ڕۆژی 23ی مانگی ڕابردوو بەرات ئالبایراق، وەزیری وزە و سامانە سرووشتییەکانی تورکیا ڕایگەیاند کە جەماعەتی گولەن لە پشت بۆردومانی کۆڵبەرانی گوندی ڕۆبۆسکێ بوون. ئاشکرابوونی ئەو ڕووداوانە پێدەچێ کاریگەری لەسەر دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد هەبێت.

# کورد لەپشتی بەپارێزگاکردنی گەڤەر و جەزیرەوە "نیازی خراپ" دەبینن

**ڕووداو — هەولێر**

دانیشتووانی گەڤەر و جزیرە لە باکووری کوردستان خۆشحاڵن کە شارۆچکەکەیان دەبنە پارێزگا، ئەوە لەوکاتەی کە هەردوو شاری هەکاری و شرنەخ دەبنەوە بە شارۆچکە.

ڕۆژی دووی ئەم مانگە پەرلەمانی تورکیا پرۆژە یاسایەکی ئاکپارتی بۆ بە پارێزگاکردنی هەردوو شارۆچکەی جزیرە و گەڤەر لە باکووری کوردستان پەسەند کرد. بە گوێرەی یاساکە هەردوو پارێزگای هەکاری و شرنەخ دەکرێنەوە شارۆچکە و ناوەکانیشیان بۆ جۆلەمێرگ و نوح دەگۆڕدرێت.

دۆسیەی بەپارێزگاکردنی ئەو دوو شارۆچکەیە و بچووککردنەوەی هەکاری و شرنەخ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە 20ی تەممووزی ڕابردوو تاوتوێ کراوە و سوپا و حکومەت لەسەری ڕێکەوتوون. پاشان گرووپی ئاکپارتی لە پەرلەمان کردی بە پرۆژە یاسا.

دەرکردنی ئەم بڕیارە لەناوەند و بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە، کاردانەوەی پارتی دیموکراتی گەلانی لێکەوتەوە. ئیدریس بالوکەن، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا ڕەخنەی لەو بڕیارە گرت و گوتی "ئەوە بڕیارێکی نادیموکراتییە، چونکە پرس بە خەڵکی ناوچەکە نەکراوە. بە پارێزگاکردنی گەڤەر و جەزیرە بۆ بووژانەوەی ئەو دوو شارە نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ئەمنی و سەربازییە".

شەڕنەخ لە ساڵی 1927ەوە شارەوانی هەیە و لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە شاری سێرت بوو، بەڵام لە 16ی ئاداری 1990 لە سەردەمی تورگوت ئۆزاڵ بە بڕیاری ژمارە 3647 لە سێرت جیاکرایەوە و بووە 73یەمین پارێزگای تورکیا. هەروەها هەرسێ شارۆچکەی جزیرە، سلۆپی و هەزخ لە ماردین جیاکرانەوە و خرانە سەر شڕنەخ. بەڵام ڕۆژی دووی ئەم مانگە ناسنامەی پارێزگا لە شڕنەخ سەنرایەوە و درایە جزیرە، هەروەها ناوەکەشی گۆڕدرا بۆ نوح.

پارێزەر عەبدوڵڵا ئێکنجی، بەرپرسی لقی مەزڵومدەر لە شڕنەخ کە خەڵکی جەزیرەیە، دەڵێت "26 ساڵ لەمەوبەر دەوڵەت بەشێوەیەکی بیرۆکراتیانە بڕیاری بەپارێزگاکردنی شڕنەخی دەرکرد، ئێستاش بەهەمانشێوە دیسان لەسەر مێز ناسنامەی پارێزگای لێ وەردەگرێتەوە".

لەو کاتەی لە ڕۆژئاوای تورکیا چەندین شارۆچکە چاوەڕێی بە پارێزگابوون دەکەن، بڕیاری حکومەتی تورکیا بۆ بەپارێزگاکردنی ئەو دوو شارۆچکەیە کە ناوەندی سەرەکیی شەڕی خەندەق و کۆڵانەکان بوون لە نێوان سوپای تورکیا و گەنجانی پەکەکە، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. بەتایبەتی جەزیرە کە ناوەندێکی مێژوویی بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری بووە و دەکەوێتە ناوچەیەکی جوگرافیی نزیک لە ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان.

ڕۆژنامەنووس مەحموود بۆزئەرسلان بە پارێزگاکردنی جەزیرە و بچووککردنەوەی شڕنەخ بۆ شارۆچکە بە لۆژیکی سەربازی و ئەمنیانەی دەوڵەتی تورکیاوە دەبەستێتەوە. مەحموود بە (ڕووداو)ی گوت "هۆکاری سەرەکی لەپشت بەپارێزگاکردنی جەزیرە ئەمنییە. لەبەر ئەوەی جوگرافیای شڕناخ شاخاویە، هێزەکانی ئاسایش بە ئاسانی ناتوانن هاتوچۆ بکەن. بەهۆی پێویستی، بەر لە 26 ساڵ کرایە شار، بەڵام کە شڕنەخ کرایە پارێزگا مەترسی سووریا لە ئارادانەبوو. بە پارێزگاکردنی جەزیرە لەدوو لاوە سوود بە دەوڵەت دەگەیەنێ: یەکەم بەهۆی هەڕەشەکانی سووریا و عێراق. جزیرە تەختاییە، لەسەر ڕێگای وشکانیە، نزیکە لە فڕۆکەخانە و لەبەر ئەمانە بایەخی زیاترە. ناوچە شاخاوییەکانی شڕنەخ بۆ پەکەکە بە سوودن".

ناکۆکیی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی جزیرە و شڕنەخ ڕەگێکی قووڵی هەیە. خەڵکی جەزیرە، شڕنەخییەکان بەدواکەوتوو ناودەبەن، خۆیان بە نوێنەر و ناوەندی شارستانێتی ناوچەکە دەزانن، بۆیە بە پارێزگاکردنی جەزیرە و بە شارۆچکەکردنەوەی شڕنەخ جارێکی دیکە ئەو ناکۆکیانە زیندوو دەکاتەوە.

پارێزەر عەبدوڵڵا ئێکنجی بە پارێزگاکردنی جەزیرە بە "بڕیارێکی دادپەروەرانە" لە قەڵەم دەدات و دەڵێت "لە سەدەکانی پێشوودا جەزیرە ناوەندی ئیداریی ناوچەکە بووە. ئێستا هەزخ، سلۆپی و جزیرە بۆ واژۆیەک چەندین کیلۆمەتر دەبڕن و دەچنە شڕنەخ". هەروەها دەڵێت "پێموایە ئێستا دادپەروەری بەدەستهاتووە. شڕنەخ نە وەک شار نە وەک جوگرافیا لەو سێ شوێنە پێشکەوتووتر نییە، جگە لەوەش ژمارەی دانیشتووانی جەزیرە گەیشتووەتە 150 هەزار کەس و بە قایمقام بەڕێوەناچێت". ئەو پارێزەرە داوا لە شڕنەخییەکان دەکات لۆمەی جزیرییەکان نەکەن، چونکە بڕیارەکە لەسەر داوای ئەوان نەدراوە.

بەڵام عوسمان گەلیش، سەرۆکی ژووری پیشەسازیی شڕنەخ نیگەرانە لە بچووککردنەوەی شڕنەخ و دەڵێت "ئەو بڕیارە کە لە ناوەند دەرکراوە، مەینەتیی شڕنەخیەکان زیاتر دەکات".

فەرهاد ئەنجو، پەرلەمانتاری شرنەخ لەسەر لیستی هەدەپە بە (ڕووداو)ی گوت، ئەوان تەنیا لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە سەیری مەسەلەکە دەکەن "جزیرە لە مێژووی کوردستاندا بووەتە ناوەندێکی بەرخودان، دەوڵەت بە لۆژیکی سەربازی دەخوازێ ئەو ناوەندە لەنێو ببات. بڕیاری بەپارێزگاکردنی جەزیرە بۆ بووژانەوەی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەدراوە. لەهەمانکاتدا دەوڵەت دەخوازێ بە بچووککردنەوەی شڕنەخ، سزای شڕنەخییەکان بدات، پێیان دەڵێت ئێوە بێوەفان لەبەرامبەر دەوڵەت".

هەکاری (جۆلەمێرگ) بەر لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا پایەختی چەندین میرنشین بووە، مێژووی بە پارێزگاکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش کۆماری تورکیا. بەگوێرەی ئاماری ساڵی 2015 ژمارەی دانیشتووانەکەی 278 هەزار کەس بووە. هەرچی گەڤەرە لە ساڵی 1939 کراوەتەوە شارۆچکە. لە ساڵی 2014 ژمارەی دانیشتووانی 18 هەزار کەس بووە. گەڤەر دەکەوێتە سەر سێگۆشەی سنووری تورکیا، ئێران و هەرێمی کوردستان.

مەحمود بۆزئەرسلان، هەڵبژاردنی گەڤەر بۆ بەپارێزگاکردن وەکو جزیرە بە لۆژیکی سەربازیانەی دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت "ڕێگای گەیشتن بە جۆلەمێرگ زەحمەتترین ڕێگایە لە تورکیا، یەکێکە لەو شوێنانەی کە پەکەکە تێیدا زۆر بەهێزە. دەوڵەت بۆ ئەوەی هەستەکان بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە ئەو دوو شارۆچکەیەی کردە شار".

زەکی دارا، ڕۆژنامەنووسێکی گەڤەریە و دانیشتووی جۆلەمێرگە، لەبارەی بە پارێزگاکردنی گەڤەر و بچووککردنەوەی جۆلەمێرگ بە (ڕووداو)ی گوت "نەخشەی ئەو پرۆژەیە چەندین ساڵە کێشراوە، بیر لە کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکانی ئێران و کوردستان کراوەتەوە. مەبەستەکە ئەمنییە نەک بووژاندنەوە".



ڕووداو
ژمارە ( 419 ) - دووشەممە 2016/8/8

گولەن "لەبەر کوردبوون" ئامادە نەبووە نورسی ببینێ

# گولەن کار لەسەر منداڵی سیاسەتڤانانی کورد دەکات

## شرۆڤەکارێکی کورد:

## خوێندن لە قوتابخانەکانی گولەن، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر داهاتووی کوردستان



بزووتنەوەی گولەن لە ڕێگای فێرکاری، میدیا، خزمەتگوزاری و بانگخوازی و داراییەوە ریشەی خۆی لە هەرێمی کوردستان داکوتاوە

ڕووداو – هەولێر

تا دێت لێکەوتەکانی کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەممووزی ڕابردوو لە تورکیا زۆرتر دەبن و سەرلەبەری ناوچەکە بەر کاریگەرییەکانی دەکەون، بەدیاریکراویش باکوور و باشووری کوردستان کە ڕاستەوخۆ کاریگەرن بەو ڕووداوانە و لەسەر لێکەوتەکانی گفتوگۆ دەکرێت و ڕۆژەڤی سیاسی دروست دەکات. بەتایبەتی لەم کاتەدا کە دامەزراوە فێرکارییەکانی سەر بە بزووتنەوەی گولەن وەکو لایەنێکی ململانێ توندەکەی ناوخۆی تورکیا، لەبەردەم هەڕەشەی داخستندان.

بزووتنەوەی گولەن، لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، وەکو ڕێکخراوێکی دژ بە هەڵکشانی کۆمۆنیزم لە ئەرزڕوم سەرهەڵدەدات، دواتر بە تێپەڕبوونی کات گەورە دەبێت و لە بواری پەروەردەدا بەرفراوان دەبێت، بزووتنەوەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە شارەکانی باکووری کوردستاندا ڕەگ دادەکوتێ و دامودەزگا فێرخوازییەکانی لە دەیەی نەوەتی سەدەی ڕابردوودا دەگەنە هەرێمی کوردستانیش.

### ئامادە نەبوو نورسی ببینێ

هەرچەندە گولەنییەکان خۆیان بە درێژەپێدەری ڕێبازی نورسی دەزانن کە زانای کورد سەعید نورسی (بەدیعولزەمان) ڕابەرایەتی کردووە، بەڵام فەتحوڵڵا گولەن لەبەرئەوەی کە نورسی کورد بووە، ئامادە نەبووە سەردانی بکات.

گولەن لە دووی ئاداری 1992دا، لە زنجیرەیەک چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی زەمانی زمانحاڵی بزووتنەوەکەی لەژێر ناوی دونیای بچووکم (Küçük Dünyam) ، باسی ئەوە دەکات کە بۆچی سەعید نورسی لە نزیکەوە نەبینیوە.

ڕۆژنامەکە لە فەتحوڵڵا گولەن دەپرسێت: "ئێوە دوای ئەوەی بە بەدیعولزەمان ئاشنا بوون، ئەو زیاتر لە دوو ساڵی دیکە ژیا، بۆچی لەو ماوەیەدا سەردانتان نەکرد؟". فەتحوڵڵا گولەن لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: "هەموو ئەرزڕومییەک هەر لە لەدایکبوونییەوە نەتەوەپەرستە و کەمێک تورکپەرستە. ئەو بۆچوون و عەقڵیەتە بەهۆی کاریگەریی ژینگەوە لەسەر منیش هەبووە. پاشان ئەو بۆچوونە نەما، بەڵام ئەوەم کردە کێشە کە ئەو خەڵکی ئانادۆڵ نییە، ئەو بۆچوونە لە ناخمدا بووە گرێیەک. ئیدی ئەوە بووە ڕێگر کە چاوم بە بەدیعولزەمان نەکەوێت".

گولەن بەگێڕانەوەی خەونێک پۆزش بۆ هەڵوێستەکەی دەهێنێتەوە و دەڵێت "پاشان خەونێک وەک شمشێر ئەو بۆچوونەی بڕی و نەیهێشت، بەڵام لەو کاتەدا بەدیعولزەمان کۆچی دوایی کردبوو. ئەو خەونەی بینیم بەو شێوەیە بوو: لە خەونمدا لە زەوییەکی دیکە بووم، لەپڕ دەوروبەرم چۆڵ بوو، من بە تەنیا مامەوە. حەزرەتی عەلی و بەدیعولزەمانم بینی. حەزرەتی عەلی کاغەزێکی نووسراوی بەدەستەوە بوو دایە دەست بەدیعولزەمان. کاتێ بە خەبەر هاتم ئەو بۆچوون و هەستەی پێشتر هەمبوو، نەمابوو".

چاوپێکەوتنەکەی گولەن لە ڕۆژنامەی زەماندا، بە تایبەتی ئەو بەشەی باسی هۆکاری نەبینینی سەعید نورسی دەکات، کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بۆیە کاتێک چاوپێکەوتنەکە لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوکرایەوە، ئەو پرسیارە و وەڵامەکەی لێ دەرهێنرابوو.

### "ئایدیۆلۆژیای گولەن و دەوڵەت یەکە"

گولەنیەکان کە بە بزاڤی خزمەت دەناسرێن، لە باکووری کوردستان بێت یان هەرێمی کوردستان، خۆیان وا نیشان دەدەن کە دژی مافەکانی کورد نین، بەڵام ئەو کوردانەی لە نزیکەوە ئەم بزووتنەوەیە دەناسن، لەم هەڵوێستە بەگومانن و زۆرتر لەسەر ئەو باوەڕەن کە بیرکردنەوەی گولەنیەکان لەبارەی کوردەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت.

نووسەر و شرۆڤەکاری کورد کەمال سوبحانداغ دەڵێت، ڕەنگە تێڕوانینی فەتحوڵڵا گولەن دەقاودەق وەکو ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت نەبێ "ئەوان بەوجۆرە نکۆڵی لە کورد ناکەن کە بڵێن کورد تورکن، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکیشیان نییە لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت کە دەڵێت (کورد تورکن). واتە نکۆڵی لە بوونی کورد ناکەن، بەڵام هیچ پرۆژەیەکیشیان بۆ چارەسەری پرسی کورد نییە".

هەر لەوبارەوە نووسەری کورد حەسەن ئۆزگونەش، دەڵێت بۆچوونی گولەن لەگەڵ بۆچوونی دەوڵەت لەبارەی کورد تەنیا لە شێوەدا جیاوازی هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر یەکن. ئۆزگونەش بە (ڕووداو)ی گوت "دەوڵەت ڕاستەوخۆ نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد لە تورکیا دەکات، بەڵام بزووتنەوەی گولەن لەژێر ناوی برایەتیی ئایینی دەڵێت سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامە حەرامە، مەترسیدارە بۆ سەر ئایین، بەو گوتارە دەخوازێ کورد هەڵخەڵەتێنێ".

### پرۆژەی گولەن لە باکووری کوردستان

بزووتنەوەی گولەن و دامەزراوە فێرکارییەکانی سنوورەکانی تورکیایان بڕیوە و لە چەندین وڵات و کیشوەری جیاواز پرۆژە و قوتابخانەیان هەیە، بەڵام گرنگییەکی تایبەت بە دوو پارچەی باکوور و باشووری کوردستان دەدەن، بۆیە زۆر کەس گومان لەوە دەکەن کە لەپشت ئەو بزووتنەوەیەوە ئەجێندایەکی سیاسی هەیە.

شرۆڤەکار و توێژەر دەنیز چیفتچی، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی میزۆپۆتامیا دەڵێت "هەرچەندە جەماعەتی گولەن پێکهاتەیەکە سنوورەکانی تێپەڕاندووە، بەڵام سەبارەت بە کورد سیاسەتێکی زۆر تایبەت پەیڕەو دەکات. ئەمە پەیوەستە بە پێکهاتەی تورک – ئیسلامیی جەماعەت. بۆ سەرکەوتنی ئەو مۆدێلە لە تورکیا پێویستە ناوەڕۆکی ناسنامەی ئەتنیکی کورد بەتاڵ بکرێتەوە".

سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی بزووتنەوەی گولەن لە باکووری کوردستان، چیفتچی دەڵێت "کاتێک دەوڵەت هەستی بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی گولەن لە توانەوەی کورد لەنێو بۆتەی تورک – ئیسلام کرد، هەموو دەرگاکانی لە کوردستان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی گولەن کردەوە. جەماعەتی هاندا تاوەکو زیاتر خۆی لەنێو کورددا ڕێکبخات".

ئەمڕۆ لە باکووری کوردستان، بە هەزاران منداڵی کورد لە قوتابخانەکانی گولەندا دەخوێنن و لە ماڵەکانی ئەواندا کە بۆ قوتابیان تەرخانکراوە، دەمێننەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵانە پەیوەندیان لەگەڵ زمان، کولتوور، کۆمەڵگا و بگرە خێزانەکانیشیان لاواز بێ. لەمەشەوە بزووتنەوەی گولەن خۆی زۆر بەرفراوان کردووە.

دەنیز چیفتچی کە پێشتر قوتابیی یەکێک لە قوتابخانەکانی گولەن بووە، دەڵێت "جەماعەت دەرفەتی ماددی دەداتە منداڵە زیرەکە کوردەکان. لە تەمەنێکی بچووکدا ڕایاندەکێشنە نێو سیستەمی خۆیان و گرنگییەکی تایبەت بەو منداڵانە دەدەن. لە قۆناغەکانی دواتریش ئایین بەکاردێنن، بەو شێوەیە منداڵانی کورد لەناو جەماعەتدا دەتوێننەوە. کاتێک ئەو منداڵانە دەبنە ئەندامێکی جەماعەتی گولەن، ئەرکی گرنگیان پێدەدەن. دواتر جەماعەت بە ڕێگای کوردی نێو جەماعەت، کورد لە بۆتەی تورک – ئیسلامدا دەتوێننەوە".

چیفتچی باسی نفوزی گولەنییەکان لە باکووری کوردستان دەکات و دەڵێت "لە هەموو شارە کوردییەکاندا خۆیان ڕێکخستووە.

بەڵام جەماعەت بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی بەتایبەتی هەوڵی داوە لەو شارانە خۆی زیاتر ڕێکبخات کە ناسنامەی کورد تێیاندا زۆر بەهێزە. لەم ڕووەوە گرنگییەکی تایبەتی بە ئامەد و وان داوە. هەروەها بە شارەکانی وەکو ڕوها، بتلیس و چەولیک کە خەریکە هۆشیاریی کورد بە ناسنامەی خۆی بەهێز دەبێت".

چیفتچی کە لە ساڵی 2009دا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەبارەی چالاکییەکانی گولەن لە باکووری کوردستان کردووە، دەڵێت "ئەو کاتە تەنیا لە شاری وان نزیکەی 600 ماڵی خوێندکارانی سەر بە بزووتنەوەی گولەن هەبوو. لە ئامەدیش نزیکەی 3000 ماڵ هەبوو".

### گولەن و دژایەتیی PKK

لەدوای ساڵی 2009 جۆرێک لە گۆڕان بەسەر خیتابی بزووتنەوەی گولەندا بەرامبەر بە کورد هات، پێشتر بزووتنەوەی گولەن باسی کورد، مافەکانی کورد و زمان و کولتووری کوردی نەدەکرد، بەڵام لە دوای 2009 ئەم سیاسەتە گۆڕا، لەهەمانکاتدا داوای لە حکومەتی ئاکپارتیش دەکرد کە ڕیشەی پەکەکە هەڵبکێشێت. بزووتنەوەی گولەن بە ئاشکراکردنی گفتوگۆی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ پەکەکە تۆمەتبار دەکرێت کە لە ئۆسلۆ بەنهێنی بەڕێوەدەچوو، هەروەها تۆمەتبار دەکرێت بە دەستگیرکردنی زیاتر لە 8000 سیاسەتمەدار و شارەداری کورد لە باکووری کوردستان لەچوارچێوەی دۆسیەی (کەجەکە) پاش سەرکەوتنی بەدەپە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە بەهاری 2009دا.

شرۆڤەکار مامەند ڕۆژە پێیوایە تاوەکو پێش ساڵی 2013 بزووتنەوەی گولەن لەدژی ڕێککەوتنی تورکیا بوو لەگەڵ کورد "بزووتنەوەی گولەن وردەکاریی دانیشتنەکانی ئۆسلۆیان بڵاوکردەوە، دۆسیەی کەجەکەش هەر لەلایەن بزووتنەوەی گولەنەوە لە دەسەڵاتی دادوەریی تورکیا کرایەوە و زیاتر لە 5000 کەس ڕاپێچی زیندانەکان کران".

کەمال سوبحانداغ بەهەمانشێوە پێیوایە بزووتنەوەی گولەن لەژێر ناوی دوژمنایەتیکردنی پەکەکە لەدژی چارەسەری سیاسی کێشەی کورد وەستاوەتەوە "ئەوان دەیانگوت کێشەی پەکەکە و کێشەی کورد جیاوازە.

دەیانویست بە شەڕ کێشەی پەکەکە چارەسەر بکەن. لەم ڕووەوە بەتایبەتی وەعزی فەتحوڵڵا گولەن هەیە. یەکەمین ناکۆکییان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی ئاشکراکردنی گفتوگۆی ئۆسلۆ بوو. ئەوان دژی دانیشتن بوون لەگەڵ پەکەکە".

هەروەها دەنیز چیفتچی دەڵێت "پەکەکە بزووتنەوەیەکی چەکداریی مارکسی لینینیە، بۆیە لە ڕووی فیکرییەوە لەگەڵ جەماعەت دژ بەیەکە.

بەڵام دوژمنایەتی جەماعەت لەگەڵ پەکەکە قەبوڵی بکەین یان نا، بەهۆی کوردبوونی پەکەکەوە بوو. چونکە کوردبوونی پەکەکە لە نێوان کورد و جەماعەت دیوارێکی ئەستووری دروست کرد، ئاستەنگی خستە بەردەم جەماعەت و نەیدەهێشت بگەنە توێژێکی گرنگی کورد".

### پرۆژەی گولەن لە هەرێمی کوردستان

مەترسییەکانی جەماعەتی گولەن بۆ سەر کورد، تەنیا لە باکووری کوردستاندا سنووردار نییە، بەڵکو بەهۆی کردنەوەی چەندین قوتابخانە و پرۆژەی دیکەی بزووتنەوەی گولەن لە هەرێمی کوردستان، لەدوای ساڵی 1994ەوە، زۆر کەس پێیانوایە گولەن لەم پارچەیەی کوردستانیش کاری خۆی کردووە.

مامەند ڕۆژە لە ناوەندی توێژینەوەی (ڕووداو) دەڵێت "بزووتنەوەی گولەن لە ڕێگای فێرکاری، میدیا، خزمەتگوزاری و بانگخوازی و داراییەوە ریشەی داکوتاوە. بۆ هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوە دەدەن کەوا پەرە بە زمانی تورکی بدەن، دامودەزگای فێرخوازیی زیاتر بکەنەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی ستراتیژیی دوورمەودا کە بە نیازن کاریگەری لەسەر نەوەکانی ئایندە دابنێن".

ڕۆژە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت "جۆرێک لە تورکچێتیی نەرم لە ستراتیژی گولەندا هەیە.

تێکڕای سیاسەتی فێرکاری، دارایی و بانکیی ئەوان لە کوردستان لە پێناو دابینکردن و خزمەتکردن بە ستراتیژی تورکچێتیی نەرمدایە. لەڕووی سیاسییەوە ڕەنگە نەڵێن دژی کوردین، بەڵام بە کردەوە کاتێک لە پەکەکە دەدەن، بەشێوەیەک ڕووبەڕووی ئیرادەی گشتیی کورد دەبنەوە. دەیان ئەڵقەی تەلەفزیۆنییان بەرهەمهێنا کە وێنەی کەسێتی کوردیان بە تیرۆریست و پیاوکوژ دەچواند".

یەکێک لە خاڵە جیاوازەکانی سیاسەتی گولەن بۆ کارتێکردن لە کۆمەڵگای کوردی لە باکوور و هەرێمی کوردستان ئەوەیە، گولەنییەکان لە باکوور بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی خۆیان پشت بە منداڵانی چینی هەژاری کورد دەبەستن، بەڵام لە باشوور بە پێچەوانەوە پشت بە چینی پارەدار و توێژی سیاسیی کورد دەبەستن.

پرۆفیسۆر جەبار قادر، لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک نووسیویەتی "ژمارەیەکی زۆر ناوەند و دەزگای بازرگانی و فێرخوازیی تۆڕەکەی گولەن لە کوردستان چالاکن. ئەم ناوەندانە منداڵانی کورد لە ڕێگەی فێرکردنی زمانی تورکییەوە دەکەن بە تورکێکی ئیسلامی.

ئەمانە گرنگییەکی تایبەت دەدەن بە خوێندن و پەروەردە. ئەوان باش دەزانن لەو ڕێگەیەوە منداڵانی توێژی تازە دەوڵەمەندی گەمژەی کورد دەکەن بە تورک و وایان لێدەکەن لە کوردێتی خۆیان شەرم بکەن. ئەمانە بەشی ناوخۆیی فێرخوازانیان کردووەتەوە و بەپێی سیستەمێکی تایبەت دەیانبەن بەڕێوە و لە هەموو قوژبنێکیدا کولتووری تورکی دەبینرێت و بەپێی خوونەریتی تورکی، دەبێت فێرخوازەکان هەڵسوکەوت بکەن".

د.جەبار قادر لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت "ئەم سیستەمە قوتابخانەی دەڤشرمە (دێڤشرمە) و یەنیچەری (ئینکیشاری) بەبیر مرۆڤ دێنێتەوە، کاتێ منداڵانی کریستیانەکان کۆیلە دەکران و لە کەسوکاریان بەزۆر دادەبڕێنران و بە هەستی عوسمانچێتی و تورکچێتی و دڵسۆزیی بۆ سوڵتان پەروەردە دەکران".

دەنیز چیفتچی لەبارەی چالاکییەکانی گولەن لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "بزووتنەوەی گولەن لە کوردستان خۆی ڕێکخستووە. بەتایبەتی لەناو سەرمایەدارانی کورد، لەناو هەندێک دەزگای گرنگی میدیای کوردی، لەوەش گرنگتر ژمارەیەکی زۆر منداڵی سیاسەتمەدارانی کورد لەنێو قوتابخانەکانی گولەن دەخوێنن و گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدەن. خوێندنی منداڵی سیاسییەکانی کورد لە قوتابخانەکانی گولەن مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر داهاتووی کوردستان هەیە".



## بازاڕی خانوو و زەوی 50% زیادی کردووە

ڕووداو- هەولێر

خاوەنی نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی دەڵێن بازاڕی خانووبەرە جوڵەی تیکەوتووە و ئاستی کڕین و فرۆشتن بە نزیکەی لە 25% بەرزبووەتەوە. حاجی سەلام، خاوەن نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو زەوی لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت دەڵێت "ئەو جوڵەیە لە دوای مانگی پێنج دەستیپێکردووە، دەتوانم بڵێم بە ڕاددەی 50% جیاوازی هەیە، بەشێوەیەک ئەگەر پێشتر ڕۆژانە 10 کەس سەردانی کردبایێن ئێستا 20 کەس بۆ کڕین و فرۆشتن سەردانمان دەکات".

### شەش پڕۆژەی هەڵهێنەری جووجەڵە دادەخرێن

# جووجەڵەی قاچاخی ئێرانی بەرهەمی ناوخۆی بێ نرخ کردووە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی دابەزینی نرخی مریشکەوە، خواست لەسەر دانانی جووجەڵەی گۆشت لە پرۆژەکانی پەلەوەر کەم بووەتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرهەمی هەڵهێنەرەکان هەبووە و بەو هۆیەشەوە شەش پڕۆژە داخراون.

لە هەرێمی کوردستاندا 38 پڕۆژەی هەڵهێنەری جووجەڵەی گۆشت هەن کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە 198 ملیۆن جووجەڵە. ئەو پرۆژانە جووجەڵە بۆ کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت دابین دەکەن. بەشێکیشی بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1264 کێڵگەی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت لە هەرێمی کوردستان هەن کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەیان دەگاتە 120 هەزار تۆن گۆشت. ئەم بڕە بەشی پێویستیی نێوخۆیی ناکات، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی خواست لەسەر گۆشتی مریشک نەماوە و بەو هۆیەشەوە 35%ی کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر داخراون.

هەڵهێنەرەکانی جووجەڵەی گۆشت ئەگەر 100% کار بکەن، ساڵانە توانای دانانەوەی 198 ملیۆن و320 هەزار هێلکەیان هەیە کە نزیکەی 80%ی هێلکەکان دەبنە جووجەڵە و ئەوەش دەکاتە نزیکەی 150 ملیۆن جووجەڵە لە ساڵێکدا".

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی دابەزینی نرخی مریشک و گرفتی بەبازاڕکردن، خواست لەسەر دانانی جووجەڵەی گۆشت لە پرۆژەکانی پەلەوەر کەم بووە، بەو هۆیەشەوە شەش پرۆژە داخراون، بەرهەمی پرۆژەکانی دیکەش بە ڕێژەی 50% دابەزیوە".



هەڵهێنەرەکانی جووجەڵە لە کوردستان توانای هەڵهێنانی ساڵانەیان دەگاتە 150ملیۆن جوجەڵە

بەگوێرەی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، وزەی بەرهەمهێنانی هەڵهێنەرەکانی جووجەڵەی گۆشت دوو بەرامبەری پێویستی پرۆژەکانی بەخێوکردنی مریشکی گۆشتە لەهەرێمی کوردستان، بۆیە بەشێکی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "بەهۆی شەڕی داعشەوە خواست لەسەر جووجەڵەی پڕۆژەکانی کوردستان کەم بووە، بەڵام ئەوەی باری هەڵهێنەرەکانی کوردستانی زیاتر لاسەنگ کردووە بەقاچاخ هاوردەکردنی جووجەڵەی گۆشتە لە ئێرانەوە کە نرخی جووجەڵەی زۆر دابەزاندووە".

پڕۆژەی هەڵهێنەری کەیوان بۆ جووجەڵەی گۆشت یەکێکە لە پرۆژە گەورەکانی پارێزگای سلێمانی، وزەی بەرهەمهێنانی ساڵانەی دەگاتە 8 ملیۆن و 320 هەزار جووجەڵە، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی خواست لەسەر جووجەڵە، 50%ی بەرهەمەکەی کەمی کردووە.

فەخرەددین سەدرەددین، خاوەنی پڕۆژەکە بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی دابەزینی نرخی مریشک و لێشاوی هاوردەکردنی جووجەڵەی ئێرانی، دوو مانگ پڕۆژەکەم ڕاگرت، بەڵام ئێستا جارێکی دیکە دەستمان بەکار کردووەتەوە و بە نیوەی وزەی پێشتر کاردەکەین".

بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی هەڵهێنەرەکانی کوردستان و پاراستنی پڕۆژەکانی ناوخۆ لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی جووجەڵەی گۆشتی قەدەغە کردووە، بەڵام هاوردەکردنی بە قاچاخ لە ئێرانەوە بەردەوامە.

فەخرەددین دەڵێت "بەگوێرەی ئەو داتا نافەرمیانەی دەستمانکەوتووە، مانگانە زیاتر لە 500 هەزار جووجەڵە بە قاچاخ لە ئێرانەوە هاوردەی کوردستان دەکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر پڕۆژەکانی ئێمە هەبووە، چونکە بەهۆی دابەزینی تمەنی ئێرانی بەرامبەر بە دۆلار، ناتوانین کێبڕکێی نرخی جووجەڵەی ئێرانی بکەین".

لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا نرخی کیلۆیەک مریشک لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ 1600 دینار دابەزی، وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هاوسەنگکردنی نرخی مریشک، بڕیاری دا کە جووجەڵەیەک بە 50 سەنت بە خاوەنی پرۆژەکانی پەلەوەر بفرۆشرێ، بەڵام ئێستا نرخی جووجەڵە لەو نرخەش کەمترە.

ئەمین شەریف مەحموود، خاوەنی پڕۆژەی هەڵهێنەری ژین لە دهۆک، دەڵێت "بەر لە قەیرانی دارایی جووجەڵەیەکمان بە 85 سەنت دەفرۆشت، دوو هەفتە لەمەوبەر بە 28 سەنتم دەفرۆشت، ئێستا نرخ کەمێک بەرزبووەتەوە و بە 40 سەنت دەیفرۆشین".

بە گوتەی خاوەن کۆمپانیاکانی پیشەسازیی پەلەوەر، ئێستا کوردستان لە پیشەسازیی پەلەوەردا لە قۆناغێکی پێشکەوتوودایە و بووەتە ناوەندی پیشەسازیی پەلەوەر لەعێراقدا.

د.سەلاح مستەفا بەکر، بەڕێوەبەری گشتی گرووپی ڤانۆی بۆ پیشەسازیی پەلەوەر و سەرۆکی ڕێکخراوی پەرەپێدانی پەلەوەر لە کوردستان، دەڵێت "بەهۆی ئارامی و کەشوهەواکەی، کوردستان بووەتە ناوەندی پیشەسازیی پەلەوەر لەعێراقدا، بەم هۆیەشەوە دوو هێندەی پێویستیی خۆی پرۆژەی پەلەوەری لێ دامەزراوە، ئەگەر هەر گرژییەک لەنێوان عێراق و کوردستان ڕووبدات زیانی گەورە بە پیشەسازیی پەلەوەر دەکەوێت، چونکە زیاتر لەنیوەی بەرهەمی پرۆژەکانی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق ڕەوانە دەکرێت و بازاڕی جێگرەوەی نییە".

دکتۆر سەلاح مستەفا، گرفتی سەرەکی ساغنەبوونەوەی بەشی زۆری بەرهەمی پرۆژەکانی پەلەوەری لە کوردستان بۆ نەبوونی پلان و هەماهەنگی باش لەنێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق و هەرێمی کوردستان گێڕایەوە و گوتی "ئەگەر هەماهەنگییەکی باش لەنێوان هەردوو وەزارەت هەبوایە، عێراق لە دەرەوە بەرهەمی هاوردە نەدەکرد و پرۆژەکانی کوردستانیش نەدەوەستان".

بەگوتەی دکتۆر سەلاح، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک هەر نەیانتوانیوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی کوردستان ئەم هەماهەنگییە لەگەڵ عێراق دروست بکەن، بەڵکو بازاڕەکانی کوردستانیشیان بۆ بەرهەمی ئێرانی و تورکی واڵا کردووە.

دکتۆر سەلاح نموونە بە بەرهەمی پرۆژەکانی دایکانە گۆشت دێنێتەوە و دەڵێت "هەڵهێنەرەکانی گۆشت ئەگەر بە وزەی 100% کاربکەن پێویستیان بە 75 ملیۆن هێلکەی تروکاندن هەیە، ئەوە لەکاتێکدایە لە کوردستان 14 پرۆژەی دایکانەی گۆشتمان هەیە، ساڵانە دەتوانن 100 ملیۆن هێلکەی تروکاندن بەرهەم بهێنن، وەزارەتی کشتوکاڵ لەجیاتی هەماهەنگی لەنێوان هەڵهێنەرەکان و پرۆژەکانی دایکانە دروست بکات، ڕێگە بە هێنانی هێلکە دەدات".

گوتیشی "تورکیا و ئێران تەنیا لەپێناوی ئەوەی پرۆژەکانی کوردستان هەرەس بهێنن، پاڵپشتیی هەناردە دەکەن بەنرخی زۆر کەمتر، بۆ نموونە تورکیا هێلکەی تروکاندن بە 12 تاوەکو 15 سەنت بۆ ئێمە ڕەوانە دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە لەوێ بە 30 سەنتە، بۆیە پرۆژەکانی ناوخۆ ناتوانن لە نرخدا کێبڕکێی هێلکەی هاوردە بکەن".

### ژماری پرۆژە هەڵهێنەرەکان و وزەی ساڵانەیان

| | ژمارە پرۆژە | توانای بەرهەمهێنان |
|---|---|---|
| هەولێر | 32 | 124.586 |
| سلێمانی | 8 | 27.430 |
| دهۆک | 5 | 41.876 |
| گەرمیان | 2 | 4.460 |
| کۆی گشتی | 38 | 198.352 |

توانای بەرهەمهێنان ملیۆن/ ساڵ
ژمارە پرۆژە

### 40%یان نەکوتراون

# کەمیی ڤاکسین هەڕەشە لە ئاژەڵانی کوردستان دەکات

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی کەمی ڤاکسینەوە، لە وەرزی بەهاری ئەمساڵدا نەیانتوانیوە 40%ی ئاژەڵەکانی هەرێمی کوردستان بکوتن، بۆ وەرزی پاییزیش ڤاکسینی پێویستیان نییە.

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ کۆنترۆڵکردن و پاراستنی ئاژەڵان لە نەخۆشی، ساڵانە لەڕێی 96 تیمی گەڕۆکەوە پێنج هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشییەکانی شەلکە و دەم کولی، تەبەقە، لاڕەشە، دانکە، دەردە مەڕ و بزن ، بەرهاوێشتن و کولکە پیسە بەڕێوەدەبات.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ئامانجمان لەم هەڵمەتانە کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی ئاژەڵانە کە دەبنە هۆی مرداربوونەوە و لاوازبوون و بەرهاوێشتن. ئەو نەخۆشیانە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن زیانێکی زۆر بە ئابووریی کوردستان و سامانی ئاژەڵ دەگەیەنن".

بە گوتەی دکتۆر هیمداد، کاریگەریی هەڵمەتەکانی کوتان بەتەواوی دەرکەوتووە و توانیویانە ڕێژەی مرداربوونەوەی ئاژەڵ لە کوردستان بۆ ئاستی ستانداردی جیهانی دابەزێنن، واتە بۆ 5%.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵی ڕابردوو 4 ملیۆن و 586 هەزار ئاژەڵ لە کوردستان هەبووە.

بۆ هەڵمەتەکانی کوتان و کڕینی ڤاکسین، وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە پێویستی بە چوار ملیۆن دۆلارە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی دوو ساڵە وەزارەتی دارایی وەکو پێویست پارەی بۆ کڕینی ڤاکسین و پێویستیی تاقیگەکان و خەرجیی تیمەکان دابین نەکردووە، ئەمەش گرفتی بۆ هەڵمەتەکانی کوتان خولقاندووە.

دکتۆر مقداد ئیبراهیم دەڵێت "ئەمساڵ بەهۆی کەمیی ڤاکسین و دابیننەکردنی پارە بۆ تیمەکان، لە وەرزی بەهاردا تەنیا توانیمان نزیکەی 60%ی ئاژەڵان بکوتین، بۆ وەرزی پاییزیش لە دهۆک و سلێمانی هیچ ڤاکسینێکمان نەماوە".

بەگوتەی دکتۆر میقداد، ئەگەر هەڵمەتی پایزەی کوتان بۆ نەخۆشیی تەبەق کە نەخۆشییەکی ڤایرۆسیی گوازراوەیە ئەنجام نەدرێت، مەترسیی بڵاوبوونەوەی لەنێو ئاژەڵان هەیە، چونکە زیاتر لە 40%ی ئاژەڵەکان نەکوتراون و بەرگرییان بۆ نەخۆشییەکان نییە و هاتنی بەردەوامی ئاژەڵیش لە سووریا بەقاچاخ مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی زیاتر کردووە".

پارێزگای هەولێر بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە لە بارودۆخێکی باشدایە و زۆربەی هەڵمەتەکانی کوتانی ئەنجامداوە، بۆ هەڵمەتی پایزەی کوتانی نەخۆشیی تەبەقیش هەندێ ڤاکسینی هەیە.

دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێترنەری هەولێر دەڵێت "پارێزگای هەولێریش هاوشێوەی پارێزگای دهۆک بەدوور نییە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی، چونکە هاتنی ئاژەڵی قاچاخ بەردەوامە و لەهەڵمەتەکانیشدا بەهۆی نەبوونی پارە بۆ سووتەمەنی و کرێی ئۆتۆمبێل تیمەکان نەیانتوانیوە کارەکە بەتەواوی بکەن و ئاژەڵدارانیش وەک پێویست بەدەم تیمەکانەوە نەهاتوون".

بەڕێوەبەری ڤێترنەری هەولێر گوتیشی "لە هەولێریش ئەگەری بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی هەیە، ئەگەر بەزووترین کات پارە بۆ کڕینی ڤاکسین تەرخان نەکرێت".

هەندێ لە نەخۆشییەکانی ئاژەڵ گوازراوەن و مەترسیان بۆ سەر تەندروستی مرۆڤیش هەیە، بۆ نموونە تای ماڵتا و بروسیلا (بەر هاوێشتن) کە هەر کەسێک شیر و گۆشتی ئاژەڵی تووشبوو بەو نەخۆشیانە بخوات تووشی نەخۆشییەکە دەبێت. هەروەها نەخۆشی ئەنتراکس کە لەڕێگەی ئاژەڵەوە تووشی مرۆڤ دەبێت.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم دەڵێت "لە هەر 10 نەخۆشیی مرۆڤ شەشیان پەیوەندییان بەئاژەڵەوە هەیە، بۆیە ئەگەر پارەی پێویست بۆ هەڵمەتەکانی کوتانی ئاژەڵان دابین نەکرێت، مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکانی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤیش زیاد دەکات".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ هەڵمەتی کوتانی بەهارە لە دژی نەخۆشیی تەبەق، لە پارێزگای سلێمانی کەمترین کوتان بۆ مەڕ و بزن کراوە، بەڵام زۆرترین کوتان بۆ ڕەشەوڵاخ کراوە.

دکتۆر ئاری سەلاحەددین، بەڕێوەبەری ڤێترنەریی سلێمانی دەڵێت "بەپشتبەستن بەو ڤاکسینانەی لەساڵی ڕابردوو مابوونەوە هەڵمەتەکانی کوتانمان بۆ بەشێک لە نەخۆشییەکان کردووە، ئێستا دەستمان بە هەڵمەتی کوتانی دانکە کردووە، بەڵام بۆ هەڵمەتی کوتانی دژە نەخۆشیی تەبەق بۆ وەرزی پایز هیچ ڤاکسینێکمان نەماوە، بۆیە ئەگەر لەکاتی خۆی ڤاکسینمان بۆ تەرخان نەکرێت، لەوانەیە نەتوانین هەڵمەتەکە ئەنجام بدەین".

دکتۆر ئاری گوتیشی "ئەمساڵ پارەی بەنزینمان نەبوو بە ئۆتۆمبێلی خۆمان بچینە لای ئاژەڵداران و ئاژەڵەکانیان بۆ بکوتین، پشتمان بە ئۆتۆمبێلی خاوەن ئاژەڵەکان بەستبوو، ئەوانیش وەک پێویست بەدەم تیمەکانەوە نەدەهاتن".

پارێزگای دهۆک بەهۆی لێشاوی بەقاچاخ هاوردەکردنی ئاژەڵی سووری و تورکی زۆرترین مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لێدەکرێت، کەچی بەشی تەندروستیی ئەم پارێزگایە هیچ ڤاکسینێکی نییە.

عەبدولڕەزاق حاجی، بەڕێوەبەری بەشی تەندروستیی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنەریی دهۆک گوتی "کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان پەیوەستە بەهەڵمەتی کوتان و بوونی ڤاکسین، بۆیە کاتێک ڤاکسین نەبێ هەڵمەتیش نابێ، لەو حاڵەتەدا ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە زیاتر دەبێت. بۆ نموونە نەخۆشیی تەبەق و دەردە مەڕ لە ئاکرێ و بەردەڕەش و بامەڕنێ و چەندین دەڤەری دیکەی پارێزگای دهۆک بڵاوبووەتەوە، ئەگەر ئەم مانگە ڤاکسینمان بۆ دابین نەکرێ، پێشبینی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی برۆسیلا و خوریکیش دەکەین".

هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی 3 ملیار و 450 هەزار دینار بۆ کڕینی پێویستی هەڵمەتەکانی کوتان دا، وا بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەپێی ئەو بڕە پارەیەی بۆ هەر پارێزگایەک تەرخان کراوە، تەندەر ئامادە بکرێت.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم دەڵێت "گرفتی سەرەکیمان ئەوەیە وەزارەتی داراییی پارەکە بە چەک تەرخان دەکات. لەکاتی خۆیشی پارە ناداتە کۆمپانیاکان، بۆیە ترسی ئەوەمان هەیە کۆمپانیا بەڵێندەرەکان وەک پێویست بۆ کڕینی تەندەرەکان نەیەنە پێشەوە و گرفتمان بۆ کڕینی ڤاکسین بۆ وەرزی پایز و بەهاری ساڵی داهاتوو بۆ دروست ببێت".



وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی 3 ملیار و 450 هەزار دینار بۆ کڕینی پێویستی هەڵمەتەکانی کوتانی ئاژەڵان داوە

پاش کودەتا سەرنەگرتووەکە

# ئاسایشی نەوت و غازی تورکیا چی بەسەر دێت؟

ڕووداو- هەولێر

کودەتـا شکسـتخواردووەکەی ڕۆژی 15ی مانگـی ڕابردوو لە تورکیا، دەرهاویشـتەکانی تەنیـا کێشـەی تورکیـا نییە، لەبـەر ئەوەی ئـەم وڵاتـە کەناڵـی گواسـتنەوەی نـەوت و غازی سروشـتییە و هەر ئەمـەش بایەخێکی جیۆپۆلیتیکـی زۆری بەم وڵاتە و ڕووداوەکانی داوە.

تورکیـا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئەوروپا پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، بەشـێکی زۆر لـەو نەوت و غازەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتەوە بە ڕێگـەی بۆڕیدا بۆ ئەوروپـا دەگوازرێتەوە، بە تورکیـادا تێدەپەڕێ. نموونەیەکی زەقی ئەمە لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت، لە کاتێکدا نەوتی هەرێمی کوردسـتان (کە سـەرچاوەی سەرەکیی داهاتی هەرێمیشە) بە ڕێگەی تۆڕی بۆڕییەکانـی تورکیادا بۆ بەنـدەری جەیهان و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان دەگوازرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی بازرگانییەکان لە نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپا بەم وڵاتەدا تێدەپەڕێت.

لـە دوای ڕاگەیاندنی کودەتاکـە و بەهۆی دروستبوونی نیگەرانیی ئەمنی، گواستنەوەی کەشـتییە بارهەڵگرەکانـی نـەوت و غـاز لە گەرووی بۆسـفۆر لە دەریای ڕەش وەستێنرا. ئەگەرچی ئەم گـەرووە هەر زوو کرایەوە و لە دوای کودەتاکەشـەوە گواسـتنەوەی نەوت و غاز کێشـەیەکی ئەوتۆی بۆ دروسـت نەبووە، بـەڵام ئەگەر بێت ء ناسـەقامگیری نێوخۆیی تورکیـا بەردەوام بێت، ئەوە چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتووشدا بەربەستی نوێ بۆ گواستنەوەی نەوت و غاز لە ڕێگەی تورکیاوە دروست ببێت.

هیـچ کەرتێکـی تورکیـا لـە هەڵمەتـی دەستگیرکردن و لێپرسینەوە بێبەش نەبووە، هـەر بۆیە یەکێک لە پرسـیارەکان ئەوەیە کە دوای کودەتاکـە کەرتـی وزەی تورکیـا چـی بەسەر دێت؟ بەگوێرەی بەیاننامەی وەزارەتی سـامانە سروشـتییەکانی تورکیـا، لـە ڕۆژی 16ی تەمموزەوە 300 کەس لە کەرتی نەوتی تورکیا دەستبەسـەرکراون یان لە کارەکانیان دەرکراون. هەروەها 25 کەسـیش لە دەزگای ڕێکخسـتنی بازاڕی وزەی تورکیا لەسـەر کار لادراون کـە ناوەندێکی باڵای حکومەتە و کار لەسەر وزە دەکات. پرسیارێکی دیکە کە لێرەدا دێتە ئاراوە، ئەوەیە ئایا هەوڵەکانی ئەردۆغان و حکومەتەکـەی کۆمپانیـا نەوتییەکانـی تورکیاش دەگرێتەوە؟

توگچـە ڤـارۆل، ئەندامـی پەیمانـگای تورکیـای سـەدەی 21 و توێـژەری بـواری وزە، پێیوایـە ئەگەر ئەم هەڵمەتـە بەردەوام بێـت و کۆمپانیاکانـی نـەوت و غـازی تورکیـاش بگرێتـەوە، ئەوە "کێشـەی گەورە لـە نێوان کۆمپانیاکانـی نزیک لە ئەردۆغان و کۆمپانیاکانی نزیک لە ئۆپۆزیسـیۆن دروست دەبێـت، لەبەر ئـەوەی ئەگەری زۆرە لە کاتی خستنەڕووی تەندەرەکاندا کۆمپانیاکانی نزیک لە ئەردۆغان و حکومەتی تورکیا ئیمتیازاتێکی تایبەت وەربگرن".

ئەگەرچـی ئـەم دوو کێشـە نێوخۆییـە بۆ ئاسایشـی وزە لـە تورکیا گرنگـن، بەڵام ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کێشەیەکی گەورەتر دروسـت دەکات پەیوەندی بە تۆڕی گواستنەوەی نەوت و غازەوە هەیە.

دوو بـۆڕی سـەرەکیی نەوت بـە تورکیادا بەرەو تێرمیناڵی بازرگانی جەیهان تێدەپەڕن، یەکەمیـان لە باکۆ، پایتەختی ئازەربایجانەوە دەسـت پێدەکات و بە جۆرجیادا دەگاتە نێو تورکیـا. بۆڕییەکـەی دیکەیان لـە کەرکووک و هەرێمی کوردسـتانەوە دەسـت پێدەکات. ئەگـەر ئەم دوو بۆڕییە بـە هەموو توانای خۆیانەوە چالاک بن، ڕۆژانە 2.7 ملیۆن بەرمیل نەوت دەگوازنەوە، واتە سـێ هێندەی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت لە بەریتانیا.



بێجگـە لـە بەنـدەری جەیهان، گـەرووی بۆسـفۆر ناوەندی گواستنەوەی 3%ی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی جیهانە کە لە ڕووسـیا، ئۆکراینـا و وڵاتانـی ئاسـیای ناوەڕاسـتەوە بەم گـەرووەدا ڕەوانەی بـازاڕە جیهانییەکان دەکرێت.

لەلایەکـی دیکـەوە تورکیـا ڕێگەیەکـی سـەرەکی گواسـتنەوەی غـازی سروشـتی بـۆ وڵاتانـی یەکێتیـی ئەوروپایـە، یەکێـک لـەو بۆڕیانـەش بە ژێر دەریای ڕەشـدا غازی سروشتیی ڕووسیا بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە. بە گوێرەی مەزندەکان ئەم بۆڕییە ساڵانە زیاتر لە 14 ملیار مەتر سێجا غازی ڕووسیا بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە. ئەم بۆڕییە کە بە "ڕێگەی شین" ناودەبرێـت، لە سـەرەتاکانی ئەم سـەدەیەدا دروسـتکرا، دوای ئەوەی گواستنەوەی غاز لە ڕێگەی ئۆکراینا و بیلاڕوسیا کێشەی گەورەی تێکەوتبوو. شـەڕ و پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا و کێشە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە وای کردووە تورکیا بایەخێکی ستراتیژی زیاتری بۆ گواسـتنەوەی غاز و نەوت بۆ وڵاتانی ئەوروپا هەبێت.

بـەدەر لـەم بۆڕییانـەی کە ئێسـتا هەن، تورکیا بـە نیازە پرۆژەی "تورکیش سـتریم" (Turkish Stream)بخاتـەوە کار، ئـەم پرۆژەیە بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان ڕووسـیا و تورکیـا ڕاگیرابوو، بەڵام نیهـات زەیبەکی، وەزیـری ئابووریی تورکیـا هەفتەی ڕابردوو و دوای کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری وزەی ڕووسیا ڕایگەیانـد "ئێمـە ئامادەیـن هێڵـی یەکەمی تورکیـش سـتریم دەسـت پێبکەیـن". ئـەم پرۆژەیـە غازی ڕووسـیا دەهێنێتـە تورکیا و لەوێوە بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا دەنێردرێ. پرۆژەکە یەکەمجار لە 2014 لەلایەن ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، پێشنیاز کرا، دوای ئـەوەی بەهـۆی ناڕەزایەتـی ئەورووپاوە بۆڕی غازی ڕووسیا بەنێو بولگاریادا وەستێنرا.

هەموو ئەمانە ئەو ڕاسـتییە دەردەخەن کە هەڵکەوتـەی جوگرافیی تورکیـا وای کردووە ئەم وڵاتە ڕۆڵێکی سـەرەکی لە گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە بۆ ئەوروپا هەبێت، بەمەش تورکیـا هەم بۆ ئەوروپییـەکان و هەمیش بۆ وڵاتانـی بەرهەمهێنەری نـەوت هاوپەیمانێتی ستراتیژییە و هەر گۆڕانکارییەکی ئەمنی گەورە لە تورکیا دەکرێت کاریگەریی بەرچاو لەسـەر ئابووریـی ئەوروپا و وڵاتانـی بەرهەمهێنەری نەوت و غاز دابنێ.

لـە دوای کودەتاکـەی 15ی تەممـوز، ژان کلۆد یانکەر، سـەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپـا ڕایگەیانـد تورکیـا لـەو پێگەیـەدا نییـە کە ببێتـە ئەندامی یەکێتیـی ئەوروپا، بەڵام قەیرانـی کۆچبـەران و نیگەرانییەکانی وزە دەشـێت یەکێتیـی ئەوروپـا ناچار بکات هەڵوێسـتێکی نەرمتر بنوێنـێ، بەتایبەتیش لە کاتێکدا ئەوروپا دەیەوێت هێندە پشـت بە غازی ڕووسیا نەبەستێت، بۆ ئەم مەبەستەش جارێکـی دیکە ناچارە ڕوو لـە تورکیا بنێت، یەکێـک لـە بژارەکانیش بۆ ئەم مەبەسـتە دەکرێت گواسـتنەوەی غاز لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاسـت بێـت. ئـەم غـازەش دەکرێت لە بۆڕییەکانـی باشـووری تورکیـا (ناسـراو بە کۆریدۆری باشوور) بۆ ئەوروپا بگوازرێنەوە.

لـە پاش کودەتاکەوە یەکێتیـی ئەوروپا و ئەمریکا ڕەخنەی توندیـان لە تورکیا گرتووە و بەوە تۆمەتباریان کردووە کە گوشـارەکانی لەسـەر دامـەزراوە فەرمـی و مەدەنییەکانی تورکیـا لـە ڕادەبەدەر قورس کـردووە. بەڵام پێناچێت ئەوروپا لە دۆخێکدا بێت پەیوەندییە سـتراتیژییەکانی خـۆی لەگـەڵ تورکیـادا بگۆڕێـت. ئـەوەی لـەم قۆناغـەدا دەشـێت ئەوروپا نیگـەران بکات، ئەوەیـە کە ئاڵۆزی نێوخۆیی تورکیا و درێژەکێشانی ئاڵۆزییەکان دەکرێت مەترسیی گەورە لەسەر سەقامگیریی کەرتی وزەی تورکیا دروسـت بکات، بەمەش ڕاسـتەوخۆ سـەقامگیریی ئابووریـی ئەوروپا بکەوێتە مەترسییەوە.

مانگی داهاتوو کۆدەبێتەوە

# ئۆپێک دەیەوێ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت سڕ بکات

ڕووداو- هەولێر

ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەنـاردەکاری نـەوت (ئۆپێـک) داوایـان کـردووە لـە کۆبوونەوەکەی مانگـی ئەیلولی ڕێکخراوەکەدا هەوڵەکان بۆ سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتـی وڵاتانی ئەندام زیندوو بکرێنـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەکرێت هەماهەنگـی لەگـەڵ وڵاتـە بەرهەمهێنەکانی دەرەوەی ئۆپێـک بکرێـت. داواکارییەکـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەلایـەن ڤەنزوێلا، ئیکوادۆر و کوێتەوە بەرزکراوەتەوە.

ئـەم پێشـنیازە لـە کاتێکدایە کـە ئێران توانیویەتـی ئاسـتی بەرهەمهێنانـی نەوتی وڵاتەکـەی لـە ئاسـتی پێـش سـەپاندنی سـزا نێودەوڵەتییـەکان نزیـک بکاتـەوە. بەرهەمهێنانـی ڕۆژانـەی نەوتـی ئێـران گەیشتووەتە 3.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەمەش ئاسـتی دەرهێنانی نەوتی ئەم وڵاتە لەچاو مانگی نیسـانی ئەمساڵ بە بڕی 180 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە.

مانگی نیسانی ئەمسـاڵ، کۆبوونەوەیەکی ئەندامانـی ئۆپێـک و ڕووسـیا لـە دەوحەی پایتەختـی قەتـەر بەڕێوەچـوو، ئامانـج لـەو کۆبوونەوەیـە دانانـی سـنوورێک بـوو بـۆ بەرهەمهێنانـی نـەوت و گەڕاندنـەوەی هاوسـەنگی لە نێـوان ئاسـتی بەرهەمهێنان و داوای بـازاڕ. ڕۆژی بـەر لـە کۆبوونەوەکە ئێران ڕایگەیاندبوو کە بەشداری کۆبوونەوەکە نابێـت، لەبـەر ئـەوەی ئامادە نییە ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی لە ئاسـتی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ڕابگرێ.

مەرجی ئێران بۆ بەشداری لە کۆبوونەوە بێ ئەنجامەکەی دەوحە ئەوە بوو ڕێگەی پێبدرێت ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ئاستی پێش سـزا نێودەوڵەتییـەکان بگەڕێنێتـەوە و لەو ئاستەدا باسی سڕکردنی بەرهەمهێنانی لەگەڵ بکرێـت، چونکـە بە پێچەوانـەوە ئێران هیچ خێرێک لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و لاچوونی سـزا ئەتۆمییەکان نابینێ. ئێران هێشـتاش نەگەیشـتووەتە ئەو ئاسـتە لە بەرهەمهێنان (واتـە 4 بـۆ 4.2 ملیـۆن بەرمیـل نەوت لە ڕۆژێکدا)، بەڵام پێدەچێت ئێران لەم ئاستەی ئێسـتادا ئامـادە بێـت دانوسـتاندن لەگەڵ هاوبەشەکانی لە ئۆپێکدا بکات.

جیا لەمە کۆبوونەوەکە لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی داهاتـوودا بەڕێوەدەچێـت، هەتا ئەو کاتەش دەشـێت بـڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێـران لـە چوار ملیـۆن بەرمیل لـە ڕۆژێکدا نزیـک بوبێتەوە. هـەر بۆیـە ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئۆپێک گەشبینن بەوەی ئەمجارە بتوانن لەسەر سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێکبکەون.

کۆتایی هەفتەی پێشوو نیکۆلاس مادورۆ، سـەرۆکی ڤەنزوێلا ڕایگەیاند، وەزیری نەوتی حکومەتەکـەی لەگـەڵ ئەمینداری گشـتیی ئۆپێک قسەی کردووە و لە هەوڵدان بۆئەوەی هەرچـی زووتـرە کۆبوونەوەیـەک لـە نێوان وڵاتانی ئەندامی ئۆپێـک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێـک ڕێکبخـەن.. وەکوو لـە لێدوانەکەی مـادورۆدا دەردەکەوێـت، ڤەنزوێلا دەیەوێت "نرخەکانی نەوت لە 50 بۆ 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک جێگیر بکرێ".

لەلایەکـی دیکـەوە ویلسـۆن پاسـتۆر مۆریـس، نوێنـەری ئیکـوادۆر لـە ئۆپێـک، ڕۆژی هەینـی لەگـەڵ محەممـەد بارکینـدۆ، ئەمینداری گشـتیی ئۆپێـک کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی داوای کۆبوونەوەی هەماهەنگی نێوان لایەنەکان لەسـەر هاوسەنگکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنـان بکـەن. بـە گوتـەی مۆریس "کۆبوونەوەیەکـی لەمجۆرە پێویسـتە، لەبەر ئـەوەی نرخەکانـی نـەوت جارێکـی دیکـە دەستیان بە دابەزین کردووە".

چاودێران پێیانوایـە بە پێچەوانەی جاری پێشـوو، پێدەچێت ئەمجارە زلهێزەکانی نێو ئۆپێـک، بـە تایبەتیـش وڵاتانی کەنـداو و لەسـەرووی هەمووشیانەوە سعودیە، سوورتر بـن لەسـەر بیرۆکـەی سـڕکردنی ئاسـتی بەرهەمهێنـان و هـاوکاری لەگـەڵ وڵاتانـی دەرەوەی کەنـداو، لـە کاتێکـدا نایانەوێـت نرخەکانی نەوت لەمە زیاتر دابەزێت.

پێشنیازەکە لە کاتێکدایە، نرخەکانی نەوت لە ئاسـتێکدا یـاری دەکات کـە زۆر کەمترە لـەوەی وڵاتانـی ئۆپێـک بتوانـن بودجـەی خۆیانی پێ هاوسەنگ بکەنەوە. بەهای نەوتی برێنـت لە چـاو مانگی حوزەیـران بە ڕێژەی 17% دابەزیـوە. مانگی حوزەیرانی ئەمسـاڵ نرخـی یـەک بەرمیل نەوتی برێنـت زیاتر لە 52 دۆلار بـوو، ئەوکات خالید فالیح، وەزیری وزەی سعودیە ڕایگەیاندبوو "نرخەکانی نەوت هێشتا زۆر نزمە". ئێستا بەهای یەک بەرمیل نـەوت لەنێوان 43 بۆ 44 دۆلار یاری دەکات. هۆکاری ئەم دابەزینـە بەرچاوەی نرخەکانی نـەوت بـۆ ئاسـاییبوونەوەی بەرهەمهێنانی نـەوت لـە نایجیریـا، کەنـەدا و هەروەهـا بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک و بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار دەگەڕێتەوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) بەرهەمهێنانـی نەوتـی ئۆپێـک لە مانگـی حوزەیرانـدا 400 هـەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە و گەیشـتووەتە 33.21 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لەم نێوانەشـدا سعودیە، عێراق و ئێران پشـکی شێریان بەرکەوتووە. بەرهەمهێنانـی نەوتی عێـراق بۆ 3.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە و بەرهەمی نەوتـی سـعودیەش خۆی لـە ڕۆژانە 10.45 ملیۆن بەرمیل داوە.

کۆبوونەوەکـەی مانگـی ئەیلولـی ئۆپێک لـە جەزائیـر بەڕێوەدەچێت و بەرپرسـێکی ئۆپێـک بە وۆڵ سـتریت جورناڵـی ڕاگەیاند "هەتا ئێسـتا دیار نییە لە بارەی سـڕکردنی بەرهەمهێنـان چ بڕیارێـک دەدرێـت، لەبـەر ئـەوەی هەموو شـتەکان پەیوەسـتە بەوەی ئاخۆ ڕووسـیا ئامـادە دەبێت پێشـوازی لە پێشنیازێکی لەمجۆرە بکات؟".

بـە گوتـەی چەنـد بەشـداربوویەکی کۆبوونەوەکـەی دەوحـە، ڕووسـیا زۆر لـە هەڵوێسـت گۆڕینەکەی سـعودیە لـە دوایین ساتەکانی کۆبوونەوەکەی نیسان تووڕە بووە و تەنانەت وەزیری ئەوکاتی نەوتی سعودیەی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە هیچ دەسـەڵاتێکی بەسـەر وەزارەتەکـەی و کەرتـی نەوتـی سعودیەدا نییە.

سیاسـەتی نەوتـی سـعودیە کاریگـەری بەرچاوی لەسـەر ڕەوشی نرخەکانی نـەوت لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەبووە. لە ماوەی ئـەو دوو سـاڵەدا ڕیاز شکسـتی بـە هەموو هەوڵێک بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک هێناوە. ئەم سیاسەتەی سعودیە دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکەمیان زۆرکردنی پشکەکانی خۆی لە بازاڕەکاندا و ڕێگریکردن لە ڕکابەرەکانی نێو ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک بۆ ئەوەی دەسـت بەسەر بازاڕەکاندا نەگرن. هۆکاری دووەم دروستکردنی بەربەست بووە بۆ پیشەسـازیی نەوتـی لیتەیی ئەمریکا، لە کاتێکدا ئەم پیشەسـازییە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئۆپێک پێگەی جارانی خۆی لە بازاڕەکانی نەوتدا لەدەست بدات.

بەڵام سـعودیە وردە وردە زیانەکانی ئەم سیاسـەتەی بـۆ دەردەکەوێت. لـە کاتێکدا هەفتەی پێشوو سعودیە ناچار بوو بەهای نەوتی خۆی بۆ کڕیارەکانی چین لە نێوان 0.7 بـۆ 1.30 دۆلار بـۆ هـەر بەرمیلێک دابەزێنـێ، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم وڵاتەدا ڕکابـەری لەگەڵ ئێران، عێراق و ڕووسـیا بکات و پشکەکانی لەدەست نەدات.

بەگوێـرەی داتاکانی حکومەتی چین، هەنـاردەی نەوتـی خـاوی ڕووسـیا بـۆ چیـن لە مانگـی حوزەیراندا بـە ڕێژەی 9% بەرزبووەتەوە و گەیشـتووەتە 29 ملیۆن و 320 هـەزار بەرمیل، لە کاتێکدا هەناردەی نەوتی خاوی سـعودیەش بـۆ چیـن بـە ڕێـژەی 14% دابەزیـوە و گەیشتووەتە 33 ملیۆن و 817 هەزار بەرمیل لە یـەک مانگدا. بە لەبەرچاو گرتنی هۆکارە جیۆپۆلیتیکییەکان (لەوانەش دراوسـێیەتی چیـن و ڕووسـیا)، ئەگـەری ئـەوە زۆرە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاستی هەناردەی نەوتی ڕووسیا بۆ چین شان لە شانی سعودیە بدات.

هەسـتکردن بە زیانەکانی ئەم سیاسـەتە دەشێت سعودیە ناچار بکات لە کۆبوونەوەی مانگـی داهاتـووی ئۆپێـک پشـتگیری لـە بیرۆکـەی سـڕکردنی ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت بکات و نەرمییەکی زیاتر بنوێنێ.



# "ئێزدیاتی کۆمان دەکاتەوە و حیزبەکان جیامان دەکەنەوە"

**کوردێکی ئێزدی: زوو زوو هاووڵاتیان نێوبژیوانیی پێشمەرگە و شەڕڤانان دەکەن**

**ژنێکی کوردی ئێزدی: هیچم ناوێت تەنیا پێنج کوڕەکەم بە زیندوویی بگەڕێنەوە**

سالح قادر
ڕووداو- شنگال

بەر لە خۆرئاوابوون، لەسەر ڕێگایەکی ڕاست کە بە هێڵی سیاسی ناسراوە، لە ڕەبیعەوە بەرەو سنوونێ ڕۆیشتین، چەند سەد مەترێک لە ڕۆژهەڵاتی ڕێگاکە سنووری ڕۆژئاوای کوردستانە. لەسەر ڕێگاکە چەندین بازگەی پشکنین دانراون، بازگەکان لەلایەن پێشمەرگەکانی ڕۆژئاواوە دەپارێزرێن. لە بەرامبەر ئەوانیشدا شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) هەن. ئەو دوو هێزە لە هەندێک شوێنی سەر ڕێگا سیاسییەکە هێندە لێک نزیکن کە دووریی نێوانیان تەنیا چەند مەترێکە.

دوای بانگی شێوان دەگەینە سەنتەری ناحیەی سنوونێ. دونیا تەواو تاریک بووە، تەنیا تروسکاییەک لەنێو ئەو تاریکییەدا کە بەدی دەکرێ، ڕووناکیی گڵۆپی کافتریایەکە، لە دەوروبەری ڕووناکییەکە ژیان هەیە. کافتریاکە لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشێکیان کە کورسی و قەنەفەی تێدابوو، ژمارەیەک گەنج ناوەکەیان پڕکردبوو بە دووکەڵی نێرگەلە. بەشی دووەمی کافتریاکەش خواردنی لێ ئامادە دەکرا و خواردنەوە گازی و ڕۆحییەکان و بسکوێت و وردەواڵەی دیکەی تێدا دەفرۆشرا. خاوەنی کافتریاکە دەیگوت کافتریاکەی وەکو بازاڕی ئیسکانی شاری هەولێر تاوەکو بەرەبەیان کراوەیە.

لە دەرەوەی کافتریاکە ڕیزێک کورسی دانرابوون. کەسێک لەوێ گوتی "کورسیی نەخۆشخانەکانن، پێدەچێت لە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە لە کاتی شەڕدا بە تاڵان هێنرابن". چەند شەڕڤانێک لە دەرەوەی کافتریاکە سەرقاڵی نێرگەلە کێشان بوون، یەکێکیان کە پیاوێکی کەتەی چوارشانە بوو، وێنەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لەسەر شانی ڕاستی دابوو، هەر مژێکی لە نێرگەلەکەی بەردەمی دەدا، ئەو ناوەی پڕ دەکرد لە دووکەڵ.

ناحیەی سنوونێ بەهۆی نزیکی لە سنووری سووریا، بە سەنتەری بازرگانیی ناوچەکە ناسراوە، بەڵام هیچ شوێنێکی حەوانەوەی تێدا نییە، ئەگەر کەسێک یان هێزێکی سیاسی لەوێ نەناسیت، دەبێت لەسەر شەقام ڕۆژ بکەیتەوە.

## بەرەو شەرفەددین

تازە خۆر هەڵاتبوو لە خەو ڕابووین، لە سنوونێوە بۆ شەرفەددین بەڕێکەوتین. دووریی نێوان سنوونێ و شەرفەددین نزیکەی 10 کیلۆمەتر دەبێ و هەمووی دەشتاییە، بەڵام بەهۆی شەڕەوە دوو ساڵە ئامێرەکانی کێڵان نووکیان لە زەوییەکە نەداوە.

لەسەر ڕێگای سنوونێ تا دەگەیتە شەرفەددین بارەگای سێ هێز دەبینرێ، یەکێکیان تایبەت بوو بە جەنگاوەرانی پاراستنی ئێزدیخان کە حەیدەر شەشۆ فەرمانداریانە، دەگوترێ 4000 چەکداری هەیە. لەولاتر بارەگای یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (کە لەلایەن پەکەکەوە دروستکراوە) و لەنزیک شەرفەددین ئیدی پێشمەرگەی شنگالە.

ئێزدییەکان شەرفەدین بە مەدینەی موسڵمانەکان دەشوبهێنن و لالشیش کە لە شێخانە، بە مەککە دەچوێنن. لەسەر ڕێگای شەرفەددین، هێشتا پاشماوەی ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکانی داعش کە بە ڕۆکێتی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان سووتاون، هەر ماون.

دەبێ سێ بازگەی سەر ڕێگاکە ببڕی تا دەگەیتە شەڕفەددین: بازگەی پێشمەرگە، پۆلیسی عێراق و یەبەشە. لەسەر ڕێگاکە بە دەگمەن ئۆتۆمبێلی مەدەنی دەبینران، ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیش کە پڕبوون لە چەکدار و ئاڵای هێزەکانیان بەسەرەوە بوو، زۆر بە تیژی بە جادەکەدا دەهاتن و دەچوون و خۆیان نمایش دەکرد.

لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی سنوونێ کە بەرەو حەردان و شنگال دەچێ، بەرەو لای ڕاست پێچمان کردەوە، مەزارگەی شەرفەددین دەرکەوت. مەزارگەکە پشتی بە چیای شنگالەوە داوە. لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر قەزای شنگال لە سێی ئابی 2014 تەنیا شوێن بوو لەو ناوچەیە کە نەکەوتە دەست چەکدارانی داعش. جەنگاوەرانی ئێزدی بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە مەزارگەکە کرد. لە دەروازەی مەزارگەکە وێنەی ئەو جەنگاوەرانە هەڵواسراوە کە گیانی خۆیان بۆ شەرفەددین بەخت کرد.

لە گردۆڵکەیەکی پشت مەزارگەکە بە بەرد نووسراوە (help Us) ئەمە لە کاتی شەڕدا ئاماژەیەکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ فڕۆکەکان تاوەکو چەک و خۆراک بۆ جەنگاوەرانی ئێزدی بەردەنە خوارەوە.

بەردەم مەزارگەکە لە سەربازگەیەک دەچوو، پڕ بوو لە چەکدار کە سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆ یادکردنەوەی سێی ئاب (ئەو ڕۆژەی داعش هێرشی کردە سەر شنگال) سەکۆی مەراسیمەکە بە پۆستەری ڕەش کە بە سپی لەسەریان نووسراوە ڕازێندراوەتەوە.

فەرماندەی پێشمەرگەکان بە قاتە زەیتوونییەکەی لە سەربازەکانی جیا دەکرایەوە بۆ کەسێک کە پێشتر نەیدیتبێ. ئەو ناوی قاسم شەشۆیە، فەرماندەی پێشمەرگەکانی شنگالە کە ژمارەیان 8450 کەسە، بەڵام پێشمەرگەکان بە (ئەبو خالید) بانگیان دەکرد. شەشۆ مەترێک بجووڵایەوە، 20 پێشمەرگەی جل مغاویری و خوودە بەسەری چەک بە دەست لەگەڵی دەجووڵانەوە. پێشمەرگەکان پەڕۆیەکی ڕەشیان لە ملیان ئاڵاندبوو، پەڕۆیەکە تاوەکو سەر لوتیانی داپۆشیبوو.

پێشمەرگەکانی شەشۆ خۆیان بۆ نمایشێکی سەربازی ئامادە کردبوو، شەشۆ گوتی "دوو پەیامان هەیە لەو نمایشە، یەکێک بۆ داعشە و یەکێکیش بۆ هێزە کوردییەکانە کە کێشە لەم ناوچەیە دروست دەکەن" مەبەستی پەکەکە و هێزەکانی سەر بە پەکەکە بوو.

هەر قاسم شەشۆ نا، قەواڵ کە جامانەیەکی سووری بەسەرەوەیە و سمێڵە درێژە سپییەکەی بە دووکەڵی جگەرە زەرد هەڵگەڕاوە، ئێستا بووەتە ڕەمزێک لەنێو ئێزدییان، چونکە یەکێک بوو لەو چەند جەنگاوەرە کوردەی کە نەیانهێشت شەرفەدین بکەوێتە دەست چەکدارانی داعش. قەواڵ هێندە لە هێزەکەی خۆی دڵنیا بوو، تەحەددای داعشی دەکرد و دەیگوت "ئەگەر داعش ئازان با ئێستا بێن!".

ئامادەکارانی مەراسیمەکە ئامێرەکانی دەنگ تاقیدەکەنەوە و یەکێک دەمی بە مایکرۆفۆنەکەوە ناوە و دەڵێت "ب خێر هاتنا میڤانێت خۆشتفی دکەین". چەند جارێک ئەمە دووبارە دەکاتەوە.

هەر هێزێک لە ناوچەکەدا بە جۆرێک یادی ئەو ڕۆژەی کردەوە، جەنگاوەرانی حەیدەر شەشۆ ئاڵایەکی ڕەنگ سپییان لەسەر ئۆتۆمبێلەکانیان بەستووە کە خۆرێکی لە نێوەڕاستدایە و بەڕێگاکاندا زۆر بە خێرایی دێن و دەڕۆن، بەڵام فەرماندەکەیان کە برازای قاسم شەشۆیە، ئەو ڕۆژە لە ئەڵمانیا بوو.

## بەرەو چیای شنگال

مەراسیمەکان پەرت و بڵاوبوون، لە نێوان سنوونێ و شەرفەددین هێزێک کە تەنیا ئاڵایەکی سپییان هەڵداوە، یادی سێی ئاب دەکەنەوە. بەرەو چیای شنگال بەڕێ دەکەوین، لەوێ دوو مەراسیمی دیکە بەڕێوەدەچن، لە یەکێکیان تەنیا 30-40 کەسێک دەبینران، بەڵام ئەوەی دیکەیان کە لەلایەن یەبەشەوە ڕێکخرابوو، قەرەباڵغ بوو.

ئامادەکارییەکانی ئاهەنگەکەی یەبەشە، لە ئاهەنگەکانی پارتی و یەکێتی دەچوو لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 کە سەکۆی ئاهەنگەکانیان سەر پشتی لۆری و فلات بوو. لەژێر فلاتێک کە بۆ مەراسیمەکە ئامادەکرابوو، ژمارەیەک منداڵ سەرقاڵی پرۆڤە بوون بۆ شانۆگەرییەک، یەکێک لە منداڵەکان ڕیشێکی دەستکردی لە خۆی نابوو و دەسماڵێکی سپی بەسەری خۆیدا دابوو، جلێکی سپیشی پۆشیبوو، ڕۆڵی ئەمیرێکی داعشی دەبینی بەنێوی ئەبو زەهرا. ژمارەیەک منداڵ کە جلی هاوشێوەی چەکدارانی داعشیان پۆشیبوو، لەچوار دەوری ئەبو زەهرا کۆببوونەوە. منداڵێکیش جلی پرتەقاڵی پۆشیبوو، ئەو جلەی داعش لەبەر دیلەکانی دەکات. چارەنووسی ئەو بەدەستی ئەبو زەهرا بوو کە خیتابێکی دا و جل پرتەقاڵییەکەی بە ئاگرپەرست نێوبرد، لەگەڵ هاواری ئەڵڵاهوئەکبەر لە زەوییان دا و شمشێرێکی پلاستیکییان بە گەردنیدا هێنا.

سەر چیای شنگال دەشتێکی پان و بەرینە، هەر بۆیە بە سەردەشت ناوی دەهێنرێ، ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەی لە سێی ئاب لە ترسی داعش شنگالیان جێهێشت، هێشتا هەر لەسەر چیاکە ماون، مەزەندە دەکرێ زۆرتر لە هەزار ماڵ لەسەر چیای شنگال هەبن، ئەو ماڵانە لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە چادر و پێداویستی ژیانیان بۆ دابینکراوە، بەڵام زۆربەیان لایەنگری یەبەشە و پەکەکەن. ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگالیش کە لەلایەن پەکەکەوە دامەزراوە، هەر لەنێو ئەو ماڵانەدایە و کاری ئیداری دەکات، یەبەشەش هێزی سەربازیی ئەو ئەنجوومەنەیە.

شەڕڤانێکی یەبەشە کە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی مەراسیمەکە بوو، گوتی "پێنج هەزار ماڵ لەسەر چیای شنگالن، ئێستاش خەڵک لە کوردستانەوە دێن لە چیای شنگال نیشتەجێ دەبن". قسەی ئەو شەڕڤانە زۆرتر لە پڕوپاگەندەیەک دەچوو بۆ یەبەشە کە دەسەڵاتیان بەسەر زۆربەی دانیشتووانی سەر چیاکەدا هەیە. چونکە بەشێک لە ئاوارەکان خەڵکی ئەو ناوچانەن کە هێشتا ناوچەکانیان لەبن دەستی داعشدایە، یان نزیکە لە سەنگەرەکانی شەڕ.

شنگال و هەندێ گوندی دەوروبەری 9 مانگە کۆنترۆڵ کراونەوە، بەڵام هێشتا ژیانیان تێدا نییە. هاووڵاتییەکی سەر چیاکە گوتی "بۆیە ناگەڕێینەوە، چونکە گوندەکەمان نزیکە لە سەنگەرەکانی شەڕ، تۆپەکانی داعش بە ئاسانی دەگەنە نێو گوندەکەمان".

لەو ڕۆژەدا ئاسایشی سەر ڕێگاکان زۆر توندوتۆڵ کرابوو، هێزێکی جل ڕەش کە دەگوترا ئاسایشی یەبەشەن و مانگێک لەمەوبەر ڕاهێنانیان پێکرابوو، لە شەش شوێنی ڕێگا قیرەکەی سەر چیای شنگال بازگەیان دانابوو.

لەسەر چیای شنگال تەنیا چەند ئاسایشێکی هەرێمی کوردستان دەبینران کە بارەگەکەیان لە تەنیشت ئۆفیسێکی دەزگای خێرخوازی بارزانی بوو، بەڵام نزیکەی 10 بارەگای یەبەشە و هەپەگە هەبوون.

پێدەچێ ئێزدییەکان بە بوونی ئەو هەموو هێزانە لە ناوچەکە خۆشحاڵ نەبن. لەسەر دیوارێکی لۆفەکانی چیای شنگال بە عەرەبی نووسرابوو "الازدياتي يجمعنا، الاحزاب تفرقنا". واتە "ئێزدیبوون کۆمان دەکاتەوە، حیزبەکان پەرتمان دەکەن".

عەگید جڤیان، فەرمانداری گشتی یەپەگە لە شنگال بە ئاشکرا دەڵێت "هێزەکانی ئێمە کە خزمەت بە سەرۆک ئاپۆ دەکەن و ئەوانەی سەر بە پارتین، یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە، ئەویش پاراستنی ئێزدیخانە".

هێزەکانی نێو شنگال و دەوروبەری لە بەنزین و ئاگر دەچن لە تەنیشت یەکدی دانرابن. بە تایبەتی پێشمەرگە و شەڕڤان، یان ڕوونتر بڵێین پارتی و پەکەکە. بەرپرسانی پارتی لە ناوچەکە پێیانوایە هیچ پێویستیان بە هێزەکانی پەکەکە نییە پارێزگاری لە ناوچەکە بکات، بەرپرسانی پەکەکەش بیانووی خۆیان هەیە، دەڵێن هێز و توانای کوردی ئێزدی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ڕاددەیەی بتوانن پارێزگاری لە ناوچەکانیان بکەن.

نمایشکردنی هێز زیاتر لە سنوونێیە، هاووڵاتیان دەڵێن چەندینجار پێکهەڵپژانی نێوان ئەو هێزانەیان بینیوە. سەعد کە دانیشتووی سنوونێیە و دووکانی چاککردنەوەی جلشۆری هەیە، دەڵێت "تاوەکو ئێستا پێشمەرگە و یەبەشە چەند جارێک بەشەڕهاتوون، بەڵام خەڵکی ناوچەکە فریاکەوتوون و نێوبژیوانییان کردوون، نەیانهێشتووە شەڕەکە گەورە بێ".

وەک سەعد دەڵێت "بۆیە نێوبژیوانی دەکەین، چونکە هەم هێزی یەبەشە کوردی ئێزدین و هەمیش پێشمەرگەی شنگال. هەردوولا خەڵکی خۆمانن".

ئەم ڕووداوانە هەموو لە باکوور و ڕۆژئاوای شنگال و نێو چیای شنگالە، ڕەوشی نێو شنگال کە کوردی ئێزدی پێیدەڵێن "قیبلە". لەوەی چیا باشتر نییە.

کاتی نیوەڕۆیە بە ڕێگاکەی خۆماندا (باکووری چیای شنگال) دەگەڕێینەوە شەرفەددین. دیوەخانی شەڕفەددین کە هۆڵێکی گەورەیە و لەسەر ئەرکی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق دروستکراوە جمەی دێت لە میوان. مەراسیمەکەی شەرفەددین تەواو بووە، خەڵکەکە نانی نیوەڕۆ لە میوانخانەکە دەخوات و گلاسێک چا بەدەستەوە دەگرێت و لە میوانخانەکە دێتە دەرەوە.

لە شەرفەددینەوە بەرەو شنگال دەکەوینە ڕێ، ئەمجارە پێویست ناکات بە چیاکەدا هەڵبگەڕێینەوە، بەڵام دەبێ ڕێگایەکی دووتر بگرینەبەر، ئەویش ڕێگای حەردان — گوڵاتە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیای شنگال.

ڕێگاکە چاڵی گەورەی تێکەوتووە، چاڵەکان شوێنەواری بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوە تەقیوەکانی داعشن. چەندین گوند کە دانیشتووانەکەی عەرەب بوون، چۆڵ کراون، هەندێک خانووی ئەو گوندانە بەهۆی بۆردومانەوە لەگەڵ زەوی تەختکراون، دانیشتووانی ئەو گوندانە لەگەڵ نەمانی داعش بەرەو تەلەعفەر و مووسڵ هەڵاتوون، چونکە پێش دوو ساڵ کاتێک داعش هات، خەڵکی ئەو گوندانە وەک کوردی ئێزدی دەڵێن دەستی باڵایان هەبووە لە کوشتنی ئێزدییەکان. لە گوندێکی وەکو حەردان 500 کوردی ئێزدی کوژراون، بۆیە ڕەنگە ئەو عەرەبانە جارێکی دیکە گوندەکانیان بە چاوی خۆیان نەبیننەوە.

لە چواریانی گوندی حەردان سێ گۆڕی بە کۆمەڵی کوردی ئێزدی هەن کە چواردەوریان تەلبەند کراوە و هۆشدارییەکیشی لەسەر نووسرابوو کە دەستکاری گۆڕەکان نەکرێ. گولات و عەین سەند جێدەهێڵیت دەگەیتە چواڕیانێک دەستە چەپی بەرەو تەلەعفەرت دەبات و دەستەڕاستیش بەرەو شنگال. پێشمەرگە بە درێژایی ڕێگاکە سەنگەری لێداوە.

## دروشم و تەرمی داعش لە شنگال

لە دەروازەی شنگال بە مەودای تەنیا 20 مەترێک سێ بازگە هەبوون، بازگەی یەکەم پێشمەرگە بوو، دووەمیان پۆلیسی عێراق بوو و سێیەمیشیان پەکەکە بوو. بە درێژایی ڕێگای سایلۆ تا چاو بڕ دەکات دووکان و خانوو و باڵەخانەی ڕووخاو هەن. نووسینەکانی داعش لەسەر دەرگا و دیواری ماڵەکان هەر ماون، لەسەر دیواری هەندێک خانوو نووسرابوو (بيت سني)، لەسەر هەندێکیان نووسرابوو (ايزيدي) لە هەندێکیان نووسرابوو (بيت شيعي). لەسەر خانوویەک نووسرابوو (محجوز للدولة الاسلامية). ئەمە جگە لە دروشمگەلی وەکو (دولة الأسلام باقية).

شارەکە پتر لە سەربازگەیەک دەچوو، تاک و تەرا ئۆتۆمبێلی مەدەنی تێدابوو.. نۆ مانگ بەسەر ڕزگارکردنی شارەکەدا تێپەڕیبوو، بەڵام تەنیا 20 ماڵێک گەڕاونەتەوە ئەو شارۆچکەیە. خەڵکەکە دەیانگوت ئێستا ژمارەی بارەگای هێزەکان لە نێو شنگال لە ژمارەی ماڵە ئاوەدانەکانی شارۆچکەکە زۆرترە.

لە ناوەڕاستی شارۆچکەکە بەرامبەر منارەکەی شنگال وچانێکمان دا. منارەکە کە پێشتر نێوچەوانی بە ئاڵای کوردستان بۆیاغ کرابوو، لەلایەن داعشەوە لەگەڵ زەوی تەختکرابوو. بۆنێکی ناخۆش دووکانەکانی بەرامبەر منارەکەی پڕ کردبوو، لەبەردەم دووکانەکان بارستەیەک گڵ بە بەرزی مەترێک و درێژی سێ مەتر هەڵدرابووەوە.

سەعدۆ تەمەن 89 ساڵ، پیاوێکی باڵا مامناوەند بوو، جامانەیەکی سووری لەسەر بوو. کە پرسیم لێی ئەو بۆنە ناخۆشە چییە لێرە دێ؟ گوتی "ئەوە بۆنی تەرمی جاحش (مەبەستی داعش بوو)، دوو جەنازەیان لەژێر ئەو خۆڵەدایە".

## خەمی ژنانی ئێزدی

لە نێو ئەو هەموو بۆنە و مەراسیم و خۆنمایشکردنەی لە سێی ئاب لە شنگال و دەوروبەری بەڕێوەچوو، خەمی ژنانی کوردی ئێزدی تەنیا بینینەوەی ڕۆڵەکانیان بوو.

خەولە، تەمەن 35 ساڵ، دایکی 9 منداڵ، لەگەڵ کۆمەڵێک کوڕ و کچی کوردی ئێزدی لە سەنتەری شنگال وەستابوون. سەرجەمیان تیشێرتی سپییان لەبەربوو کە لۆگۆی هاوخەمی (solidarity) بەسەرەوە بوو.

خەولە دڵی هەر لەلای پێنج کوڕەکەی بوو کە بە زیندوویێتی کەوتوونەتە دەستی داعش، بەڵام هیچ لەبارەی چارەنووسیان نازانێت. ئەو گوتی "خەمی من تەنیا ڕزگارکردنی پێنج کوڕەکەمە".

خێزانی خەولە بەر لە کارەساتی شنگال ژیانێکی خۆشیان هەبووە، هاوژینەکەی وەستای سیرامیک بووە، کوڕەکانیشی کاریان دەکرد، خانوو و ئۆتۆمبێلی خۆیان هەبووە، بەڵام ڕۆژی کارەساتەکە ئۆتۆمبێلەکەیان فریایان نەکەوت و هەر لە لۆفەکانی سەرەتای چیای شنگال پەکی کەوت، بۆیە خێزانی خەولە و چەندین خێزانی دیکە کە ئۆتۆمبێلیان نەبوو یان درەنگ لە شارەکە دەرچووبوون، لە لۆفەکانی چیای شنگال کەوتنە دەست چەکدارانی داعش.


کوردی ئێزدی شەرفەدین بە مەدینەی موسڵمانەکان دەشوبهێنن و لالشیش بە مەککە دەچوێنن
(فۆتۆ: ڕووداو)

## بەهۆی کوردێکەوە بەرپرسێکی سوێد دادگایی دەکرێت

**رووداو- سوێد**

دادگاییکردنی سێ ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی دەزگای چاودێری دارایی سوێد، وەک سکاندالی مێژووی هاوچەرخی سوێد ناوزەند کرا و کەیسی یەکێک لەوان کە بەڕێوەبەری دەزگاکەیە، پەیوەندی بە دانانی کوردێکەوە هەیە. مارگرێت ئۆباری، بەڕێوەبەری دەزگای چاودێری دارایی، بەوە تاوانبار کراوە کە کوردێکی دانیشتوی سوێدی بەناوی مەحموود باران کە هاوڕێی خۆی بووە، کردووەتە ئەندامی چاودێری دارایی. دەزگای نیشتمانیی چاودێری دارایی باڵاترین دامەزراوەی نیمچە سەربەخۆی بواری چاودێری داراییە، ئەم کارانەش بۆ هەرسێ ئەندامەکە، وەک گەندەڵی و سکاندالی سەردەم ناو دەبرێت. پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەردەوامە.



تاراوگە
رووداو
ژمارە (419) - دووشەممە 2016/8/8

# فینلاند مافی مانەوەی هەمیشەیی دەداتە کۆچبەرانی کورد

## پەنابەرێکی نوێی کورد:
## دەتوانین فینلاندییەکان سەرسام بکەین

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

دیار کوردە بە ئاواتەکەی خۆی گەیشت و مافی مانەوەی هەمیشەیی لە فینلاند وەرگرت.

دیار کە ساڵی رابردوو کوردستانی جێهێشت و رووی لە فینلاند کرد، دوای ساڵێک چاوەڕوانی مافی مانەوەیی هەمیشەیی وەرگرت، بەڵام نیگەرانە لەو تێڕوانینەی لای فینلاندییەکان بەرامبەر کورد و زۆر لە بیانییەکان دروست بووە. ئەو خۆی وەک نەوەی نوێی کوردی فینلاند دەناسێنێ "ئێمە نەوەیەک دەبین کە تێڕوانینی فینلاندی و ئەوروپییەکان بەرامبەر کورد دەگۆڕین".

دیار دەڵێت "دەبێت ئەو زەمەنە کۆتایی بێت کە کوردی ئەم وڵاتە بە کەسانی تەڵەکەباز ناسراون، یان بەوە ناسراون تەنیا کاری چێشتخانە و پیتزەری دەزانن، ئێمە کار دەکەین و کار بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەین".

هەرچەندە پێشبینی دەکرا، پەرلەمانی فینلاند پەلە لە دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ کۆچبەران بکات، بەڵام حکومەتی ئەو وڵاتە بەبێدەنگی مافی مانەوەی هەمیشەیی دایە ژمارەیەک کۆچبەر کە هەندێکیان کوردن.

دیار پێیوایە حکومەتی فینلاند مافی مانەوەی داوەتە ئەو کۆچبەرانەی کە لەو ماوەیەی لە کەمپەکاندا بوون توانیویانە خۆیان لەگەڵ کولتووری ئەو وڵاتە بگونجێنن. گوتیشی "حکومەتی ئەم وڵاتە سیاسەتی خۆی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە کۆچبەرانەی سوودیان بۆ وڵاتەکەیان دەبێت و گرووپێکیان لێ هەڵدەبژێرن و قبوڵیان دەکەن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) نزیکەی 240 کەس لە کۆی کۆچبەرانی حەوت کەمپ لە سنووری هەر سێ پارێزگاکانی هێڵسنکی و تورکۆ و لاهتی قبوڵ کراون. جیا لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی سووری و ئەفغانی کە وەک پەنابەری جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، هەروەها بەشێکی دیاری کۆچبەرانی کوردستان و عێراق لە کەمپەکانی باکوور لە چاوەڕوانیدان و ئەگەرێکی بەهێز هەیە مافی مانەوەی هەمیشەییان بدرێتێ.

دیار و هاوژینەکەی سەرقاڵی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانیان بوون لە کەمپێکی نزیک شاری تورکۆ، ئەوان شوقەیەکیان پێدراوە لە شارۆچکەیەکی نزیک شاری تورکۆ. دیار نەیشاردەوە کەمێک بێ ئومێد بووبوو، بەڵام ژیانە تاڵەکەی لە رابردوودا وای لێکردبوو بەرگە بگرێ.

ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران بەرگەی ژیانی کەمپ و سەرمای فینلاندیان نەگرت و هەر زوو ئەو وڵاتەیان جێهێشت، بەشێکیان روویان لە وڵاتانی دیکە کرد و بەشێکیشیان گەڕانەوە زێدی خۆیان.

دیار جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەو کەسانەی گەڕانەوە لەوەدا دەبینێتەوە کە سوودی لە دەرفەتەکان وەرگرتووە "من بە پێچەوانەی ئەوان زیاتر ئیرادەم بەهێز بوو، لەوەش تێگەیشتم کە ئەو ژیانە تاڵەی لێرە پێمان نیشاندرا، جۆرێک لە تاقیکردنەوە بوو".

ئولا ئاکوستا بەرپرسی کەیسی دیار و هاوڕێکانی گوتی "جیاوازیی لەسەر بنەمای زیرەکی و لێهاتوویی ناکرێت، بەقەد ئەوەی راستی و دروستیی بەڵگەکانی کۆچبەر، دەبنە هۆکاری وەرگرتن و رەتکردنەوە".

ئاکۆستا هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەو کەسانەوە نەدا کە قبوڵ کراون، بەڵام (رووداو) لە زاری چاودێران و کارمەندانی چەند کەمپێکەوە زانیویەتی کە 240 کەس لەماوەی یەک مانگی رابردوودا لە کەمپەکان هاتوونەتە دەرەوە و بەهۆی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی، خانوویان پێدراوە.

زانیار سدیق لەدایکبووی شاری سلێمانییە، یەکێکە لەو گەنجانەی مافی مانەوەی هەمیشەیی پێدراوە. زانیار بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ ئەوەی شتێکی خۆشە کە قوربانی و ماندووبوونمان بە فیڕۆ نەچوو، بەڵام خۆشحاڵ نیم و دوور نییە بگەڕێمەوە".

زانیار، تەمەن 34 ساڵ، گومانی هەیە لەوەی بەو تەمەنەوە بتوانێ بگونجێت و پێچەوانەی دیار نە حەزی لە زمانەکەیانە، نە لە کۆمەڵگەی فینلاندی "بەناچاری و نائومێدی لە سوێد و ئەڵمانیاوە رووم لە فینلاند کرد".



حکومەتی فینلاند لە ماوەی مانگێکدا مافی مانەوەی هەمیشەیی دەداتە 240 کۆچبەر

زانا لە هەولێر فیتەر بووە، کاتێک چووە فینلاند یەکسەر وەکو فیتەرێک دەستی بە کار کرد، بەمەش توانی سەرنجی بەرپرسانی فەرمانگەی کۆچ رابکێشێ کە نەک هەر نابێتە بار لەسەر وڵاتەکە، بەڵکو خێریشی بۆ ئەو وڵاتە دەبێت.

زانا یەکێکە لەو کۆچبەرانەی مانگی رابردوو مافی مانەوەی هەمیشەیی وەرگرت و دەڵێت "ئێستا تەنیا پێویستم بەوەیە کەمێک فێری زمانەکەیان ببم".

### گۆڕینی شوناسی کورد

کوردی فینلاند لەوێ زۆرتر بەوە دەناسرێنەوە کە کاری چێشتخانە و پیتزەری دەکەن، هەروەها بەوەش دەناسرێنەوە کە فرت و فێڵیان زۆرە و خۆیان لە باجدان دەدزنەوە.

ئەو پەنابەرە نوێیە کوردانەی قسەیان بۆ رووداو کرد، دەڵێن ئەوان کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنییەی لە رابردوودا بەرامبەر پەنابەرانی کورد هەبووە، بیگۆڕن. دیار دەڵێت "من بە ئیهانەوە باس لە کوردی دێرینی ئەم وڵاتە ناکەم، ئەوەش پاڵنەری خۆی هەبووە، بەڵام ئێمە هەڵگری راستییەکی دیکەین".

دیار بەهۆی ئەو پاشخانە بەهێزەی لە بواری میدیا و ئەندازیاری هەیەتی، لەخۆی رادەبینێت خزمەتێکی زۆر پێشکەش بکات "ئێمە دەتوانین فینلاندییەکان سەرسام بکەین. پەیمانم بە بەرپرسی دۆسیەکەم و سەرپەرشتیارەکەمان داوە کە هەوڵێکی جددی بدەین بۆ ئەوەی کۆچبەرانی نوێ هۆشیار بکەینەوە و بیر لە ژیانێکی سیستماتیکی دوور لە فرتوفێڵ بکەنەوە".

# شەڕکەرە کوردەکەی ئەمریکا دەیەوێ ببێتە پاڵەوانی جیهان

**رێباز هادی**
**رووداو- ڤێرجینیا**

هەر بەو شێوەزارە هەولێرییەی خۆی کە قسە دەکات، دەڵێی تازە لە گەڕەکی تەیراوای شاری هەولێرەوە هاتووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو، لەگەڵ خێزانەکەی ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکا دەژین. هەوراز کە بە کوردە شەڕکەرەکەی ئەمریکا ناسراوە، خەون بەوەوە دەبینێ لە سێ ساڵی داهاتوودا ببێتە پاڵەوانی جیهان لە یاریی زۆرانبازیی ئازاد.

هەوراز سیان، کوڕێکی تەمەن 27 ساڵی کوردی ئەمریکییە. درێژیی باڵای 170 سانتیمەترە. ریشێکی زەردی درێژی هەیە و گەنجێکی دەم بە خەندە و تا بڵێی رۆح سووکە، بەڵام لەهەمان کاتدا شەڕکەرێکی ئازاشە. ماوەی سێ ساڵە چووەتە ناو دونیای شەڕکردن، جۆرێک لە جۆرەکانی وەرزش کە لە ئەمریکا و ئەوروپا جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەیە.

ئەوانەی کە ئەم جۆرە وەرزشە (زۆرانبازیی ئازاد) دەکەن، دەبێ هێزێکی جەستەیی و دەروونیی بێ ئەندازەیان هەبێت. چونکە خستنی یاریزانی بەرامبەر، کارێکی زۆر زەحمەتە و پێویستی بە توانایەکی لە رادەبەدەر هەیە. دوو رکابەرەکە دەچنە ناو بازنەی زۆرانبازی و دەرگاکانیان لەسەر دادەخرێت. تەنیا ناوبژیوانێک لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئاماژەی دەستپێکردن لەلایەن ناوبژیوانەوە، رکابەرەکان بە یەکدا هەڵدەشاخێن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن یەکدی بە زەویدا بدەن. هەندێکجار زۆرانبازییەکە بە 30 چرکە کۆتایی دێت، هەندێکجاریش پاڵەوانەکان تاوەکو کۆتایی بەردەوام دەبن کە دەکاتە 15 خولەک و بەسەر سێ خولی پێنج خولەکیدا دابەش دەکرێت.

هەوراز لە قوتابخانە گەنجێکی شەڕانی بووە. کەسوکارەکەی بۆ ئەوەی تووشی کێشە و گرفت نەبێت، دەستی دەگرن و بەو جۆرە وەرزشەی دەناسێنن. هەوراز کە سێ ساڵە دەستی بەو وەرزشە کردووە، 14 شەڕی بردووەتەوە و تەنیا سێ شەڕی دۆڕاندووە.

هەمیشەش بە ئاڵای کوردستانەوە شەڕەکانی دەکات و دەیەوێت بەو رێگەیەی خۆی کوردستان بە هەوادارە ئەمریکییەکانی بناسێنێ. مانگی رابردوو، کاتێک ئامادەی یەکێک لە زۆرانبازییەکانی بووم لە شاری مەناسیسی ویلایەتی ڤێرجینیا، هاوڕێ، برا گەورەکەی هەوراز، لە دەرەوە بە ئاڵایەکی گەورەی کوردستانەوە کە لکێنرابوو بە ئاڵای ئەمریکاوە، چاوەڕێی دەکرد تاوەکو هەوراز شەڕەکەی بباتەوە. هەر کە ناوبژیوان کۆتایی شەڕەکە و بردنەوەی هەورازی راگەیاند، هاوڕێ بە پەلە خۆی گەیاندە برا بچووکەکەی و ئاڵاکەی لەسەر شانی دانا.

ئەو شەوە رکابەرەکەی هەوراز کوڕێکی باڵا بەرزی ئەمریکی بوو کە لە ویلایەتی نیوجێرزییەوە هاتبوو. پێش دەستپێکردنی شەڕەکە خۆم گەیاندە ژووری خۆگۆڕینەکەی تاوەکو ببینم هەوراز لەگەڵ کێ شەڕ دەکات. کاتێک بینیم، دڵم خورپەیەکی کرد. هەرگیز پێموانەبوو کە هەوراز بتوانێت لەو کوڕە ئەمریکییە بباتەوە. کاتێک هەوراز ئاڵای کوردستان و ئەمریکای لەسەر پشتی دانابوو و چاوەڕێی دەکرد ناوبژیوان دەستی بەرز بکاتەوە و رایبگەیەنێت کە سەرکەوتنی بە دەستهێناوە، کوڕە ئەمریکییەکە بەملاو ئەولادا دەکەوت و نەیدەتوانی خۆی بەپێوە رابگرێت. ئەوە نیشانەیەکی باش بوو کە هەوراز ئازاری زۆری پێگەیاندبوو.




هەوراز تا ئێستا 14 شەڕی بردووەتەوە و تەنیا سێ شەڕی دۆڕاندووە.

جۆنی کێرتس، پیاوێکی چوارشانەی چاوشینی ئەمریکییە و راهێنەری هەورازە. ئەو متمانەیەکی زۆری بە هەوراز هەیە و پێیوایە داهاتوویەکی باشی دەبێت. ئێوارەیەکی درەنگ کاتێک سەردانی ماڵی کێرتسم کرد کە دەکەوێتە نێو دارستانە چڕەکانی باکووری ڤێرجینیا، پێیگوتم کە باکگراوندی هەوراز یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ سەرکەوتنی "هەوراز لە خێزان و باکگراوندێکەوە هاتووە کە خەڵکەکەی لە پێناوی ئازادیدا شەڕیان کردووە، ئەوە هۆکارێکی سەرەکیی ئازایەتی هەورازە". جۆنی بە دەنگە گەورە رەقەکەی وای بە (رووداو) گوت.

هەوراز ئەو کاتانەی راهێنان ناکات، کاری فیتەری دەکات. ئەو دوو ساڵ خوێندوویەتی بۆ ئەوەی ببێتە شارەزای میکانیکی فڕۆکە. بەڵام حەزی بە کارەکەی نەکردووە و ئێستا کاری میکانیکیی ئۆتۆمبێل دەکات.

هەوراز ئێستا لەسەر ئاستی ویلایەتەکانی کەناری رۆژئاوای ئەمریکا شەڕکەرێکی ناسراوە و هەواداری زۆری هەیە. ئەو دەیەوێت لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا ببێتە پاڵەوانی جیهان.

## گۆڤار ئەنوەر نامەیەک بۆ ئاسمان دەنێرێت




**هیوا سەڵاح / ڕووداو– هەولێر**

گۆڤار ئەنوەر، ئەکتەری کۆمیدی، بە هاوبەشی لەگەڵ عەدنان عوسمان کورتە فیلمێک بەناوی نامەیەک بۆ ئاسمان بەرهەمدێنن کە باس لە زوڵم و زۆرداریی داعش بەرامبەر کوردی ئێزدی دەکات.

گۆڤار ئەنوەر بە (ڕووداو)ی گوت "وەک دڵسۆزی و هاوخەمی بۆ کوردی ئێزدی، کورتە فیلمێکمان بەناوی نامەیەک بۆ ئاسمان بەرهەمهێناوە، ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە . فیلمەکە لە دەرهێنانی من و عەدنان عوسمانە، چەندین ئەکتەری شاری هەولێر و دهۆکیش بەشدارییان تێدا کردووە".

بڕیارە فیلمەکە لە چەند فێستیڤاڵێکدا نیشان بدرێت و لە سینەماکانی کوردستانیش نمایش بکرێت.

### (ڕووداو) دەبێتە سپۆنسەری میدیایی



# سلێمانی خۆی بۆ یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم ئامادە دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

بۆ یەکەمینجار لە مێژووی سلێمانیدا، سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم بەڕێوەدەچێت، سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵەکە دەڵێن کەرتی تایبەت بەڵێنی داوە سپۆنسەری فێستیڤاڵەکە بن.

یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە شاری سلێمانی ڕۆژی 2016/10/1 دەست بە کارەکانی دەکات و ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێ. سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵەکە دەڵێن لە ماوەی ئەو چوار ڕۆژەدا نزیکەی 50 فیلمی کورت و درێژ نمایش دەکرێ.

ئەو جۆرە فێستیڤاڵانە پێشتر لە هەولێر و دهۆک بەڕێوەچوون، بەڵام ئەوە یەکەمجارە لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت کە دوو ساڵە ناسناوی پایتەختی ڕۆشنبیریی پێدراوە.

پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2012/12/4 ناسناوی پایتەختی ڕۆشنبیریی بەخشیە سلێمانی.

هەرچەندە بەپێی بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان "پێویستە لەسەر حکومەت لە کاتی دانانی بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەو ژێرخانە بنەڕەتییە ڕۆشنبیرییەی ئەو بڕیارە بۆ شاری سلێمانی پێویستی دەکات، لەبەرچاو بگرێ". بەڵام ئەو چالاکییە و زۆربەی چالاکییەکانی دیکەی پایتەختی ڕۆشنبیری بە سپۆنسەری کەرتی تایبەت بەڕێوەدەچن.

دانەر عومەر، بەڕێوەبەری هونەریی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سلێمانی بۆ فیلم کە خاوەنی بیرۆکەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت، دوای خستنەڕووی بیرۆکەی کارەکە، کۆمپانیای مەستی فیلم بڕیاری دا پشتگیریی فێستیڤاڵەکە بکات.

دانەر گوتی "بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە، دەمانەوێت ئەو ناسناوە بچەسپێنین، مەستی فیلم بە هاوکاریی پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی پڕۆژەکە جێبەجێ دەکەن، پڕۆژەکەش لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە شاری سلێمانی و کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییەوە سپۆنسەر دەکرێت".

### 7300 فیلم

سەرپەرشتیارانی ئەو پڕۆژەیە، بۆ ماوەی دوو مانگ لە ڕۆژانی 2016/4/5 تا 2016/6/5 دەرگایان بەڕووی دەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی فیلمدا کردەوە بۆ ئەوەی فیلمەکانیان پێشکەش بکەن.

دانەر عومەر گوتی "لەو ماوەیەدا نزیکەی 7300 فیلممان لە 105 وڵاتەوە پێگەیشت. دوای سەیرکردنی فیلمەکان 50 فیلممان بۆ نمایش هەڵبژارد (38 فیلمی درێژ و 12 کورتە فیلم).

وەکو دانەر گوتی، ئەوان لەم فێستیڤاڵەدا جگە لەلایەنی هونەری، مەبەستیانە شوناسی کوردی زیاتر دەربخەن، بۆ ئەو مەبەستەش بەشداریکردنی وڵاتەکانیان بۆ نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دابەش کردووە. دانەر گوتی "شارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەئاستی کوردستاندا وەکو نەتەوە دانراون، ئەوەش لەبەر پاراستنی شوناس، بەڵام شارەکانی تاران و بەغدا وەکو وڵاتانی دەرەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتی هەژمار کراون".



7300 فیلم گەیشتوون و 50یان نمایش دەکرێن (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

هەر بە گوتەی بەڕێوەبەری هونەریی فیستیڤاڵەکە، چەندین ڕەخنەگری فیلمی سینەماییش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی فیستیڤاڵەکەدا گفتوگۆ لەسەر فیلمەکان بکەن و هاووڵاتیانیش دەتوانن بێ بەرامبەر ئامادەی بینینی فیلمەکان بن.

بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵەکە هەروەها گوتی "ئەو فێستیڤاڵە لەڕووی هونەرییەوە چەندێک گرنگە، لەڕووی سیاسییشەوە بۆ کوردستان لەوە گرنگترە، چونکە بانگهێشتی چەندین دیپلۆماتکار لە ئاستی جیهان دەکرێت و دەتوانین بە سینەماش وڵاتەکەمان بەرەوپێشەوە ببەین".

سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵەکە دەڵێن بەنیازن لە چوار ڕۆژی فێستیڤاڵەکەدا پانێڵێک بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ساز بکەن، دانەر گوتی "مەبەستمانە لەو پانێڵەدا بۆمان ڕوون ببێتەوە کە ئایا سینەما دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ گەیشتنی کوردستان بە سەربەخۆیی؟ ئایا بۆ سەربەخۆیی جگە لە لایەنی ئابووری، پێویستمان بە بونیادی هونەریش نییە؟".

### (ڕووداو) سپۆنسەری میدیایی فێستیڤاڵەکەیە

دانەر بە ئاماژەدان بەوەی مەبەستیانە لەو فێستیڤاڵەدا لەگەڵ باشترینەکان کار بکەن، گوتی کە بەلایانەوە گرنگ بووە سپۆنسەری میدیایی کارەکە بدەنە (تۆڕی میدیایی ڕووداو). دانەر گوتی "لەگەڵ بەرپرسانی (ڕووداو) دانیشتنمان کردووە و لەم هەفتەیەشدا گرێبەستی کۆتایی دەکەین، چونکە هەوڵمان دا باشترینەکان بۆ پڕۆژەکە هەڵبژێرین، بەڵام کەناڵەکانی دیکەش دەتوانن ڕوومالی فێستیڤاڵەکە بکەن".

### تەمەن، حەز ناکات تەمەنی ئاشکرا بکات



### تەمەن بۆ (ڕووداو):

# باوکم حەزی نەدەکرد ببمە هونەرمەند

هەرچەندە نێوی تەمەنە، بەڵام نایەوێت تەمەنی ئاشکرا بکات و دەشڵێت هەر کەسێک ڕوخساری ببینێت دەزانێت تەمەنی چەندە. تەمەن کوڕی میوزیسیانێکی بەناوبانگی کوردە، بەڵام دەڵێت باوکی نەیویستووە ڕێچکەی ئەو بگرێت چونکە هونەر خێری بۆ باوکی نەبووە.

تەمەن سەید ئەحمەد ڕواندزی، لە شارۆچکەی ڕواندز لەدایک بووە، پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەری لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە. تەمەن کە ئێستا لە کەنەدا نیشتەجێیە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هۆکاری چوونە دەرەوە و کار و بەرهەمە هونەرییەکانی دەکات.

**هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال**
**ڕووداو - سلێمانی**

**ڕووداو: تەمەن، تەمەنت چەندە؟**

**تەمەن:** ئاشکرای ناکەم.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**تەمەن:** بە (پێکەنینەوە) لەبەرئەوەی خۆم ناوم تەمەنە و هەر کەسێکیش ڕوخسارم ببینێ دەزانێ تەمەنم چەندە.

**ڕووداو: بەڵام ڕوخسارت لە گەورە دەچێت؟**

**تەمەن:** بەخوای گەورە نیم، بەڵام وا دیارم، بە گشتیش لای من تەمەن شتێکی گرنگ نییە.

**ڕووداو: لە ڕواندز لەدایک بووی، هەر لەوێش گەورە بووی؟**

**تەمەن:** تاوەکو 18 ساڵان هەر لە شاری ڕواندز بووم و پاشان هاتینە هەولێر و چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، ئەو کاتانەشی لە ڕواندز بووم لەبەرئەوەی لە خێزانێکی هونەری بووم، لە تەمەنی نزیکەی 10 – 12 ساڵان، هاتوچۆی تیپی میوزیکی پاشای گەورەم دەکرد و گوێم لە کارەکانیان دەگرت. جگە لەوەش بیرمە ئەو کاتانەی لە ماڵەوە بووم، زۆرجار هونەرمەند زیاد ئەسعەد دەهاتە لای باوکم و پێکەوە دادەنیشتن و بەو هۆیەشەوە کاریگەریی زیاترم لەسەر دروست بوو، پاشان لەگەڵ باوکیشم دەچوومە ئاهەنگەکان.

**ڕووداو: باوکت یەکێکە لە موزیسیانە ناسراوەکان، پێی خۆش بوو بێیتە نێو دونیای میوزیک و گۆرانی؟**

**تەمەن:** 100% ڕای لەسەر نەبوو.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**تەمەن:** دەیگوت هیچ سوودێکم لە هونەر وەرنەگرتووە و تۆم بە هونەرەکەم نەژیاندووە و نامەوێت هەمان چارەنووسی منت هەبێت.

**ڕووداو: خۆت زیاتر چ ئامێرێکت ژەندووە؟**

**تەمەن:** سەرەتا لە پەیمانگە ژەنیاری ئامێری کلارنێت بووم، بەڵام دواتر کە بڕیارم دا ببمە گۆرانیبێژ پێم باش بوو ببمە ژەنیاری ئامێری عوود بۆ ئەوەی بۆ ئاوازدانان هاوکاریم بکات.

**ڕووداو: باوکت موزیسیانە، خۆت حەزت لەوە بوو ببیتە موزیسیان یاخود گۆرانیبێژ؟**

**تەمەن:** زیاتر مەبەستم گۆرانیگوتن

### مەبەستم بوو ببمە موزیسیان

### کوردی کەنەدا ڕێزی هونەری کوردی دەگرن

بوو. لە قوتابخانە مامۆستاکان لەناو پۆل هەڵیاندەستاندم و دەیانگوت گۆرانی بڵێ.

**ڕووداو: دەمێکە تێکەڵی میوزیک و گۆرانی بوویت، بەڵام ژمارەی بەرهەمەکانت زۆر کەمن، بۆچی؟**

**تەمەن:** ئامانجم لە گۆرانی و کلیپ، زۆری و بۆری نییە، دەتوانم زوو زوو کلیپێک بڵاوبکەمەوە، بەڵام دەمەوێت کارێک بکەم شوێنی خۆی بگرێت.

**ڕووداو: کاتێک دەرکەوتیت، باوکت تا چەند لە کارەکانت ڕازی بوو؟**

**تەمەن:** باوکم قوتابخانەیە بۆم و زۆریش لە کارەکانم ڕازییە، کاتێک ویستم یەکەمین بەرهەم بڵاوبکەمەوە لە ئاواز و تێکستی خۆم، کاری دابەشکردنی بۆ کردم، بەڵام بۆ ئاوازدانانەکە زۆری بەلاوە سەیر بوو دەیگوت چاوەڕێم دەکرد ڕۆژێک ئاوازت بۆ دابنێم، بەڵام خۆت دەستپێشخەریت کرد. چۆن ئەو متمانەیەت بەخۆت هەیە بە تەنیا ئەو کارە بکەی؟ چونکە گۆرانیبێژی زۆر بەناوبانگمان هەیە ناتوانێت ئاواز دابنێت، بۆ بەرهەمەکانی دیکەشم وەکو ڕاوێژکار و موزیسیان هاوکارم بووە.

**ڕووداو: بۆچی ناتەوێ سوود لە ئاوازی باوکت وەربگری، لە کاتێکدا ئاوازی بۆ چەندین گۆرانیبێژ داناوە؟**

**تەمەن:** جگە لە باوکم ئاوازدانەری دیکەشمان هەن کە زۆر باشن، بەڵام خۆم لە هەستی خۆم باشتر تێدەگەم و دەزانم ڕۆحیەتی خۆم چی تێدایە تا بە قەڵەمەکەم بینووسم و هەستەکەشم بکەمە ئاواز، جگە لەوەش چەندین گۆرانیم داوەتە

### باوکم ڕاوێژکارمە

### نامەوێت بەرهەمەکانم زۆر و بۆر بن

گۆرانیبێژانی دیکەش.

**ڕووداو: ئێستا لە دەرەوەی وڵاتیت، لە کەیەوە چوویتە دەرەوە؟**

**تەمەن:** ڕۆژی 2016/3/1 بە ڤیزا چوومە ئەمەریکا و پاشانیش هاتمە کەنەدا و ئێستا لێرە دەژیم.

**ڕووداو: بۆچی لە ئەمەریکا نیشتەجێ نەبوویت؟**

**تەمەن:** یاساکانی ئەمەریکا بۆ ژیان زەحمەتترن، بۆیە کەنەدام پێ باشتر بوو، ئێستاش خەریکی خوێندن و کاری هونەریم.

**ڕووداو: هیچ پڕۆژەیەکی هونەریت بەدەستەوەیە؟**

**تەمەن:** بەدڵنیاییەوە، بەنیازم لە چەند شارێکی کەنەدا ئاهەنگ ساز بکەم و بەشداری چەند فێستیڤاڵێکیش بکەم.

**ڕووداو: جگە لەو ئاهەنگانە، بەرهەمی دیکەت بەڕێوەیە؟**

**تەمەن:** پێش ئەوەی بێمە دەرەوە، بەرهەمێکی نوێم تەواو کردووە کە گۆرانییەکی خاوە لە تێکستی سامی سەباح و میلۆدی خۆم، لێرە کلیپی بۆ دەکەم، بەڵام تائێستا ناوم بۆ دەستنیشان نەکردووە.

### گۆرانییەکی نوێم بەڕێوەیە

**ڕووداو: گوتت باوکت حەزی نەدەکرد ڕێگەی ئەو هەڵبژێری لە ترسی ئەوەی هونەر نەتژێنێ، ئێستا کە هەمان ڕێگەت گرتووە، لەو باوەڕەدای هونەر بتژێنێ؟**

**تەمەن:** تاوەکو لە کوردستان بووم هونەر نەیدەتوانی بمژێنێت، لە کەنەدا کورد پاڵپشتی زۆری هونەری کوردی دەکەن و هەوڵ دەدەم هونەرەکەم زیاتر بەرەو پێش ببەم و ئەگەر بکرێت بە هونەرەکەم بژیم.




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484

LEGACY
CONSTRUCTION

## دوو دز ژنێک بریندار دەکەن

**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی ناوشاری سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/8/2 لەگەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی هەرزەکارێکی 16 ساڵ لەگەڵ هاوڕێیەکی 18 ساڵی، پلانیان بۆ دزینی ماڵی هاوسێکەیان داناوە و گوتی "ئەو ماڵە تەنیا ژنەکەیان لە ماڵەوە بووە سەرەتا هەرزەکارەکە بەبیانوی ئەوەی تۆپەکەی کەوتووەتە ماڵەکە چووەتە ژوورەوە، لەوێ چەقۆیەکی لە سکی ژنەکە داوە بۆ ئەوەی هاوڕێکەی بڕواتە ژوورەوە، بەڵام ژنەکە دوای بەرگریکردن، پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردووە و دوو گەنجەکە گیران و نەیانتوانیوە دزییەکە بکەن، ژنەکەش باری تەندروستی جێگیرە".



## بەگوێرەی ئاماری ساڵی ڕابردوو

# ئەمساڵ کوشتنی ژنان 50% کەمی کردووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامارەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ئاماژەی ئەرێنی و نەرێنییان تێدایە سەبارەت بە ڕەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی ئەرێنی ئەوەیە کە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوو کوشتنی ژنان 50% کەمی کردووە. بەڵام ئاماژەی نەرێنی ئەوەیە کە خۆکوشتنی ژنان زیادی کردووە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توندوتیژی دژی ئافرەتان دراوەتە (ڕووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، لە ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن و سووتان و خۆسووتاندن و سکاڵا و دەستدرێژی، بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، خۆکوشتن و ڕووداوەکانی سووتان زیادیان کردووە، بەڵام کوشتنی ژنان بۆ نیوە دابەزیوە.

### 47 حاڵەتی خۆکوشتن

بەگوێرەی ئەو ئامارانە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 47 ژن کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، ئەویش لە ڕێگەی خۆکوشتن بە گوللە یان خۆخنکاندن بە پەت و ئامرازی دیکە. زۆرترین حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان لە پارێزگای دهۆک بووە کە 16 حاڵەتە. پاشان هەولێر 13 حاڵەت، سلێمانی 7 حاڵەت، گەرمیان 4 حاڵەت، ڕاپەڕین 4 حاڵەت و سۆران 3 حاڵەت. بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 38 حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە.

ئەمەل کاکەیی، بەڕێوەبەری پلان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەندەی تێبینیمان کردووە، زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن بەهۆی نەخۆشی و خراپیی باری دەروونیی کەسەکانەوە بووە".

### کوشتنی ژنان

ئاماژەیەکی ئەرێنی لەو ئامارەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا کەمبوونەوەی کوشتنی ژنانە. لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 31 ژن کوژرابوون، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 16 ژن کوژراون، واتە کوشتنی ژنان 50% کەمی کردووە.

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا زۆرترین حاڵەتی کوشتنی ژنان لە شاری دهۆک بووە کە شەش ژنە، لە شوێنەکانی دیکەش بەو شێوەیە بووە: (هەولێر 3، سلێمانی 3، گەرمیان 2 و سۆران 2).

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا زۆرترین حاڵەتی کوشتنی ژنان لە شاری هەولێر بووە کە 12 حاڵەت بووە، بەڵام ئەمساڵ لە شاری دهۆک زۆرترین حاڵەتی کوشتنی ژنان تۆمارکراوە کە شەش حاڵەت بووە.

### 135 ژن سووتاون

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، سووتانی ژنانیش بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە. لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 117 ژن سووتابوون، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 135 ژن سووتاون.

بەپێی ئامارەکە زۆرترین حاڵەتی سووتانی ژنان لە شاری هەولێر بووە کە 56 حاڵەتە، دواتر سلێمانی دێت بە 27 حاڵەت، دهۆک 25 حاڵەت، سۆران 14 حاڵەت، گەرمیان 7 حاڵەت و سۆران 6 حاڵەت.

هەرچەندە زۆر لەوانەی دەسووتێن کەسوکاریان دەڵێن قەزا و قەدەر بووە، بەڵام ئەمەل دەڵێت ئەوان هەموو جۆرەکانی سووتان بە قەزا و قەدەریشەوە بە توندوتیژی هەژمار دەکەن "چونکە ناتوانین یەکلایی بکەینەوە کە ئاخۆ قەزا و قەدەرە یاخود نا، لەبەرئەوەی هەندێکیان ڕەنگە بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتاوییەکەیانەوە نەتوانن هۆکارەکەی ئاشکرا بکەن، یاخود خۆیان نەیانەوێت ئاشکرای بکەن".

سەبارەت بە حاڵەتەکانی خۆسووتاندنی ژنانیش دەرکەوتووە کە ئەمساڵ خۆسووتاندنی ژنان کەمی کردووە، چونکە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 52 ژن خۆیان سووتاندووە، لە کاتێکدا نیوەی دووەمی ساڵی ڕابردوو 63 ژن خۆیان سووتاندبوو.

وەک لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت، زۆرترین حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان لە شاری دهۆک تۆمار کراوە کە 22 حاڵەت بووە. لە هەولێریش 16 حاڵەت، لە سۆران 7 حاڵەت، لە سلێمانی 4 حاڵەت و لە ڕاپەڕینیش چوار حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان تۆمارکراوە.

### سکاڵا کەمی کردووە

نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، بەردەوام سکاڵای ئەو ئافرەتانە وەردەگرن کە لەلایەن کەسوکاریانەوە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

بەپێی ئاماری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 2926 سکاڵا تۆمارکراون، بەڵام نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 3646 ئافرەت سکاڵایان تۆمارکردبوو.

زۆرترین سکاڵا کە ئەمساڵ تۆمارکرابێ لە شاری هەولێر بووە کە 1283 سکاڵا بووە، لە دهۆک 878 سکاڵا، لە سلێمانی 273، گەرمیان 221، ڕاپەڕین 173 و لە سۆران 98 سکاڵا تۆمارکراوە.

### دەستدرێژی کەمی کردووە

بەپێی ئامارەکە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 70 حاڵەتی دەستدرێژی هەبووە، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ژمارەکە دابەزیوە بۆ 45 حاڵەت.

ساڵی ڕابردوو زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی لە سلێمانی تۆمارکرابوو کە 29 حاڵەت بووە و دواتر دهۆک دەهات بە 21 حاڵەت. بەڵام لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە و زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی لە دهۆک تۆمار کراوە کە 25 حاڵەت بووە و سلێمانیش هەشت حاڵەت.

هەروەها ئەمساڵ حەوت حاڵەتی دەستدرێژی لە هەولێر تۆمارکراوە، لە هەر یەکێک لە قەزاکانی سۆران و گەرمیان و ڕاپەڕین دوو حاڵەتی توندوتیژی سێکسی هەبووە.

### دهۆک.. شارێکی پڕ لە توندوتیژی

ساڵانی ڕابردوو پارێزگای دهۆک لە زۆربەی ئامارەکانی توندوتیژی لەدواوە بوو، بەڵام ئەمساڵ تێبینی دەکرێ لە زۆربەی حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان، دهۆک لە پێشەوەیە. ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانەوە هەبێت کە زۆربەیان لە سنووری پارێزگای دهۆک نیشتەجێ کراون.

ئەمەل بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی هیچ شارێک بدات، سەبارەت بە ئاوارەکان دەڵێت "ئەو ئامارە پشکی ئافرەتانی پەنابەر و ئاوارەشی تێدایە، چونکە ئەگەر ئەوان نەبوونایە، بێگومان ئامارەکان کەمتر دەبوون".



#### ئاماری توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە شەش مانگی یەکەمی 2016دا

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 3 | 13 | 56 | 16 | 1283 | 7 |
| دهۆک | 6 | 16 | 25 | 21 | 878 | 24 |
| سلێمانی | 3 | 7 | 27 | 4 | 273 | 8 |
| گەرمیان | 2 | 4 | 7 | 0 | 221 | 2 |
| ڕاپەڕین | 0 | 4 | 6 | 4 | 173 | 2 |
| سۆران | 2 | 3 | 14 | 7 | 98 | 2 |
| کۆی گشتی | 16 | 47 | 135 | 52 | 2926 | 45 |

#### ئاماری توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە شەش مانگی یەکەمی 2016دا

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 12 | 12 | 41 | 22 | 1255 | 3 |
| دهۆک | 4 | 8 | 23 | 10 | 964 | 21 |
| سلێمانی | 6 | 11 | 24 | 17 | 616 | 29 |
| گەرمیان | 6 | 2 | 7 | 8 | 440 | 12 |
| ڕاپەڕین | 2 | 2 | 9 | 2 | 262 | 3 |
| سۆران | 1 | 3 | 13 | 4 | 109 | 2 |
| کۆی گشتی | 31 | 38 | 117 | 63 | 3646 | 70 |

#### جیاوازی نێوانیان

| ساڵ | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2016 | 16 | 47 | 135 | 52 | 2926 | 45 |
| 2015 | 31 | 38 | 117 | 63 | 3646 | 70 |
| | -15 | +9 | +18 | -11 | -720 | -25 |

# هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی نەیترساند



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- گەرمیان**

گەنجێک هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە لە کچێکی هاوڕێی دەکات ئەگەر پارەی نەداتێ، بەڵام کچەکە ناچێتە ژێر باری هەڕەشەکانی ئەو کوڕە و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات. ئێستا کوڕەکە بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی دەستگیرکراوە.

(ف،ن) کچە خوێندکارێکی تەمەن 21 ساڵە، لەگەڵ (ب،ع)ی تەمەن 19 ساڵ کە کاسبکارە و هەردووکیان دانیشتووی ناوچەی گەرمیانن، لەڕێی فەیسبووکەوە یەکدی دەناسن، بەڵام ئەو یەکترناسینە دەبێتە بەڵا بۆ کچەکە.

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کوڕە لەڕێی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە کچەکەی ناسیوە و پاشان کچەکە وێنەی خۆی بۆ ناردووە، بەڵام گەنجەکە بە فۆتۆشۆپ دەستکاریی وێنەکانی کردووە و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی لێکردووە ئەگەر بڕی زیاتر لە هەزار دۆلار یان ئاڵتوونی نەداتێ.

قەدووری گوتی "کچەکە پێش ئەوەی پارە و ئاڵتوونەکانی پێبدات، لای پۆلیس سکاڵای تۆمار کرد، گەنجەکەش بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددە دوو لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، دەستگیرکراوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو دۆسیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەرەتای مانگی تەممووز ڕۆژێک ئەو کچە و کەسوکاری سەردانیان کردوون و گوتوویانە لەڕێگەی ژمارە مۆبایلێکەوە داوای پارە و ئاڵتوونیان لێدەکرێت، ئەگەریش ئەو داوایە جێبەجێ نەکەن، ئۆتۆمبێلەکەیان دەسووتێنن.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "کاتێک لەگەڵ کچەکە قسەمان کرد، دەرکەوت لەڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕەکەی وەکو هاوڕێ ناسیوە، پاشان کوڕەکە داوای وێنەی لێکردووە و ئەویش بۆی ناردووە، بەڵام دواتر کوڕەکە ئەو هەڕەشەیەی لێکردووە".

وەکو سەرچاوەکە باسی کرد، بۆ ئەوەی ژیانی ئەو کچە نەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوان ئەو حاڵەتەیان تەنیا بۆ دایکی باس کردووە و نەیانهێشتووە کەسوکاری دیکەی پێی بزانن و گوتی "پاشان کچەکە لای خۆمان لەڕێگەی فەیسبووکەوە پەیوەندی بە کوڕەکەوە کرد کە پارە و ئاڵتوونەکان ئامادەن و دەتوانێت وەریان بگرێت، کوڕەکە پێیگوت کەسێکی بۆ دەنێرم، هەر لەو کاتەدا هەوڵمان دا کوڕەکە شوێنی خۆی بۆ کچەکە ئاشکرا بکات، ئەویش پێیگوت لە چ شوێنێکە. دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەر، چووینە ئەو شوێنەی گەنجەکەی لێیە و سەرەتا هەڵات، بەڵام دواتر دەستگیرمان کرد".

گەنجەکە لەلای پۆلیس گوتوویەتی سەرەتا لەڕێی کەسێکەوە مۆبایلی ئەو کچەی وەرگرتووە و دوای ئەوەی قسەی لەگەڵ کردووە، لەڕێی فەیسبووکیشەوە بوونەتە هاوڕێ، مەبەستیشی ئەوە بووە پارە لەو کچە وەربگرێ.

بەقسەی سەرچاوەکە، باوکی گەنجەکە بەو کارەی کوڕەکەی زانیوە و پێی ناخۆش بووە و هەوڵی داوە لەڕێگەی سوڵحی عەشایرییەوە کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام ماڵی کچەکە ڕازی نەبوون و دەیانەوێت یاسا ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە، چونکە بە قسەی کوڕ و کچەکەش هیچ مەبەستێکی خراپ لەنێوانیاندا نەبووە، بەڵکو گەنجەکە تەنیا بۆ پارە ئەو کارەی کردووە.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کچە و کەسوکاری کارێکی باشیان کردووە کە لە کاردانەوەی هەڕەشەی ئەو گەنجەدا پەنایان بۆ یاسا بردووە و گوتی "ئەو کچە بەشێوەیەکی بوێرانە توانیویەتی کێشەکەی بباتە بەردەم یاسا بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت و شتی نەخوازراوی لێ نەکەوێتەوە".

بەپێی یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2008ی پەرلەمانی کوردستان کە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنە، مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی ئەو گەنجە دەکرێ. ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساخ ببێتەوە، سزاکەی بەندکردنە کە لە شەش مانگ کەمتر نییە و لە پێنج ساڵیش زیاتر نییە، هەروەها غەرامەکردنی کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نییە و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نییە، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

ئەو ڕووداوە لە کاتێکدایە کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا کچێکی چواردە ساڵ هەر لە شاری کەلار لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە بڕی 65 هەزار و 700 دۆلاری لێ سەندرا کە بە قسەی کچەکە لەژێر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیدا ئەو پارەیەی دابوو. دواتر کچەکە و کەسوکاری بەپێی ماددەی 456 و بە تۆمەتی خەڵەتاندن، سکاڵایان لە دژی 14 گەنج تۆمار کرد و دەستگیرکران.

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (419) - دووشەممە 2016/8/8



## دوو تۆمەتبار دەستگیردەکرێن

**رووداو- سلێمانی**

رۆژی 2016/8/4 دوو تۆمەتبار بە کوشتنی پارێزەرێکی شاری سلێمانی لە قەزای سەیدسادق دەستگیرکران. حەکیم عەزیز حەمەلاو، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە رایگەیاندووە "دوای گەیشتنی فەرمانی دەستگیرکردنی دوو تۆمەتبار کە لە گوندی قاینجەی سەر بەقەزاکەمان خۆیان حەشار داوە و داواکراوبوون لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانییەوە بەپێی ماددەی 406، هێزەکانمان بە هاوکاری ئاسایش لەسەر فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوە، توانیان دەستگیریان بکەن و دەستیش بەسەر شەش پارچە چەکدا بگرن و تۆمەتبارانیش رەوانەی پۆلیسی سلێمانی کران". رۆژی 2016/7/12 پارێزەرێک لە نێو بازاڕێکی شاری سلێمانیدا کوژرا.

# پرسەی دوو ئەڤیندارەکەی تەقتەق هاوبەش بوو



**عومەر چاوشین**
**رووداو- تەقتەق**

کچێک و کوڕێک کە دەگوترێ ئەڤینداری یەکدی بوون، لەبەردەم ماڵی کچەکەدا دەکوژرێن، باوکی کوڕەکە دەڵێت کوڕەکەی و کچەکە کوژراون، بەڵام باوکی کچەکە دەڵێت ئەو کوڕە دوای ئەوەی کچەکەی ئەوی کوشتووە، خۆیشی کوشتووە. پۆلیسیش دەڵێت هێشتا نازانرێ رووداوەکە چۆن بووە.

پرسەی بەیان و سابیر هاوبەش بوو، کەسوکاری هەردوولا لە مزگەوتی گوندەکە پێشوازییان لەو میوانانە دەکرد کە بۆ سەرەخۆشی دەهاتن.

بەرەبەیانی 2016/8/2 لە گوندی مەخەڕەزی سەر بە ناحیەی تەقتەق لە قەزای کۆیە، کوڕێکی تەمەن 17 ساڵ بەنێوی سابیر محەممەد سابیر و کچێکی تەمەن 16 ساڵ بەنێوی بەیان سمکۆ مەمەند، لەبەردەم ماڵی کچەکەدا کوژران.

بەیان و سابیر بە گوللەی دەمانچە کوژران، بەیان گوللەیەک بەر سکی کەوتووە و سابیریش گوللەیەک بەر سەری کەوتووە، بەڵام کەسوکاری هەردوولا زانیاری جیاواز لەسەر رووداوەکە دەدەن.

محەممەد سابیر، باوکی کوڕەکە دەڵێت، کوڕەکەی تاوەکو ساڵێک لەمەوبەریش دەیخوێند، بەڵام دواتر لە ناکاو وازی لە خوێندن هێنا و بووە شوانی مەڕ و ماڵاتەکەیان.

بە گوتەی باوکی، سابیر حەزی لێ بووە خێزان پێکەوە بنێت، بۆیە مانگێک لەمەوبەر بۆی چوونەتە خوازبێنی بەیان، بەڵام کەسوکاری بەیان بە بیانووی ئەوەی کچەکەیان دەخوێنێ و هێشتا منداڵە، دەڵێن جارێ بە شووی نادەین.

باوکی سابیر کە لە مزگەوتی گوندەکەیان قسەی بۆ (رووداو) کرد، زوو زوو سڵاوی ئەو کەسانەی دەسەندەوە کە بۆ پرسەی سابیر و بەیان هاتبوون. باوکی سابیر ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی "بەداخەوە بۆ یەک نەبوون، بەڵام پێکەوە مردن".

باوکی سابیر شەوی رووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی "سەعات 12ی شەو کەسێک تەلەفۆنی بۆ سابیر کردووە، ئەویش دوای تەلەفۆنەکە چووەتە دەرەوە. بەری بەیان تەلەفۆنیان بۆ کردین گوتیان سابیر تووشی رووداوی هاتوچۆ بووە، بەڵام باوەڕم بەو قسەیە نەکرد، کە چوومە نەخۆشخانەی کۆیە بینیم کوڕەکەم کوژراوە".

باوکی سابیر نازانێت کوڕەکەی لەسەر چی، بۆچی، لەلایەن کێ و چۆن کوژراوە "تەنیا ئەوەندە دەزانم لەبەردەم ماڵی خزمێکی خۆمان لەگەڵ کچەکەی ئەواندا کوژراوە".

باوکی سابیر دەڵێت ئەوان هیچ کێشە و ناخۆشییەکیان لەگەڵ ماڵی باوکی کچەکەدا نییە، بۆیە بەرپرسارێتی ئاشکراکردنی رووداوەکە بۆ پۆلیس جێدێڵێت و دەڵێت "ئێمە هەموو شتێکمان تەسلیمی پۆلیس و یاسا کردووە".

بەڵام سمکۆ مامەند، باوکی بەیان قسەیەکی دیکەی هەیە و بکەری رووداوەکە ئاشکرا دەکات کە بە گوتەی ئەو سابیر خۆیەتی.

سمکۆ باسی پەیوەندی نێوان خۆی و خێزانی سابیری کرد و گوتی "ئێمە بن ئامۆزاین. پەیوەندیمان لەگەڵ یەکدی زۆر خۆشە. هەر بەهۆی ئەوەش بوو باوکی سابیر هاتە خوازبێنی بەیانی کچم، بەڵام کچەکەم دەیخوێند و منداڵیشە، جگە لەوەش خاوەن پێداویستی تایبەتە و قاچەکانی تەواو نین، بۆیە حەزمان نەکرد جارێ بەشووی بدەین".

سمکۆ شەوی رووداوەکە لە ماڵ نەبووە و لە نەخۆشخانە بووە لە کۆیە، بۆیە داوای لە خاڵێکی منداڵەکان کردووە شەو لە ماڵی ئەوان بخەوێت و ئاگای لە ماڵ و منداڵەکەی بێت.

سمکۆ گوتی "وەک خاڵی بەیان بۆی باسکردووم، شەو خەبەری بووەتەوە بینیویەتی بەیان لەسەر جێگاکەی نەماوە، کە چووەتە دەرەوە بینیویەتی لەگەڵ کوڕێک وەستاوە. بەیان ویستبووی بێتەوە ژوورەوە، بەڵام کوڕەکە رێگەی نەدابوو. کوڕەکە دەمانچەی پێبووە، گوللەیەکی لە سکی بەیان داوە و دەستبەجێ گوللەیەکی لەسەری خۆیشی داوە".

سمکۆ تاوەکو ئێستاش سەر لەوە دەرناکات ئەو رووداوە چۆن روویداوە و دەڵێت "ئێمە هیچ ناخۆشییەک لە نێوانماندا نییە، تەنانەت دوای رووداوەکەش هیچ کێشە نەکەوتووەتە نێوانمان و پرسەیەکی هاوبەشمان دانا. نازانم سابیر بۆچی وای کرد".

باوکی سابیر رەتینەکردەوە کە کوڕەکەی دەمانچەی هەبووە، بەڵام دەڵێت "بۆسەیان بۆ کوڕەکەم داناوەتەوە، تاوانەکەشیان بە دەمانچەی کوڕەکەم کردووە، بۆ ئەوەی تاوانباران نەدۆزرێنەوە".

عەمیدی پۆلیس محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (رووداو)ی گوت، لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەبارەی رووداوەکە دەستی پێکردووە، بەڵام کەس داوای تۆمار نەکردووە، کەسیش لەسەر رووداوەکە دەستگیرنەکراوە.

گوتیشی "لە شوێنی رووداوەکە قەوانی دوو گوللە دۆزراوەتەوە، گوللەیەک بەر سکی کچەکە کەوتووە و کوڕەکەش فیشەکێک بەر سەری کەوتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە دیار نییە و چاوەڕێی گەڕانەوەی راپۆرتی پزیشکی دەکەین بۆ ئەوەی راستی رووداوەکەمان بۆ دەربکەوێت".

# لە تەمەنی 82 ساڵیدا خۆی دەخنکێنێ



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

خوشکەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات بۆ ئەوەی خواردنی بۆ ببات، محەممەد وەڵامی پەیوەندییەکەی ناداتەوە، بۆیە خوشکەکەی بڕیار دەدات سەردانی بکات، بەڵام تووشی شۆک دەبێت کاتێک براکەی بە هەڵواسراوی دەبینێ.

ئێوارەی رۆژی 2016/7/30 پیاوێکی تەمەن 82 ساڵ بەنێوی محەممەد ئەحمەد، لەو خانووەی تێیدا دەژیا لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی، بە پەتێک خۆی خنکاند. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی ناوشاری سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو پیاوە بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە و خنکاوە، گوتەی کەسوکار و شایەتحاڵەکان وەرگیراون و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.

محەممەد ژنی نەهێنابوو، نزیکەی سێ ساڵ بوو بە تەنیا دەژیا، خزمەکانی و دراوسێکانی یارمەتییان دەدا و جاروبار خواردنیان بۆ دەبرد. دراوسێکانی دەڵێن ئەو پیرە پیاوە کەسێکی بێدەنگ و بێ کێشە بووە.

دراوسێیەکی محەممەد کە جاروبار سەردانی کردووە گوتی "محەممەد زۆر بە کەمی دەهاتە دەرەوە مەگەر بۆ کڕینی پێداویستی بووایە، هەندێجار دەچوومە لای و قسەمان دەکرد، جاروباریش خوشکەکەی سەردانی دەکرد و خواردنی بۆ دەهێنا، بەڵام بە روخساریدا دیار بوو لە ژیان بێتاقەت و بێزار بوو، هەست دەکەین هەر لەبەر ئەو هۆیەش خۆی خنکاندبێ".

بەبۆچوونی ئەو دراوسێیەیان، پێدەچێت محەممەد پێشتر پلانی بۆ خۆخنکاندنەکەی دانابێت و گوتی "دەرگای مەدخەلەکەی کردبووەوە، پێدەچێت ویستبێتی دوای رووداوەکە خەڵک بە ئاسانی بڕۆنە ژوورەوە و پێی بزانن".

دراوسێیەکی دیکەیان گوتی "محەممەد زۆر تێکەڵی خەڵک نەدەبوو، بەهۆی پیربوونیشیەوە توانای ئامادەکردنی خواردنی نەبوو، بۆیە جگە لە خوشکەکەی کە هەمیشە دەهاتە لای و خواردنی بۆ دەهێنا، هەندێجار دراوسێکان خواردنیان بۆ دەبرد".

ئەو دراوسێیەیان ئاشکرای کرد کە محەممەد جارێکی دیکەش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ئەویش لە رێگەی بڕینی دەمارێکی دەستی، بەڵام دراوسێکانی زوو زانیویانە و رزگاریان کردووە.

گێلاس ئەحمەد کە خوشکی محەممەدە و یەکەمین کەس بووە بە خۆکوشتنی براکەی زانیوە، چەند رۆژێک دوای رووداوەکە بە (رووداو)ی گوت "بەردەوام دەچوومە لای و شەوی پێش رووداوەکەش لەلای بووم قسەمان دەکرد، کاتێک ویستم بگەڕێمەوە پێیگوتم بەیانی زوو خەبەرم نەکەیتەوە، ئیدی رۆژی رووداوەکە نزیکەی کاژێر سێ بوو پەیوەندیم پێوە کرد، وەڵامی نەدایەوە و دواتریش هەر پەیوەندیم دەکرد وەڵامی نەبوو، شەویش بەڵێنم پێدابوو خواردنی بۆ ببەم، بە کچەکەمم گوت دەڕۆم بزانم بۆ وەڵام ناداتەوە و دواتر دێمەوە خواردنەکەی بۆ دەبەم".

گێلاس هەر لە درێژەی ئەو گێڕانەوەیەدا گوتی "کلیلی خانووەکەم پێبوو، دەرگای دەرەوەم کردەوە و چوومە ژوورەوە دەرگای مەدخەلەکە کرابووەوە. لە هەموو ژوورەکان بانگم کرد دەنگی نەبوو، بەڕێکەوت ئاوڕی حەوشەی پشتەوەم دایەوە، بینیم خۆی هەڵواسیبوو".

گێلاس لە دراوسێکانی بیستووە کە بینیویانە کاژێر 2:30ی دوای نیوەڕۆ هاتووەتە دەرەوە بۆ هەڵدانەوەی سێرکتی کارەبای مولیدە.

گێلاس قسەی دراوسێکانی براکەی پشتڕاست کردەوە کە براکەی بێتاقەت بووە و گوتی "هەر دەیگوت تەمەنم هەیە و لە ژیان بێزارم و تاقەتم نەماوە، کە گەنجێک دەمرد، دەیگوت خۆزگە من بوومایە".

گێلاس هەروەها گوتی "ئەمساڵیش جارێک دەستی خۆی بڕیبوو، لە مانگی رەمەزانیشدا حەبی مەعیدەی خواردبوو کە رەنگە هەر بەمەبەستی خۆکوشتن بووبێت، کاتێکیش لێمان دەپرسی بۆچی وا دەکەی؟ دەیگوت نازانم، بەڵام لەو بڕوایەدا نەبووین خۆی بکوژێت. شەوی پێش رووداوەکە لەلای بووم هەستم نەکرد بێ تاقەت بێ".

پێشتر محەممەد لەگەڵ دایک و براکانی، نزیکەی چل ساڵ لە شاری بەغدا ژیاون و کاری نانەوایی کردووە، بەڵام هەشت ساڵ بوو گەڕابووەوە کوردستان. گێلاس گوتی "براکەم پێشتر هەر لەگەڵ دایکیدا ژیاوە و دوای مردنی دایکیشی، ژنی نەهێناوە، کاتێکیش لە بەغدا گەڕایەوە، پێنج ساڵ لای من ژیا و سێ ساڵیش بوو بە تەنیا دەژیا، چونکە هەر حەزی لە تەنیایی بوو، رۆژی پێش جەژنی رەمەزان هێنامە لای خۆم، بەڵام پێشنیوەڕۆی جەژن گوتی تاقەتم نییە و رۆیشتەوە بۆ شوێنی خۆی". گێلاس رەتیکردەوە براکەی کێشەی ماددی هەبێت یان نەخۆشییەکی هەبێت و گوتی "براکەم تەنیا لە ژیان بێزار بوو بۆیە خۆی خنکاند".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## خەسوو خێزانێکی هەڵوەشاندەوە

ئافرەتێک سەردانی کردین، دەیگوت دەیەوێ لە مێردەکەی جیاببێتەوە، کاتێک پرسیمان بۆچی دەتەوێ جیاببیتەوە؟ دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد.

ژنەکە گوتی ماوەی 20 ساڵە شووم کردووە، لە ماوەی ئەو 20 ساڵەدا کێشەمان نەبووە، بەڵام لەو دوو ساڵەی دوایی کێشەکانی نێوانمان تا دەهات زیاتر و گەورەتر دەبوون. ئەویش دوای ئەوەی مێردەکەم دایکی خۆی هێنایەوە ماڵەوە کە پێشتر لەلای کوڕێکی دیکەی بوو. بەهۆی خەسوومەوە کێشە کەوتە نێوان برا و براژنی مێردەکەم و خەریک بوو لە یەکدی جیاببنەوە، مێردەکەم بڕیاری دا کە دایکی بهێنێتە لای خۆی، بۆ ئەوەی ژیانی برا و براژنەکەی تێکنەچێت. خەسووم هەر ماوەیەک لە ماڵەکەمان بەبێ دەنگی دانیشت، دواتر دەستی بە نانەوەی کێشە کرد، منداڵەکانی لە دژی من هان دەدا، کچە هەرزەکارەکەم لەدەست چوو، هێندەی ئەو پشتگیری بکات و دەیگوت لێیگەڕێ گەنجە و تازە پێدەگات. کوڕەکەم نەخۆشیی شەکرەی هەیە، ئەو بە دزیی منەوە شتی شیرینی دەدایێ. شتەکانم بۆ مێردەکەم باس دەکرد سەرەتا گوێی لێدەگرتم، بەڵام دواتر ئەویش پشتی تێکردم و دەیگوت تاقەتی شەڕی ئێوەم نییە.

ژنەکە بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەکە و گوتی مێردەکەم رۆژ بەرۆژ لێم دووردەکەوتەوە، هەستم کرد شتێکی نامۆ هەیە، دواتر سەیری مۆبایلەکەم کرد بینیم نامە بۆ ئافرەتێک دەنێرێ، بۆم دەرکەوت بە دزیی منەوە ژنێکی دیکەی هێناوە.

تەنیا داواکاریی ژنەکە ئەوە بوو کە لە مێردەکەی جیاببێتەوە و منداڵەکانی بۆ بەخێو بکات، هیچ سکاڵایەکی لەسەری نەبوو. هەرچەندە پێشتر داوای لە مێردەکەی کردبوو تەڵاقی بدات، بەڵام مێردەکەی رازی نەدەبوو.

کاتێک بانگی پیاوەکە کرا و کێشەی ژنەکەی بۆ باس کرا، گوتی: من چارەسەری کێشەکە دەکەم، بەڵام ژنەکەی سوور بوو لەسەر ئەوەی لێی جیاببێتەوە و پێیگوت بڕۆن خۆت و دایکت منداڵەکانم بۆ پەروەردە بکەن.

بە ئافرەتەکە راگەیەنرا ئەگەر جیابوونەوەکەتان رەزامەندی هەردوولای لەسەر نییە، دەتوانیت دوو سکاڵا تۆمار بکەی، یەکێکیان لەسەر ئەوەی مێردەکەی بە نهێنی و بەبێ رەزامەندی ئەو ژنێکی دیکەی هێناوە. لەو حاڵەتەدا یاسا مێردی ژنەکە سزا دەدات بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێ لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێ لە پێنج ساڵ، هەروەها غەرامەکردن بە پارەیەک کە کەمتر نەبێ لە ملیۆنێک دینار و زۆرتر نەبێ لە سێ ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

سکاڵاکەی دیکەشیان لە دادگای باری کەسی تۆمار بکات و داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات. لە بڕگەی پێنجی مادەی 40ی یاسای باری کەسیدا هاتووە "ئەگەر پیاوێک ژنێکی دیکەی هێنا، ئەوا ژنی یەکەمی مافی ئەوەی هەیە داوای جیابوونەوە بکات".

لە کۆتاییدا پیاوەکە رازی بوو دەست لە ژنەکە هەڵبگرێ، هەموو مافەکانی ژنەکە بدات و منداڵەکانیش بەخێو بکات. هەروەها دانی بەوەدا نا کە سەرۆک خێزانێکی باش نەبووە و نەیتوانیوە کێشە خێزانییەکانی چارەسەر بکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS):

# گەڕاندنەوەی سەقامگیری لەپاش داعش زیاتر لە یەک دەیەی پێویستە

ڕووداو – هەولێر

سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) ڕاپۆرتێکی لەسەر هەڕەشە و تەحەداکانی پاش لەناوبردنی داعش بڵاوکردووەتەوە کە لەلایەن ئانتۆنی کۆردزمان ئامادەکراوە و بەتایبەتی فۆکسی لەسەر هەڕەشەکانی داعشە.

کۆردزمان پێیوایە یەکەم هەنگاو لەم ڕووەوە دەبێت جیاکردنەوەی "شکستی داعش" لە "شکستی تیرۆریزم" بێت، لەبەر ئەوەی دەشێت "داعش وەکوو خەلافەت شکستی پێ بهێنرێت، یان ئاستی تیرۆریزمی داعش کەم بکرێتەوە و هێرشەکانیان کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام وەکوو بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی دەمێنێتەوە". جگە لە داعش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لانکەی زیاتر لە 70 ڕێکخراوی توندئاژۆن کە لە حەفتاکانەوە چالاکن.

لە بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە گەڕاندنەوەی جۆرێک لە سەقامگیری بۆ جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە یەک دەیەی پێویستە. هەر ئەم کێشانەش وادەکەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکان نەتوانن بە ئاسانی موسڵمانەکان تێکەڵ بە کۆمەڵگاکانی خۆیان بکەن، لەم دۆخەشدا پاراستنی تەواوەتیی کۆمەڵگا کراوەکان نیمچە مەحاڵە".

ڕاپۆرتەکەی CSIS بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتیی دراو هۆشداری دەدات کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و دیموگرافییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گەشەکردنی توندوتیژییەکان و دروستبوونی ناکۆکی لە نێوخۆی جیهانی ئیسلامی و لەگەڵ دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەدا هەبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەنێوان ساڵانی 1950 بۆ 2015 پێنج هێندە بووە. هەر لە هەمان ماوەی زەمەنیدا ڕێژەی دانیشتووانی شار لە 30%ەوە بۆ 60% گەشەی کردووە، ئەمەش وای کردووە گرووپە ئەتنیکی، ئایینی، نەژادی و خێڵەکییە جیاوازەکان بەشێوەیەکی بێوێنە لە یەکدی نزیک ببنەوە. ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە کۆمەڵێک چاکسازی و پەرەپێدانی کەرتەکانی حوکمڕانی هەیە و وڵاتانی ناوچەکە لەم بوارەدا شکستیان هێناوە و شکستەکەش لەم بوارانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

**1- حوکمڕانی:**

گەندەڵیی بەربڵاو، حکومەتی ناکارامە، نەبوونی پلانی گەشەکردن، نەبوونی سیستەمێکی دادپەروەرانەی دابەشکردنی سامان، لێدانی هەرچەشنە ناڕەزایەتی و دژایەتییەکی ئاشتیانە، هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو لایەن و لێکدانەوەکانی ئیسلام و ئایین بە گشتی.

**2- ئابوورییەکی نەزۆک:**

ئابووریی وڵاتانی ئەم ناوچەیە نە توانای دروستکردنی هەلی کاری حکومییان ماوە و نە دەشتوانن کەرتێکی تایبەتی زیندوو و چالاک دروست بکەن کە توانای دروستکردنی هەلی کار بۆ گەنجانی هەبێت، لە کاتێکدا 40%ی دانیشتووانی ئەم وڵاتانە تەمەنیان لە خوار 24 ساڵە و ڕێژەی بێکاری گەنجان لە نێوان 20-40% دایە.

**3- پەروەردە و پەرەپێدانی کولتووری:**

سیکولاریزم نەیتوانیوە دەرفەتی ڕاستەقینەی حوکمڕانی و پێکەوە ژیان بهێنێتە ئاراوە، بە تایبەتیش بۆ ئەو کەمینانەی کە لە وڵاتدا هەست بە پەراوێزبوون دەکەن، پەروەردە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان فەشەلیان هێناوە، هەر ئەم بۆشاییە کولتووری و پەروەردەییەش وای کردووە گرووپە توندڕەوەکان بتوانن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە جیهانبینی خۆیان بە خێرایی لەناو دانیشتووانی ئەم وڵاتانەدا بڵاوبکەنەوە.

**4- بەهاری عەرەبی و سەرکوتەکانی پاش 2011:**

بە بۆچوونی کۆردزمان کاردانەوەی حکومەتەکان، شەڕوپێکدادانەکان و سەرکوتەکانی پاش بەهاری عەرەبی لە عێراق، سووریا، میسر، لیبیا، بەحرەین، تونس و یەمەن وای کرد ڕەوشەکە هێندەی دیکەی ئاڵۆزتر ببێت. جگە لەم وڵاتانە لوبنان، ئوردن و تورکیاش لە پریشکەکانی جەنگی نێوخۆیی سووریا و عێراق بێبەش نەبوون.

کۆردزمان پێیوانییە گۆڕینی ئەم هۆکارانە کارێکی ئاسان بێت، لە هەمانکاتدا هەنگاوی واقعبینانەتر ئەوەیە "ماوەی زیاتر لە یەک دەیە چاکسازی لە کەرتە جیاجیاکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بەڕێوەبچێت، نەک ئەوەی بۆ لەناوبردنی تیرۆریزم و توندڕەوی تەنها پشت بە ڕێکارە سەربازییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم ببەسترێت".




### گۆڕانی داینامیکی ئیسلام

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پو تراست (Pew Trust) ژمارەی موسوڵمانان لە جیهاندا لە هی هەموو ئایینەکانی دیکە خێراتر گەشە دەکات و لە ماوەی نێوان 2010 بۆ 2050 ژمارەی موسڵمانانی جیهان بەڕێژەی 73% زیاد دەکات. بەم پێیەش ژمارەی موسوڵمانانی جیهان دەبێتە 2.76 ملیار کەس. لە کاتێکدا ڕێژەی گەشەی مەسیحیەت و هیندۆییزم لە هەمان ماوەدا لەڕێژەی 31.4%دا دەوەستێت، ژمارەی دانیشتووانی مەسیحی لە 2.1 ملیارەوە بۆ 2.9 ملیار کەس بەرز دەبێتەوە. بەم پێیەش لە سێ دەیەی داهاتوودا جیاوازیی ژمارەی دانیشتووانی مەسیحی و موسڵمانی جیهان زۆر کەم دەبێتەوە.

ئایین لای زۆربەی دانیشتووە موسوڵمانەکانی ناوچەکە ڕۆڵێکی گرنگی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەیە، لەوانەش حوکمڕانی و سیاسەت، بۆیەش لە لایەکەوە دەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێکدادانی شارستانییەکان بگیرێت و لە لایەکی دیکەشەوە وا بکرێت زۆربەی موسوڵمانەکان دژی بیرکردنەوەی توندئاژۆیی بن. واتە کار لەسەر رای گشتیی جیهانی ئیسلامی سەبارەت بە گرووپە توندڕەوەکان و کردەوەکانیان بکرێ.

بە گوێرەی ڕاپرسییەکان دانیشتووانی وڵاتانی موسوڵمانیش نیگەرانن لەوەی بیری توندئاژۆیی لە وڵاتەکانیاندا تەشەنەی سەندووە، هەروەها لە زۆریەی وڵاتاندا زیاتر لە 90%ی دانیشتووە موسوڵمانەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هیچ بیانوویەکی ئایینی بۆ کردەوەی گرووپە توندئاژۆکان نییە. کۆردزمان پێیوایە ئەم هەڵوێستەی موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا پۆتانسیەلێکە کە دەبێت ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی "توندڕەوی و تیرۆریزم" سوودی لێوەربگرن، نەک هەر خۆیان بە پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی وڵاتەکانیانەوە سەرقاڵ بکەن.

ڕاپۆرتەکەی CSIS جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ڕەوشێکی لەمجۆرەدا و بە لەبەرچاوگرتنی جیهانیبوونەوەی ئابووری، دانانی بەربەست لەبەردەم دانیشتووە موسوڵمانەکانی جیهان بۆ هاتنە ڕۆژئاوا بیرۆکەیەکی هەڵە و کوشندەیە، لە کاتێکدا گەشەی ئابووریی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە سەرچاوەکانی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەبەستێت.

### بینینی کێشەکان وەکوو خۆیان

لە بەشی کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا ئانتۆنی کۆردزمان چەند خاڵێک دەخاتەڕوو کە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و چارەسەرکردنیان پێویستن و دەڵێت زۆربەی هێرشەکان (تەقینەوە، هێرشی خۆکوژی یانیش دەستڕێژی گوللە) لەو وڵاتانە ڕوودەدەن کە تێیاندا شەڕ و پێکدادان لە نێوان موسڵمانەکان (چ لە نێوان گرووپە ئیسلامیەکاندا و چ لە نێوان گرووپە ئیسلامییەکان و حکومەتدا) هەیە، بەم پێیەش "تیرۆریزم هێندەی پێکدادانی نێو شارستانییەتی ئیسلامییە هێندە پێکدادانی نێوان شارستانییەتی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی نییە".

هەروەها دەڵێت باشتر وایە جەنگی تیرۆریزم لە دەرەوەی ئەمریکا و ئەورووپا بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا پێکبهێنرێت و هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی ئەم ناوچەیە بەهێز بکرێن.

کۆردزمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بەوە ناکرێت زیادەڕۆیی لە هەڕەشەکانیدا بکەین، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە دەبێت دان بەو کێشانەدا بنێین کە پێش سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە هەبوون و ئەگەر چارەسەر نەکرێن دوای لە ناوچوونی گرووپەکانیش هەر دەمێننەوە و زەمینە بۆ سەرهەڵدانی گرووپی نوێ دەسازێنن.

# زیندانەکانی ئەوروپا دەبنە ناوەندی پێگەیاندنی چەکداری توندڕەو



7.5%ی کۆی موسڵمانەکانی فەرەنسا لە زیندانەکان ژیان بەسەردەبەن.

# بۆمبە گەڕۆکەکان
# بە ئەوروپادا دەسووڕێنەوە



هەری سارفۆکە چەکدارێکی بیانیی داعش بوو دوای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا دەستگیرکراوەو لەژێر چاودێرییەکی توند داندراوە

هۆکاری شێرپەنجەن

# دەرمانی قڕکەر هەڕەشە لە تەندروستیی خەڵکی کوردستان دەکات



**گوتەبێژی وزارەتی تەندروستی:**
بەدواداچوونمان بۆ مەترسیی ماددە قڕکەرە کیمیاوییەکان لەسەر مرۆڤ نەکردووە

## کورتەباڵایی لە منداڵدا



## شەکر... ژەهرە شیرینەکە

د. زانا ئەحمەد*

شەکر یەکێکە لە خراپترین ئەو شتانەی دەمیان بۆ دەبەین. چەندێک شیرینە، ئەوەندەش ژیانت تاڵ دەکات، ئەمەش لەڕێگەی تووشکردنی مرۆڤ بە گەلێک کێشەی تەندروستی.

شەکر هیچ جۆرە سوودێکی نییە. خاڵییە لە هەرچی ماددەی پێویستی جەستەیە، تاکە سوودێک هەیبێ ئەوەیە کە وزە بە لەش دەبەخشێ، بەڵام بەم وزەیەش دەگوترێ (وزەی فشۆڵ) جا ئەگەر ئەو کەسەی شەکر دەخوات زۆر خۆی ماندوو بکات، ئەوە ئەو وزەیە بەکاردەبات، ئەگەرنا وزەکە دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی قەڵەوی.

کاتێک شەکر دەخورێ، شەکری خوێن و لەمەشەوە ئاستی ئەنسۆلین بەرز دەبێتەوە، بەرزیی ئەنسۆلینیش ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە تووشبوون بە شێرپەنجە. کەواتە یەکێک لە هۆیەکانی شێرپەنجە، بەتایبەت شێرپەنجەی مەمک و قۆڵۆن، شەکر خواردنە. ئینجا بەهۆی ئەوەی (فراکتۆز)ی تێدایە، شەکر کار دەکاتە سەر فرمانی جگەر، ئەمەش لەڕێگەی کۆکردنەوەی چەوری تێیدا و دروستبوونی بەرگری بۆ ئەنسۆلین کە ئەمەش قۆناغی پێش شەکرەیە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە دەردەخەن کە شەکر خواردنی زیاد لە پێویست، تەنانەت لە ماوەیەکی کورتی دوو مانگ و نیویشدا، دەبێتە هۆی قەڵەوی و بەرزبوونەوەی چەورییە خراپەکانی نێو خوێن. ئەمە جگە لە چەندان زیانی دیکەی وەک ئەوەی وزەی پێویست دەبەخشێت بە بەکتریاکانی نێو دەم بۆ ئەوەی بکەونە ڕزاندنی ددانەکان و کلۆرکردنیان.

گشت ئەوانە وادەکەن کە بڵێین تاوەکو دەکرێ دەم بۆ شەکر مەبەن، ئەگەر هەر بشخورێت، دەبێ بزانرێ کە بەپێی ڕێنماییەکانی (کۆمەڵەی پزیشکانی دڵی ئەمەریکی) نابێت پیاوان لە نۆ کەوچکە چا و ژنانیش لە شەش کەوچکە چا زیاتر شەکر بخۆن لە شەو و ڕۆژێکدا! ئەگەر شەکر خواردنی ڕۆژانەی خۆمان لەگەڵ ئەمەدا بەراورد بکەین، بە ئەنجامێکی سەیر دەگەین، چونکە لای ئێمە وا باوە کە بە کەوچک (عەیارە)ی شیر شەکر لە چا دەکرێ، هەر عەیارەیەکیش چوار کەوچکە چا دەکات!

زۆر کەس ئەمەی بۆ باس بکەیت، دەڵێ "جا ژیان بێ شەکر چۆن دەبێ؟". ڕاست دەکات، بەڵام ئەمە بەهۆی ئەوەوە نییە کە شەکر سوودی هەیە بۆی، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ئاڵوودەی شەکر بووە!

بەڵێ، لێکۆڵینەوە زانستییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە شەکر ئاڵوودەمان دەکات. ڕێک وەک ئاڵوودەبوون بە جگەرە و مەی، سەرەتا دەست لێبەردانی زۆر زەحمەتە، بەڵام دوای ماوەیەک، بگەڕێیتەوە سەری، پێی تێکدەچی. یەک دوو هەفتە بەرگەی تامی چای تاڵ بگرە، دوای ئەوە بزانە بێ شەکر دەکرێ یان نا؟! ئەگەر هەر بەرگەی تاڵیی چای ناگری، سەرەتا هەوڵ بدە بە خورماوە بیخۆیتەوە.

زۆر خواردن و خواردنەوەی دیکەش هەن کە بڕی زۆری شەکر لەخۆ دەگرن، بۆیە دەبێت خۆ لەوانیش بەدوور بگرین، بەتایبەت کێک و پاقلاوە و خواردنەوە گازییەکان. تۆ دەزانی لە کاتی ئامادەکردنی ئەوانەدا، بە پەرداخ شەکریان تێدەکرێ نەک کەوچک؟

ئینجا هەندێک خواردنی دیکە هەن کە شەکری زۆریان تێدایە بێ ئەوەی پێیان بزانین، بۆ نموونە کەوچکێک (کێچاپ) 3 گرام (واتە کەوچکێک چا) شەکری تێدایە و قوتوویەک سۆدەش 40 گرام (10 کەوچکە چا) شەکری تێدایە.

*** شارەزا لە دروستیی خۆراک**

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (419) - دووشەممە 2016/8/8




# سێ خوشکی چیخۆف لە سلێمانین

**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆیی لە سلێمانی بە هاوکاریی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد شانۆیی سێ خوشک نمایش دەکات.
غەفوور عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری هونەریی شانۆگەریی سێ خوشک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو بەرهەمە لەلایەن شەفیق محەممەدەوە ئامادە کراوە.
لەو شانۆییەدا گۆنا حەمەساڵح، هێرۆ جەواد، سەرگوڵ حسێن، لاڤین ڕەئووف، کەمال عەلی، عوسمان محەممەد، هونەر دێوانە، ئەکرەمی حەمەی گوڵە و گۆران ئەکرەم ڕۆڵ دەگێڕن. بڕیارە شانۆییەکە لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان لە ڕۆژانی 2016/8/14 نمایش بکرێت و بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بێت.




# کێبڕکێی "شاجوان" لەنێوان کچانی باشوور و ڕۆژهەڵاتە

**ڕووداو – هەولێر**

وا بڕیارە مانگی داهاتوو ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی 2016 بەڕێوەبچێت و تاوەکو ئێستاش 40 کچ خۆیان بۆ کێبڕکێ لەسەر ناسناوەکە ناونووس کردووە. ناو تۆمارکردنیش بەردەوامە.

سیروان تۆفیق، بەرپرسی بەبازاڕکردن لە دەستەی گشتیی گەشتوگوزار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ناونووسین تاوەکو 10ی مانگی داهاتوو بەردەوام دەبێت و کچانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەتوانن خۆیان ناونووس بکەن.

ساڵانی ڕابردوو بەشداریکردن تەنیا بۆ کچانی باشووری کوردستان بوو. سیروان دەڵێت "تاوەکو ئێستا تەنیا کچانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان ناونووس کردووە و ژمارەی کچانی باشوور زیاترە، بەڵام تا ئێستا هیچ کچێکی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان خۆی ناونووس نەکردووە".



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

خانمە ئەکتەری ئێرانی سەدەف تاهیریان، بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی وێنە ورووژێنەرەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەڵێت هیچ سنوورێکی بۆ دەرکەوتن و پۆشینی جلوبەرگ نییە.

لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی بەبێ سەرپۆش لە ئیمارات، دەسەڵاتدارانی ئێرانی تەواوی ئەو فیلم و زنجیرە درامایانەیان قەدەغە کرد کە تاهیریان ڕۆڵی تێدا بینیون، دواتریش فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکرد، هەر بەم هۆیەوە تاهیریان چووە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

تاهیریان کە ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بەردەوامی وێنەی ورووژێنەر بڵاودەکاتەوە، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ سنوورێکم بۆ دەرکەوتن و پۆشینی جلوبەرگ نییە، چونکە نمایشکار و ئەکتەر پێویستە جورئەتی دەرکەوتنی بەهەموو جۆرێک هەبێت".

هاوکات ڕەخنەی لە بەرپرسانی ئێران گرت و گوتی "ئەوەی بەرامبەر منیان کرد بێ ڕەحمی بوو، من لە دەرەوەی ئێران تەنیا وێنەیەکم بێ سەرپۆش بڵاوکردەوە، مافی خۆمە بەو جۆرەی کە دەمەوێ بژیم. ئێستاش هیچ باکم نییە لەوەی کێ بە وێنەکانم پەست دەبێت".



# قوبادی کار لە عومەردا ناکات

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی ڕایگەیاند کە داوای لێکراوە بچێتە ئیمارات و لەوێ فیلمێک لەسەر ژیانی عومەری کوڕی خەتاب دروست بکات، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە.

بەهمەن قوبادی، سینەماکار و دەرهێنەری کورد بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕەتمکردەوە ئەو کارە بکەم، چونکە هیچ شارەزاییەکم لەسەر ژیانی ئەو کەسایەتییە نییە، لە کوردستان قارەمان و شۆڕشگێڕی زۆر هەن کە فیلمیان لەسەر دروست بکەم و نامەوێت بچمە وڵاتانی عەرەبی".



# دلێر بۆ کلیپێک دەچێتە ئەمریکا

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ دلێر عەبدولقادر بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی هونەری سەردانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا دەکات و سەردانەکانیشی نزیکەی مانگێک دەخایەنێت.

دلێر بە (ڕووداو)ی گوت "گەشتەکەم بۆ ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێکە بۆ کوردی تاراوگە لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا و دواتریش سەردانی ئەمریکا دەکەم بۆ ئەنجامدانی ڤیدیۆ کلیپ بۆ یەکێک لە گۆرانییە تازەکانم".

دلێر گوتیشی "چەند بەرهەمێکی زۆر باش و تازەشم بەدەستەوەیە، بەڵام دەمەوێ بەشێوەی سنگڵ بڵاویان بکەمەوە، چونکە بەرهەمهێنانی ئەلبووم لەم کاتەدا باش و گونجاو نییە".

دلێر عەبدولقادر نزیکەی بیست ساڵە سەرقاڵی کاری هونەرییە و زیاتریش لە ئاهەنگی خێزانیدا گۆرانی دەڵێت.



# شێخۆ و حاجۆ بۆ قامشلۆ دسترن

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە کەریم شێخۆ و جوان حاجۆ کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیک لە بەرلین ساز بکەن و داهاتەکەشی پێشکەش بە برینداران و بنەماڵەی قوربانیانی تەقینەوەکەی قامشلۆ بکەن.

کەریم شێخۆ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ هونەرمەندی کورد جوان حاجۆ گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کردووە کۆنسێرتێکی خێرخوازی لە بەرلین بە هاوبەشی ساز بکەین و داهاتەکەی بۆ خەڵکی لێقەوماوی تەقینەوەکەی قامیشلۆ بێت، ڕەنگە ئەم کۆنسێرتە لە مانگی ئۆکتۆبەردا بکرێت".

کەریم شێخۆ پڕۆژەیەکی هاوبەشی هونەرمەندانی ڕۆژئاوای کوردستانی ئاشکرا کرد و گوتی "پڕۆژەیەکمان بەدەستەوەیە کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان وەک خێرۆ عەباس، جوان حاجۆ، ڕۆیا، گۆرانییەکی نیشتمانی بۆ پێشمەرگەی ڕۆژئاوای کوردستان تۆمار بکەین".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

ڕێگە مەدە پەیوەندیت لەگەڵ هاوکارانت ئاڵۆز ببێت، هەر کەمتەرخەمییەک ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت. گفتوگۆی هێمن ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. هەفتەیەکی پڕ لە چالاکی بەڕێدەکەی.

## گا

ئەو کارانەی بە ترسەوە هەنگاویان بۆ دەنێی، بەدەگمەن نەبێ تێیاندا سەرکەوتوو نابی. کەسێک پشتیوانیت بکات دەتوانی بڕیاری گرنگ بدەیت، هەوڵ بدە بڕیارێکی دروست بدەی و ئەنجامی هەبێت.

## دووانە

ئەگەر دەتەوێت لە کارەکانت هەمان ڕێگەی خەڵکی دیکە تاقی بکەیتەوە ئەوا ڕێگەی ئەو کەسانە تاقی بکەرەوە کە ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە نەک ئەوانەی هێشتا لە هەوڵدان بەردەوامن.

## قرژاڵ

بیرۆکەکانت هەموویان باشن و هیوایەک بۆ سەرکەوتنیان بەدی دەکرێت، بەڵام دەتوانی تەنها یەک دانەیان لەم کاتەدا بە ئەنجام بگەیەنیت، باشترینیان ئەوەیە کە دەسکەوتی دارایی زیاتری هەبێت.

## شێر

هەوڵەکانی ئەم مانگەت بۆ ئەو شتانەیە کە دڵخۆشت دەکەن، بەڵام بە زەحمەت دەتوانی شتەکان دیاری بکەیت، چونکە دووبارە و بێزارکەرن. فەرامۆشکردن و بێدەنگیت خۆشەویستەکەت ڕەشبین دەکات.

## فەریک

دەخوازیت کارێکی قورس بکەیت بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشیت، پێشنیاری یەکێک لە هاوڕێکانت پەسەند دەکەیت. گفتوگۆ و دیدارەکان چەند زانیارییەکی نوێت پێدەبەخشن.

## تەرازوو

هەرکاتێک بتەوێت خۆت لە گرفت دەرباز بکەیت چەندین ڕێگەت بۆ دەکرێتەوە، بەڵام هەتا زیاتر چارەسەر دوابخەیت گرفتەکە گەورەتر دەبێت. کارکردن بە هاوبەشی بۆ ئەم کاتە گونجاو نییە.

## دووپشک

کار بە بیرۆکەی کۆن ڕابگرە و بەدوای بابەتێکی نوێدا بگەڕێ، کاردانەوە مەنوێنە دەربارەی ئەو قسانەی بەرامبەرت دەکرێن یان دەیانبیستیتەوە، بێدەنگیت دەبێتە وەڵامێکی باش.

## کەوان

فرسەتێکی باشە بۆ جوڵاندنی بابەتێکی ئاڵۆز و ڕەنگە بەرپرسیارێتی گەورە بکەوێتە سەر شانت، بەڵام بڕوات بە توانای خۆت هەبێت. پەیوەندیی سەرکەوتوو پشت بە متمانەی پتەو دەبەستێ.

## گیسک

جوڵەی چواردەورەکەت ئاماژەی گرنگی تێدایە و دەتوانی خوێندنەوەی بۆ بکەیت، بە خۆڕاگریت ڕێگەی سەرکەوتن زامن دەکەیت. بیرکردنەوە کۆنەکان فەرامۆش بکە و لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ هەنگاوەکانت ڕێکبخە.

## سەتڵ

دەتەوێت کارێکی نوێ ئەنجام بدەی لە کاتێکدا چەندین کاری دیکەت فەرامۆش کردووە، بۆیە چاوەڕوانی هاوکاریی ئەو کەسانە مەبە کە نائومێدت کردوون. بڕە پارەیەکی قەرز وەردەگریتەوە.

## نەهەنگ

ئەگەر لە گوتەو بەڵێنی کەسێک دڵنیا نەبیت دەتوانی تەماشای هەڵسوکەوتی بکەیت. بەجیدی کارەکانت نەکەیت ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبیتەوە. کاتی بەختەوەرییە و هەوڵێکی کەم سەرکەوتنی گەورەی بەدواوە دەبێت.

# ئێمە بۆ دەمرین؟





کامەران سوبحان

کامەران سوبحان

بـە مردن دەسـت پێدەکات و بە سـلێمانی کۆتایی دێت

ئێمە بۆ دەمرین؟ ئەمە پرسیاری منداڵێکی هەشـت ساڵانە، کاتێک بەیانییەکی شـوومی زسـتان بە دەنگی قریشـکەی گریانی دایکی و خوشکەکانی بەسەر جەسـتەی ساردبووەوەی باوکیاندا بە خەبەر دێت و دواتر ئەم پرسیارەی لەلا دروسـت دەبێت: باوکم بۆ مرد؟ ئەی ئێمە بۆ دەمرین؟

پاشتر مردن دەبێتە مۆتەکەیەک و بەردەوام لەگەڵیدا دەبێت، بەتایبەتی لەناو شیعرەکانیدا، هەرچەنـدە ئەو زۆر جار باسـی مردنی کردووە وەک پرۆسـەیەکی فیزیکیی ئاسایی. بەڵام لە شیعرەکانیدا هەمیشە مردن وەک دێوەزمەیەک و یادەوەرییەکی بەهێزی ئەو سـاتانەی بینینی مردنـی باوکی دێـت و لـەدەرگای بیرەوەرییە ناخۆشـەکانی دەدات. لە وێستگەکانی کۆتایی تەمەنیدا، لـە دیوانە بەناوبانگەکەیدا (خێراکە مـردن خەریکە بگات) لە شـیعری (پایز لەناو پایزدا) دەڵێت:

**من و ئەو... پایزی ناو پایز**
**وەلێ ئاخ ... من ئەبێ ماڵەکەی**
**بۆ چۆڵ کەم**
**من ئەڕۆم و ئەو ناڕواو**
**دواجاریش ئەو لەسەر**
**چرپاکەم ئەخەوێ.!**
**وەلێ ئاخ ... ئاخ و ئاخ**
**من ئەمرم و**
**ئەو نامرێ.!**

شـێرکۆ بێکەس، دیمەنـی مردنی باوکی لە ژیاننامە و بیرەوەرییەکانیدا (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)، بە دیمەنێکی زۆر سـینەماییانەی سـەرنجڕاکێش دەسـتپێدەکات: "بەیانییەکـی شوومی زستان، ڕۆژی وا سارد و سەرما و سۆڵە و تـۆف و تـووش کەم بینراوە، من بۆ خۆم تا گەیشـتوومەتە ئەم تەمەنـە، ڕەنگە هەر چەند جارێک ڕۆژی وا سـەختم بینیبێ. بارێزەیەکی تیـژی بە گڤە گڤ و لوورەلوور و ئاسـمانێکی خۆڵەمێشیی تەواو نزم و ترسناک، لەو ڕۆژانەی کەس ناوێرێ سەر لە کون بێنێتە دەر.... باوکە فایـەق بێکەس لە هەڕەتی پیاوەتی و جۆش و خرۆشی نیشتمانپەروەری و لە گەرمەی وەرزی شیعرنووسینی خۆیدا و لە تەمەنی 43 ساڵیدا لەسـەر دۆشەکێکی پەڕۆ، دوای کۆکەگرتنێکی تونـد، دڵـی گـەورەی لـە لێـدان کـەوت و سـاردبووەوە و جارێکی دی هەڵنەسایەوە. ئەو مردنە لەناکاوەی باوکم سەرلەبەر ژیانی ئێمەی گۆڕی". لە سـەرەتای پایـزی 1991 دا کە لە سـتۆکهۆڵمەوە دەگەڕێتەوە بۆ سـلێمانی، بەم چەند دێڕە کۆتایی بە یادەوەرییەکانی دێنێت: "لەگەڵ گەیشـتنە شاردا، سـڵاو پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر، سڵاو شەقامی تووی مەلیک، سـڵاو ئـەی یەکەم پۆلە کچی چاوڕەشـی ئەم ئێوارە جوانەی هەوارە بەرزە، بەر لەوەی بگەمە بەر دەرگای ماڵ، زنجیری جانتا دەسـتییەکەم ڕاکێشـاو چاوم کەوت بـە (دەربەندی پەپولە) و دڵنیابـووم مـاوە و ئامادەیـە بـۆ ئـەوەی لـە داهاتوویەکـی نزیکدا، لە ئێـوارە کۆڕێکی خۆشەویستی و شیعردا هەرچی پەپوولەی ناو دەربەندەکەی هەیە، هەڵیانڕژێنمە سەر شانۆ و ناو هۆڵ و ناو قژ و ناو دڵی ئازیزان و بە دەنگی من دایانپۆشن. خۆر لە ئاوابووندایە و بەڵام من تازە لە هەڵهاتندام".

نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش لە دوو بەرگی نزیکـەی 900 لاپـەڕە پێکهاتووە، شـێرکۆ لە ناوەڕاستی ساڵی 2005 دا لە نووسینی بووەوە و کۆتایـی 2013 ، ناوەندی غەزەلنووس پاش کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس چاپی کرد.

## *کێشانی سکێچی مرۆڤە ناودارەکان

یەکێک لـە لایەنە سەرنجڕاکێشـەکانی ئەم بیرەوەرییانـە، بـۆ منـی خوێنەر لە کێشـانی سـکێچی کۆمەڵێـک مرۆڤی ناوداری سیاسـی و فەرهەنگیدایـە کە ڕەنگە پێشـتر کەم کەس هەبووبێت بەو جۆرە بتوانێ ئەو هێڵکارییەمان بۆ بکێشـێ. لەگەڵ ئەوەشـدا نووسـەر خۆی پاراستووە لە زۆر کەسایەتی و نەیتوانیوە وەک پێویست ناویان بهێنێ. بەتایبەتیش کەسایەتییە نووسـەرەکانی هاوڕێـی خـۆی. ئەمـەش بـە پلـەی یەکەم بۆ ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندییـە تایبەتانە دەگەڕێتەوە کە لە پێش مردنیدا هەیبووە و نەیویسـتووە لەگەڵ هەندێ لـەو هـاوڕێ ئەدیبانەیدا تێکی بـدات. چونکە مـن بۆخـۆم دەیانجـار باسـی ئەو کەسـانەم لـێ بیسـتووە کـە کاک شـێرکۆ ڕەخنەی لە هەڵوێسـتیان لە بوارە جیاوازەکانـدا هەبووە. جێی خۆی بوو لەم بیرەوەرییانەدا بە نووسین ڕەخنەیـان لێ بگرێت و ناویـان بهێنێ و وەک خـۆی بینووسـێتەوە، بەڵام خۆی لـەم لایەنە پاراسـتووە. کەچی بەپێچەوانەوە لەسـەر زۆر کەسـایەتی سیاسـی ناوداری ئەو سـەردەمە لـە یادەوەرییەکانیـدا قسـەی هەبـووە و بـە ئەرێنـی و نەرێنی بۆچوونی خۆی نووسـیوە، لەوانە هەریەک لە: مسـتەفا بارزانی، عەبدوڵڵا ئۆجـەلان، مـام جـەلال، مەسـعود بارزانـی، نەوشیروان مسـتەفا، عەبدولڕەحمان قاسملو، ئیبراهیم ئەحمەد و...هتد کە ئەگەر کەمێکیش بێت، بەڵام خوێنەر تێڕوانینی شـێرکۆ بێکەس سەبارەت بەو کەسایەتییانە دەخوێنێتەوە.

لەبـارەی کێشـەی ناو نووسـەرانی کورد و پەیوەندییەکانیـان، زۆر شـتی بـاس کردووە، بـەڵام خۆی پاراسـتووە لە باسـی گرفتەکانی نێوانیان کە لەسـەر چی و بۆچی بووە؟ بەڵام باسی هەندێکی کردووە کە پەیوەنییان زۆر باش بـووە، بە تایبەتی پەیوەندیی خۆی و حسـێن عارف، ڕەئـوف بێگەرد، جەمال شـارباژێڕی، کاکـە مەم و مسـتەفا سـاڵح کەریـم و دەیان نووسـەری دیکە، بەڵام باسی ئەو نووسەرانەی نەکردووە کە گرفتی گەورەیان لەگەڵ شـێرکۆ بێکـەس هەبـووە لـە حەفتاکانـەوە تا پێش کۆچی دوایی. لە هەندێ شوێندا بەبێ ناوهێنان ئامـاژەی کورتی داوە بە هەندێ کێشـەی زۆر بچـووک لەگەڵ هەندێ لە نووسـەراندا و تەنیا توانجێکی تێگرتوون.

لـە باسـی شـاعیران و نووسـەرانی وەکو: گۆران، پیرەمێرد، شـێخ نووری شـێخ ساڵح، هـەردی، ڕەفیـق حیلمـی، ڕەفیـق چـالاک و عەبدوڵڵا جەوهەردا زۆر شتی تایبەتی نووسیوە، بەڵام زۆر نووسـەر و کەسایەتی تریش هەبوون لەو سەردەمەدا هاوەڵ و هاوڕێی بوون و کێشە و گرفتیان لەگەڵیدا هەبووە، ناوی نەهێناون و بەسەریاندا گوزەری کردووە. بەبڕوای من ئەگەر قسـەی لەسـەر ئەو نووسـەرانە بکردایە، ئەم یاداشتنامەیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبوو، هەر هیچ نەبێت بەشـێک لەو نووسەرانە ئێستا لـە ژیاندا مـاون و ئەو کاتـە ئەوانیش وەڵامی خۆیـان دەبوو، لانیکەم ئـەم نەوەیەی ئێمە و خوێنەرانیش لەو گفتوگۆیەدا بەشـێکی زیاتری ڕاستییەکانمان بۆ ڕوون دەبووەوە.

شـێرکۆ کە لە ژیانیشدا بوو، چەندین جار نووسەران بە نەرێنی لەسەریان نووسیوە، ڕاستە لە دڵـەوە زۆر نیگەران بووە بەو نووسـینانە، بـەڵام وەک لەم بیرەوەرییانەشـدا ئاماژەی بۆ دەکات، هیچی لە دڵدا هەڵنەگرتووە لەسەر ئەو نووسەرانە:

"من وەک مرۆڤ پیاوێکی دڵپاکم، هەڵئەچم و تووڕە دەبم و ڕەنگە هەندێجاریش بەرامبەرەکەم ئازار بدەم، بەڵام زوو سـارد دەبمەوە و هیچ لە دڵما نامێنێ. جاری وا هەبووە تا سەر ئێسقان وردیان کردووم، سووکایەتیان پێکردووم، وتومە جارێکی تر مەحاڵە لەو کەسـە نزیک ببمەوە، بـەڵام لە بۆنەیەکدا ئەو کەسـەم بینیوەتەوە و هیچم لە دڵدا نەماوە".

من لێرەدا کارکردنی خۆم وەک بەڕێوەبەری نووسـین لە هەردوو گۆڤاری (ئایندە و ڕۆڤار) لەدەزگای سـەردەم بـە نموونـە دەهێنمەوە، دەمەوێت وەک خۆی بۆ خوێنەرانی بگێڕمەوە:

– لە گۆڤاری ئاینـدە، چەندین جار مـن و بـرای بەڕێـزم کاک دانا فایـەق دیدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەو نووسەرانە بۆ گۆڤاری ئایندە سـازکردووە کە کاک شێرکۆ پەیوەندیی زۆر خـراپ بـووە لەگەڵیان، لـە گۆڤارەکەش بـە جوانتریـن شـێوە بڵاومـان کردووەتەوە، بـەڵام هەموو جارێک پێـش بڵاوبوونەوەی ئەو چاوپێکەوتنانـەی دەبینـی و هیـچ جارێکیش نەبووە سـەرنج یان گرفتێک دروست بکات، بە پێچەوانـەوە هەموو جار دەیگوت پێم خۆشـە زیاتر گرنگی بەو ناوانە بدەن، با نەڵێن شێرکۆ سانسۆری کردووین.

تەنانـەت جارێـک من داوام لـە یەکێک لەو نووسـەرانە کرد نووسـینێکمان بۆ (ڕۆڤار) بۆ بنووسێت، ئەو بە منی گوت: "دەترسێم بەهۆی نووسینەکەی منەوە تۆش لە دەزگای سەردەم سـزا بدرێی! دواتر نەک سـزا نـەدرام، بەڵکو کاک شێرکۆ خۆی پێشنیازی کرد یەک ڕۆڤاری تایبەت بۆ ئەو نووسـەرە کـوردە دەربکەین و هـەر واشـمان کـرد. ئەمـە جگە لـەوەی لەو ماوەیـەی کە من بەرپرسـی ڕۆڤار بووم، چەند ژمارەیەکی تایبەتـی (ڕۆڤار)مان بۆ کۆمەڵێک نووسـەری کورد دەرکرد کە کاک شێرکۆ نەک پەیوەنـدی بـاش نەبـووە لەگەڵیـان، بەڵکو بۆچوونی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانیشـیان، لەگەڵ ئـەوەی خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشـتیی ڕۆڤاری دەکرد، ئەو ژمارانـە لە ژمارەکانـی تر، زیاتر بایەخمان پێ دەدان.

ئەگـەر ئێسـتا خوێنەر بگەڕێتـەوە بۆ ئەو ژمارانـەی ڕۆڤـار، دەزانـێ چەنـد نووسـەر لـەو نووسـەرانەی (ڕۆڤـار)ی تایبەتمـان بۆ دەرکـردوون، ڕۆژگارێـک پەیوەندیـی خراپیان لەگـەڵ کاک شـێرکۆ بێکەس هەبـووە. ئەمە پێچەوانەی هەندێ نووسـەر و ڕۆشنبیری تری کورد کە لە شـوێنێکدا کاریان کردووە کینە و تووڕەبوونی خۆیان تێکەڵی کارەکەیان کردووە و زۆر نووسـەری کوردیان سانسـۆر کردووە و نەیانهێشـتووە بەرهەمیان لەو ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگایانەدا بڵاوببێتەوە کە خۆیان بەرپرسی بوون.

## ئەو یادەوەریانەی تەنیا بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە

(نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)م سێ جار خوێندووەتـەوە. پێـش چاپکردنـی، لەکاتی تایپکردنی دەستنووسـەکە و دوای چاپ، لەم ڕۆژانەشـدا جارێکی دیکە ئەو بیرەوەرییانەم خوێندەوە، هەر جـارەی تاموچێژێکی تایبەتی هەبـوو بۆ مـن وەک خوێنەرێک و وەک کەسـێک کە سـاڵانێکی زۆر پێکەوە لە دەزگایەکی ڕۆشنبیری و گۆڤارێکدا کارمان کردووە.

ڕۆژێک کاک شـێرکۆ لە فایلێکدا کۆمەڵێکـی زۆر لاپـەڕەی دامێ، گوتی ئەمە بەشـێکی بیرەوەرییەکانمە، پێم خۆشـە بیخوێنیتـەوە و سـەرنجی خۆتم پـێ بڵێیت. لاپـەڕەکان تایپکـراو بوون، لە هـەر لاپەڕەیەکـدا چەند وشـە و دێڕێک هێڵی سووریان بە ژێردا هاتبوو و ڕاست کرابوونەوە. پێش من ئـەم بیرەوەرییانـەی دابووە ڕەئوف بێگەرد و چەند هاوڕێیەکی دیکەی، تا سەرنج و تێبینی خۆیانی بۆ بنووسن. من نازانم ئەوان چ سەرنجێکیان هەبووە لەسەر ئەم بیرەوەرییانە، بەڵام من ئەوکات بە نووسین کۆمەڵێک سەرنجی خۆمم پێگوت، ئێستا کاتێک کە بۆ سێیەم جار ئەم بیرەوەرییانە دەخوێنمەوە، هەمان سەرنجم هەیە و وا لێرەدا بۆ خوێنەرانی دەخەمەڕوو:

– زۆر چێـژم لـەم بیرەوەرییانـە بینی، بە تایبەتی لە هێڵکاریی پۆرترێتی کۆمەڵێکی زۆر کەسـایەتی دیـاری کورد لە بواری سیاسـی و ڕۆشنبیریدا کە دیوی ڕاستەقینەی هەندێکیانی وەکو خۆیان بە خوێنەر ناساندووە.

– دابەشکردن و پەرتکردنی ئەم بیرەوەرییانە بۆ مانشێتی ڕۆژنامەوانی و ناونان لە بەشەکانی، بە بڕوای من کوشـتن و کەرتکردنی بیرەوەریی تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشـێوی شـاعیرە. چونکـە ئەمـە یاداشـتە و ناکرێـت هـەر دوو لاپـەڕە و ناونیشانێکیتایبەتی بـۆ دابنـرێ. ئەگەر ئەمە بۆ کارئاسـانیی خوێنـەر کـراوە، بـەڵام چێژێکـی زۆری دەقەکەی کوشتووە. لەم یاداشتانەدا و لـە 900 لاپـەڕەدا کـە وێسـتگەکانی نزیکـەی زیاتر لـە 40 سـاڵی تەمەنـی خۆت دەگێڕیتەوە، پێویسـت بەو هه مـو و دابڕان و پەرتکردنە نـاکات، هەر دوو سـێ لاپـەڕە جارێک، خوێنـەر دابڕێـت و لەژێـر مانشێتێکی نوێدا رایکێشیتەوە بۆ ناو چیرۆکێکی تری ژیانت.

– کەسێک کە خوێنەری شیعرەکانی تۆ بێت، کە یادەوەری و یاداشـتەکانت دەخوێنێتەوە، دەیەوێت دانپێدانان و قسە نەگوتراوەکانی نێو چاوپێکەوتن و دیدارەکانت بخوێنێتەوە، بە تایبەتیش لەو چیرۆکە نهێنی

# هێڵی لەڤ، قارەمان یان دژەقارەمان؟!



ڕێبوار کەریمی

کۆتایـی مانگـی ڕابـردوو دوو خەڵاتـی نێونەتەوەیـی بە هونەرمەندی کوردی- فینلاندی، هێلان عەبدوڵڵا ناسـراو بە هێڵی لەڤ بەخشران، خەڵاتێکـی هونـەری لەبـەر کلیپی "شـۆڕش" و خەڵاتێکیش لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەک هێمای "هێزبزوێنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت". چەمکـی empowerment women کە مانای "ژنـی هێزبزوێن"دەگەیەنێت، لەناو میدیای کوردیدا بە "قارەمـان" وەرگێڕدرا و، هەر ئەوەش بوو بەهـۆی ئەوەی شـەپۆلێکی ناڕەزایەتی دژی پێدانی ئەو خەڵاتە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و بەدواشیدا، شەپۆلێکی هێرش بۆ سەر کەسایەتیی هێڵی لەڤ ، لە میدیـا کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڕێ بکەوێـت. هەمـوو هەراکەش لـەو چوارچێوەیەدا فۆرمووڵە کرا کە بۆچی کچە شەڕڤانە قارەمانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەبیردەکرێن، کەچی خەڵاتی قارەمانێتی دەبەخشرێت بە هێڵی لەڤ. هەڵبەت وەبیرهێنانـەوەی شـەڕڤانە کچەکانـی ڕۆژئاوا بۆ ژێرپرسیارخسـتنی شەرعیەتی خەڵاتبەخشین بە هێڵـی لەڤ، لەبری ئـەوەی دەروازەی باسـێکی ڕەخنەگرانـە لەسـەر پێوەدانگـی (ڕۆژئاوایـی) نەتەوەیەکگرتـووەکان بکاتـەوە، تەنیـا بـوو بە بیانوویەک بۆ هەڵکوتانە سەر کەسایەتی هونەریی هێڵی لەڤ و نرخاندنی وەکوو "دژە قارەمانێک".

مـن لـەم وتـارەدا هـەوڵ دەدەم وەڵامی دوو پرسـیار بدەمەوە: یەکەم ئـەوەی کە بۆچی کچە شەڕڤانانی کورد، پێگەی ئەو قارەمانەیان پێ ڕەوا نابینرێ، کە بە بڕوای زۆربەی ئێمە شیاوی ئەوەن؟ دووەمیـش ئەوەی کە ئایا هێڵـی لەڤ دەکەوێتە کوێـی هاوکێشـەی قارەمـان و دژەقارەمانـەوە؟ دواجاریش دەمەوێ ئەوە نیشـان بدەم کە بۆچی لەبەرامبـەر یەکتردانانـی هونەرمەندێکی کوردی- فینلانـدی و کچانی شـەڕڤان، هـەر لەبنەڕەتەوە بنەمایەکی هەڵەیە بۆ لێکدانەوە.

سـەرەتا بـا بپرسـین، ڕۆژئاواییـەکان چـۆن دەڕواننە ڕۆڵی مەزنی کچە شەڕڤانەکانی ڕۆژئاوای کوردسـتان لە شـەڕی دژی تیرۆردا؟ هۆی چییە وا ئەوانەی داعش لێیان تۆقیوە، تەنانەت لەلایەن فێمێنیستەکانیشەوە،بەوشێوەیەستایشناکرێنکە بەبڕوای ئێمە شایانی ئەوەن؟ لە هەرەتی بەرگرییە قارەمانانەکانی کۆبانێدا، من پرسـیارگەلێکی لەو چەشـنەم بە نووسـین، بەرەورووی دەسـتەیەک ژنی فێمێنیستی فینلاندیی ناسیاوم کردەوە کە لە ناویاندا چەند مامۆستایەکی زانکۆ، چالاکی مافی مرۆڤ و خەباتـکاری دژایەتیی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنـان هەبوون. خاڵی هاوبەشـی هەموو ئەو کەسانە، جگە لە فێمێنیستبوون و ناسراوبوونیان، ئـەوە بـوو کە ژنانـی بیانی، پەنابـەر و جیهانی سـێهەم، بابەتـی دڵخـوازی کار و توێژینـەوەی هەموویان بوو. من لەو باسەدا دەمەتەقێم نەکرد، تەنیا ویستم ڕاوێژی زاریان بزانم.

لە وەڵامی پرسـیاری مندا، کەسیان ڕاشکاوانە دژایەتییـان بەرامبەر نەخشـی کچانی شـەڕڤانی ڕۆژئـاوا نیشـان نەدا، بـەڵام تەنیا کەسـێکیان، ئەویـش بەپارێـزەوە، پێشـوازی لـەو هەنگاوەی کچانی کورد، وەک هەنگاوێکی "چارنەچار" کرد، بـەو تێبینییـەوە کە چالاکیی کچە شـەڕڤانەکان دەچێتـە خانەی بەشـداریی مێژوویی و جیهانیی ژنـان لە بزووتنەوەکانی دژە ئیمپریالیسـتی، دژە کۆڵۆنیالیسـتی، دژە فاشیستی و دژە ئاپارتاید و



و تایبەتانەی کە لە عیشق و مامەڵەت لەگەڵ ژنان و سەفەرەکانی ئەورووپا و کۆڕ و کۆبوونەوەکانت تێیکەوتووی. بەڵام لەم بیرەوەرییاندا تەنانەت بە هێما و ئاماژەش زۆر بە کەمی ئاوڕ لەم لایەنە دراوەتەوە.

بۆ خۆقوتارکردن لەم حاڵەتە، لە دوای چاپکردنی، لە پشتەوەی هەردوو بەرگی بیرەوەرییەکەدا وتەیەکی دۆستۆیفسکی نووسیوە کە دەڵێت: "لە نێوان ئەو یادەوەرییانەدا کە بووە بە گەنجینەی هەریەکێکمان، یادەوەریی وایان تێدایە تەنیا بۆ هاوڕێکانمانی باس دەکەین، یادەوەریی وەهاشی تێدایە تەنانەت بە هاوڕێشی ناڵێین و تەنیا بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە، بە نهێنیش نەبێت بۆ خۆمانی ناگێڕینەوە، بەڵام یادەوەریی وا هەیە تەنانەت مرۆڤ بۆ خۆیشی دانی پێدا نانێت. پێچەوانەی ئەم لایەنە، پێموایە زۆر راشکاو و راستگۆیانە ژیانی تایبەتی لە شاخ لەگەڵ پێشمەرگە و بەرپرسە باڵاکانی پێشمەرگە نووسیوەتەوە، بە تایبەتیش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی 1974 و هەڵاتنی بۆ ئێران و ئەو بارودۆخە دەروونییەی کە لەو کاتەدا تێیدا بووە: (ئەو ڕۆژە ناخۆشترین و نائومێدترین و تاریکترین ڕۆژی ژیانم بوو. ئەو ساڵە ساڵێکی وشک و بێ بارانی شیعری من بوو....ئەو نووسەر و شاعیرانەی ئەم کارەساتە نەیهەژاندن، هیچ شتێکی تر نایانهەژێنێ — نووسین بەئاوی خۆڵەمێش 255-256)

- یادداشتە کە کەمێک درێژدادڕیی پێوە دەبینرێت، بە تایبەتی دیمەنی پێشمەرگایەتی و ئەو دوو ساڵەی ناو پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکان، لە زۆر شوێنیدا دووبارەبوونەوەی تێدایە.

ڕاستە ئەم بیرەوەرییانە زۆر دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشیان تێدایە، بەڵام ئەو خوێنەرانەی پێشتر ئاگایان لە دونیای شیعر و ئەزموونی شاعیر هەیە، چاوەڕێی زیاتری لێدەکەن، بە کورتی چاوەڕێی ئەو یادەوەرییە نهێنیانەی لێ دەکەن کە نووسەر بەس بۆ خۆی دەتوانێت بیگێڕێتەوە، ئەو یادەوەرییانەی بەدوای خۆیاندا دەیان کێشە و دیالۆگ و پرسیار جێدێڵن.

## تاڤگەی وشەو هەڵوێست

ناسینی شێرکۆ بێکەس، لە سێ ڕەهەندەوە بۆ خوێنەرەکانی ئاسانترە.

**یەکەم:** لە بیرەوەرییەکانەوە کە سکێچێکی تا ڕادەیەک ڕوونی هەڵسوکەوت و ژیان و بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی خۆی خستووەتە ڕوو.

**دووەم:** لە دونیای شیعرەکانییەوە، کەم شاعیری کورد هەیە لەم سەدەیەدا هێندەی ئەم شاعیرە لەسەر دەق و شیعرەکانی نووسرابێت.

**سێیەم:** ناسینی شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەی نامە دەستنووسەکانییەوە. باوەڕ ناکەم هیچ نووسەرێکی کورد هێندەی ئەم شاعیرە نامەی بۆ کەسە جیاوازەکان نووسیبێت، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم شێرکۆ بێکەس نامەکانی لە شیعرەکانی زیاترە! ئێستاش لەژێر ناوی (تاڤگەی وشەو هەڵوێست- نامەکانی شێرکۆ بێکەس) بەرگی یەکەمی نامەکانی ئەو شاعیرەم کۆکردووەتەوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لە ناوەندی ئەندێشە چاپ و بڵاودەکرێتەوە. خوێندنەوەی ئەو نامانە کە بۆ ئەو کەسانەی ئاماژەم پێداوە زۆر لایەنی شاراوەی ئەو شاعیرە دەردەخات. لەم سێ ڕەهەندەوە خوێنەرانی دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر، شاعیر بناسن.

بەشێک لەو کەسایەتییانەی کە لەم بیرەوەرییانەدا خۆی لە ناوهێنانیان پاراستووە، لە هەندێ لەو نامە دەستنووسانەدا ڕاشکاوانە ناویان دێت و خوێنەر بە زۆر چیرۆک و بەسەرهات و نهێنی شاعیر، لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی ئاشنا دەبێت، بەتایبەتیش قۆناغی شاخ و قۆناغی ژیانی لە ئەورووپا و چالاکیی ئەدەبی و تێڕوانینی سیاسی و هەندێ لەو ڕەخنانەی لەو سەردەمەدا سەبارەت بە پەیوەندیی شێرکۆ بێکەس و سیاسەت لێی گیراون. نامە دەستنووسەکانی شێرکۆ بێکەس و یادەوەرییەکانی پێکەوە بەشێکی زۆری سیما و تایبەتمەندیی شاعیر نیشانی خوێنەر دەدەن، بەشێکی نهێنیشی دەمێنێتەوە، وەک دەڵێن تەنیا لای شاعیر خۆی هەیە و کەسی دیکە نا.

تاد. خاڵی جێی گومانی هەموو ئەو فێمێنیستانە ئەوە بوو کە جاڕدانی ژنانی کورد وەک "قارەمانی شەڕ" یان "قارەمانی کاتی شەڕ"، بەس نییە بۆ ئەوەی کۆی وێنەکە ببینین. هێندێکیان ئەو پرسیارەیان زەق کردەوە کە ئایا بۆ وێنە چ دەستەبەرێک هەیە ژنانی کوردیش دوای کۆتایی شەڕ هەمان دەردیان بەسەر نایەت کە بۆ وێنە بەسەر ژنانی ئەتیۆپیایی دوای کۆتایی شەڕی ڕزگاریخوازیدا هات؟ بە واتایەکی دیکە، بەلای ئەوانەوە هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ ئاخۆ لە قۆناغی ئاساییبوونەوەی دۆخ و بیناکردنەوەی مەدەنیی کۆمەڵگەدا چ سیستەمێکی جەندەری باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێتەوە. گومانی ئەم دەستەیە ئەوە بوو کە بەشداریی ژنان لە شەڕدا، خۆی لەخۆیدا دەستەبەرێک نییە بۆ ئەوەی دوای شەڕ، لە کۆمەڵگەدا مافی یەکسانیان پێ ببڕێت. یەکێکی دیکە، لە ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵەوە بۆ یەکسانی، وای بۆ دەچوو کە دەبێ بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا وەک بەڵگەنەویستێک ببینرێت، واتە بۆ وێنە بەشداریکردنی ژنان لە شەڕیشدا ڕێک وەک بەشداریی پیاوان، بە ماف و ئەرکێکی بەرامبەر دابنرێ و هەر بەو ڕادەیە سەرنجی پێ بدرێت. هەڵبەت ئەمە ڕوانگەیەک نەبوو کە پێشوازیی لێ بکرێ. بەگشتی ئەوانەی پرسیاریان لێ کرابوو، پێیانوابوو شەڕ وەک پرۆژەیەکی پیاوانە، ئەو بەستێنە گونجاوە نییە کە پرێنسیپی یەکسانیی تێدا دابین و دەستەبەر بکرێت.

بەتێگەیشتنی من، ئەو تێڕوانینانەی ژنە فێمێنیستە فینلاندییەکان، تێڕوانینێکی باوی ناو دنیای فێمێنیستی، بەشێوەیەکی گشتییە. لەو ڕوانگانەی سەرەوەدا هێندێک هەقیقەت هەیە، بەڵام هەموو هەقیقەتەکە ئەوە نییە. زۆر لە فێمێنیستەکان، چ وەک تاک و چ وەک گرووپ، گیرۆدەی هێندێک سنووری داڕێژراوی زەینیی خۆیانن کە ڕێگەیان نادا بایەخی تێکۆشانی ژنانی ناڕۆژئاوایی، لە دەرەوەی کلێشە پێدراوەکاندا، ببینن و تێی بگەن، هەر بۆیە "ستراتیژی بێدەنگی" لە ئاست تێکۆشانی ئەو ژنانە دەگرنەبەر کە بە ڕوانگە نۆرماتیڤەکانی ئەوان نامۆیە. ئەمە لە وەڵامی یەکێک لەو فێمینیستانەدا —کە ئەزقەزا ئاکادێمیسیەنێکی ناوداریشە- بەجوانی خۆی نیشان دا، کاتێک ڕاشکاوانە گوتی "بەڕاستی نازانم بۆ خۆم لە هەلومەرجێکی هاوشێوە (ی کچە شەڕڤانەکان)دا بوومایە چیم دەکرد؟" هەلومەرجێک کە بژارەکانت، تەنیا سێ دانە بن: یەکەم، خۆبەدەستەوەدان (واتە، بەکۆیلەکرانی جنسی لەلایەن داعشەوە)، دووەم، ڕاکردن (ئاوارەبوون و بوون بە سووژەی خێر و بەزەیی ناو کەمپی ئاوارەکان) و سێیەم، ڕاوەستان و بەرخۆدان!

لەتەنیشت ئەو "گرفتە فێمینیستییە"ی سەرەوە، دەکرێ کەم مەیلیی ڕۆژئاواییەکان لەئاست کچە شەڕڤانەکانی کورد، دوو هۆی دیکەشی هەبێت: یەکەم ئایدیۆلۆژی و دووەم سیاسی. کێشە سیاسییەکە ئەوەیە کە کچە شەڕڤانەکان، وەک گرووپ دەرکەوتوون، گرووپێکی بەدیسیپلین بە گرێدراوییەکی ڕێکخراوەییەوە، کە لەلایەکەوە دەیانبەستێتەوە بە هێزێکی سیاسییەوە و لەلایەکی تریشەوە ناسینەی ئێتنیکیی ئەوان زەق دەکاتەوە. بەواتایەکی تر، بەرجەستەکردنەوەی نەخشی کچە شەڕڤانەکان لەلایەن ڕێکخراوێکی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان، دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە سیاسی و گرووپە ئێتنیکییەی لە پشت ئەو کچە شەڕڤانانەوەیە. ئەمەش لە فەزای پڕ لە بەدگومانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەخشی بەرواڵەت "بێلایەنانە"ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەباتە ژێرپرسیارەوە. گرفتە ئایدیۆلۆژیکییەکەش پێوەندیی بەو "گوتاری ئاپۆیی"یەوە هەیە کە ئەو کچە شەڕڤانانە پێی وەفادارن. گوتاری ئاپۆیی، بنەمایەکی چەپ و دژە سەرمایەداریی هەیە. ئاشکرایە کە ئەو هێڵە زاڵە نیولیبراڵیستیانەی دەستیان بەسەر هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتی ڕۆژئاواییدا گرتووە، بەگومانەوە دەڕواننە هەموو ئەو پڕۆژە "دژە سیستەمانەی" تەبا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری ناچنەپێش. لەم ڕوانگەیەشەوە، کچە شەڕڤانەکان دەشێ بە بەشێک لە پڕۆژەیەکی دژەسیستم ببینرێن، لێرەشەوە، ئایدیاڵیزەکردنی خەباتی ئەوان ئەو مەترسییەی لەگەڵە کە ببێتە هۆی جاڕدانی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ئەوان پێی وەفادارن. لەم ڕوانگەیەوە، کچە شەڕڤان، نە وەک تاک و نە وەک کۆ، خاوەن پڕۆژەیەکی ڕزگاریدەری ژنانە نین، بەڵکو بۆ خۆی بەشێکە لە پڕۆژەیەکی گەورەتری ئایدیۆلۆژی، سیاسی و تەنانەت ئێتنیکی. هەموو ئەمانە دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی بەدگومانییەک کە مەودای بەهادان و ستایشکردنی شایستەی کچە شەڕڤانەکان، لەژێر تیشکی گوتاری زاڵی سەرمایەداریی ڕۆژئاواییدا، تەواو بەرتەسک دەکاتەوە.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری دووەم: چ تایبەتمەندییەک لە هێڵی لەڤدا هەیە کە ئەو بکاتە جێی سەرنجی ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش؟ چی ئەو لەبەرچاوی ڕۆژئاواییەکاندا دەکاتە قارەمان یان "هێزبزوێنەری ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"؟ با جارێ ئەوەمان لەبیرنەچێ کە "قارەمان" لە هەر دیسکۆرسێکی کولتووریدا دەشێ مانایەکی جیاوازی هەبێت. لە دنیای هاوچەرخ و چەرخی زاڵبوونی بەها تاکەکەسییەکاندا، قارەمان پێویست نییە قارەمانی نەتەوەیی بێت. سەرگوڵی دەستەیەک خەڵک بێت، بەگژ دێو و درنجدا چووبێتەوە یان سەرکردەیەکی ڕزگاریدەر بێت. ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێت کە مرۆڤ قارەمانی چیرۆکی ژیانی خۆی بێت. ئەمەش بەهیچ جۆر شتێکی کەم نییە. بەبڕوای من ئەوەی کە مۆرکی "قارەمان" لە کەسایەتیی هێلان عەبدوڵڵای هونەرمەند دەدات، بەپلەی یەکەم هونەرەکەی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک تایبەتمەندی زاتیی خۆیەتی کە ڕەنگدانەوەی لە هونەرەکەشیدا هەبووە. ئەو تایبەتمەندییانە بەدەم خەملینی کەسایەتیی کولتووریی ئەوەوە، وەک کچێکی کوردی-فینلاندی، ئەویان کردووە بە خاوەنی بەهرە و تواناییەک، بتوانێ بەشێوەیەک لەگەڵ بەردەنگی ڕۆژئاوایی بدوێ کە ڕۆژئاواییەکان نەک هەر تێیبگەن، بگرە خۆیانی تێدا بناسنەوە و تەنانەت پێشی سەرسام ببن. من لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا هەم نهێنیی ئەو پێشوازییە ڕوون دەکەمەوە کە لە هێڵی لەڤ دەکرێ و هەم ئەوەش ڕوون دەکەمەوە کە بۆچی بۆ کۆمەڵگەی کوردیی گرینگە بەشێوەیەکی گونجاوتر تێبگات، لەو شوێنگە کۆمەڵایەتی- کولتوورییەی هێڵی لەڤەکان لێی وەستاون.



# له ڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(2)

**گوێڕایەڵی هیچ فەرمانێک مەبە، ئەگەر لە ناخی خۆتەوە هەڵنەقوڵابێت.**

**مەهێڵە هیچ لە ناختدا پەنگ بخواتەوە، ئاخر هیچ شتێک لەوە مەترسیدارتر نییە خۆت سەرکوت بکەیت. ئەگەر خۆت بچەپێنیت، بوونت ژاراوی و ژیانت بێتام دەبێت.**

**بوێرانە بە ڕووی دونیادا بکرێوە! ئەوسا نەک هیچت لە کیس ناچێت، زۆریشت دەست دەکەوێت، بەڵام لێ مەگەڕێ بزر بببیت!**

**بەرزەفتکردنی ئەوی دیکە، بەڵگەیە بۆ دوژمنایەتی نەک خۆشەویستی، ئاخر ئەگەر کەسێکمان خۆش بوێت، کۆنترۆڵی ناکەین، دەخوازین بە ئازادی بیبینین.**

**کۆیلایەتی لەوێوە دەست پێ دەکات کە تۆ ئەرکی سەرشانی خۆت جێبەجێ ناکەیت و کەسێکی دیکە لەبری تۆ جێبەجێی دەکات. ئازادی بەوە دەست پێ دەکات، تۆباڵی هەڵەکانی خۆت، نەخەیە ئەستۆی ئەوانی دیکە.**

**ئەوە کۆمەڵە لێ ناگەڕێت، متمانە بە خۆت بکەیت، ئەوی متمانەی بە خۆی نەبێت، وەک گوڵی پلاستیک وایە، ڕەگورپیشەی نییە.**

پیاو کە لە ژنەکەی نزیک دەکەوێتەوە، دەبێت هەستێکی پیرۆزی لە کن دروست ببێت، تەواو وەک ئەوەی بەرەو پەرستگا بەڕێوە بێت، ژنیش دەبێت هێندە بەڕێزەوە لە مێردەکەی نزیک ببێتەوە، وەک ئەوەی لە خوداوەند نزیک بووبێتەوە. لە سەروەختی جووتبووندا کە ئینسان بە لووتکەی خۆشی دەگات، لەو ساتەوەختەدا مێشکی هیچ فیکرێکی تێدا نامێنێت، ئەو مێشک لە فیکر خاڵیبوونەوەیە نەبوایە، ڕێژنەی بارانی پیرۆزی ئەو خۆشییەیش داینەدەکرد. یۆگا و ڕامان و نوێژیش بە زەبری بارانی ئەو خۆشییەی ئۆرگازم سەریان هەڵداوە و دەشێت ئینسان هەمان خۆشییان لێ بچێژێت کە جووتبوون پێی دەبەخشێت.

ئەوە ئیلحاد نییە، بڕواهێنانە بە خوا، ئەگەر ڕێساکانی سرووشت ڕەچاو بکەین، ئەوە ئیلحادە، بە زەبری ڕێنوێنییەکانی ئایین، بە گژ ڕێساکانی سرووشتدا بچینەوە. بڕواهێنان بە ڕێساکانی سرووشت، هەم بڕواهێنانە بە خوا، هەم ئەو ڕێبازەیە کە ئینسان بەرەو ڕزگاری دەبات. وەک چۆن ئەوە ئیلحادە ئینکاری خوا بکەیت، ئەوەیش هەر ئیلحادە، ئینکاری خود بکەیت، ئاخر خودی ئینسان، ئەو خەڵوزەیە کە بە تێپەڕبوونی وەخت بووە بە ئەڵماس.

سارتەر ڕاستی کردووە کە گوتوویەتی: (ئەوی دیکە، دۆزەخە.) چونکە من منم، کەواتە ئەوی تریش، ئەوی ترە و جیاوازە لە من. تا ئەوی تر، ئەوی تر بێت، تا هەست بکەیت، ئەوی تر جیاوازە لە تۆ، هەست بە خۆشەویستی ناکەیت، ئاخر خۆشەویستی، ئەزموونی بەیەکبوونە، هەرەسی دیواری نێوان دوو کەس و تێکەڵبوونی وزەی دوو کەسە. خۆشەویستی خۆشیی ئەو مەستبوونەیە کە دیوار لە نێوان دوو کەسدا نامێنێت، ڕۆحیان بە یەک دەگات و یەک دەگرێت. خۆشەویستی لە کورتترین پێناسەیدا، پێکەوە گونجانی دوو ڕۆحە. کە خۆشەویستی هاتە گۆڕێ، ئیدی کەسایەتیی عاشق وەک دڵۆپەئاوێک، لەنێو زەریای مەعشووقدا، هیچ شوێنەوارێکی نامێنێت. من هەر زمانی وەرگرتن دەفامێت، بەڵام لە وەڵاتی خۆشەویستیدا، زمانی بەخشین زاڵە.

تا تەمەنمان بەسەر نەچوو، دەرکمان بەوە نەکرد، هەموو گەوهەرە بەنرخەکانی ژیانمان لە کیس خۆمان داوە، ئاخر هەر زوو ئالای خۆ بەدەستەوەدانمان هەڵکرد و خۆمان دایە دەست قەدەر. ئێمە بە ناوی دینەوە، ژیانمان ڕەت کردەوە و ڕوومان کردە مردن، چونکە ئایین هەر وەعزی ئەوەی دادەدایین، ئەوەی لە دوای مەرگەوە ڕوو دەدات، گرنگە، ئەوەی لە پێش مەرگدا دەقەومێت، هیچ بایەخی نییە.

هەر لەوە دەچێت، ئایین بۆ ئەوە سەری هەڵدابێت، ڕێز لە مەرگ بگرێت و سووکایەتی بە ژیان بکات. تۆ کە توانای ئەوەت نەبووبێت، پێش مردن، مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ژیاندا بکەیت، ئیدی چۆن دەتوانیت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ژیانی دوای مردندا بکەیت؟ کە هیچ خۆشیت لە ژیانی بەر لە مردن نەدیتبێت، ئەوە مەحاڵە خۆشی لە ژیانی دوای مردن ببینیت. ئایا ئەوە ژیانە کە پێک هاتبێت لەوەی، تێیدا خۆمان بۆ دوای مردن ئامادە بکەین؟ ئایینی ڕاستەقینە ئەوەیە، فێرمان بکات چۆن لە ژیان سوودمەند ببین، نەک چۆن ژیانمان بخەینە خزمەتی دوای مردنمانەوە.

ئایینی دروست، هونەری لە ئامێزگرتنی ژیانە، نەک هونەری پشتکردنە ژیان و هەڵاتن لێی. چونکە ئایین خۆی بۆ باسکردنی مردن تەرخان کردووە، ئەوە بۆیە پەرستگاکان تژین لەو بەساڵداچووانەی لە مردن نزیک بوونەتەوە و ترس لە مەرگ، بیرکردنەوەیانی داگیر کردووە. بۆچی ئینسان تا بە قوڕی خەستی ساڵاندا ڕۆ نەچێت و ترسی مردنی لێ نەنیشێت، بۆ لای خوا ناگەڕێتەوە؟ چونکە ئایین هەر باسی ئەشکەنجەی قەبر و ئاگری دۆزەخی بۆ کردووە.

ئایا دینێک لەسەر بناغەی مردن ڕۆ نرابێت، دەتوانێت ژیان ڕۆشن بکاتەوە؟ دوای هەزاران ساڵ لە ڕێنوێنییەکانی ئایین، هێشتا دونیا کانگا و مەڵبەندی خراپەکارییە و لە خراپەوە بۆ خراپتر بەڕێوەیە. هەرچەندە دونیا نە لە پەرستگای کەمە، نە لە ڕێبەرانی ئایین، هەرچەندە بە میلیۆنان مەلا، قەشە، حاخام، واعیز و کاهین هەن، کەچی بەدکاری هەر لە برەودایە، هەرچەندە بەردەوام پەرستگای نوێ ڕۆ دەنرێت، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئەوانەی بڕوایان بە ئایین نامێنێت لە هەڵکشاندایە.

ئینسان بەردەوام و بەبێ دابڕان لە هەوڵی نوێکردنەوەی ژیاندایە، دەتوانین ناوی سێکس، یان ئارەزوو لەو هەوڵە بنێین. پاڵنەری سەرەکی لە دوای ئەو هەوڵەوە، خولقاندن یان بەرهەمهێنانی ژیانی نوێیە، ئاخر ژیان ناخوازێت بە کۆتایی بگات. لەبری ئەوەی بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئارەزووی سێکسکردن کە هەوێنی بەردەوامیی ژیانە، بکەین، تا پێمان کرابێت، لە بایەخیمان کەم کردووەتەوە، بە نەنگیمان زانیوە و تەنانەت زۆر جار ددانیشمان بە هەبوونیدا نەناوە، هەرچەندە زیندووترین ئارەزووە. ئینسان پێویستە دان بە ڕۆڵی کاربڕی سێکسدا بنێت، نە بیشارێتەوە و نە سەرکوتی بکات، ئاخر چەپاندن ئەنجامێکی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە.

2016/7/27

ستۆکهۆڵم

(*) اوشو، من الجنس الى اعلى مراحل الوعي، نقله الى العربية: ايمن ابو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ئاشی هەورامی

لە زوانی کوردیدا، نەوت کە کوردیی نییە، لەگەڵ کارەبا کە ئەویش هەر کوردیی نییە، ئەگەر جووت بکەی، رێک وشەیەکی نوێی لێدەردەچێ کە قۆنتەراتچییە، جا قوربان بە گوێرەی هەندێ سەرچاوەی وشکەوەبوو، قۆنتەراتچی وشەیەکی ئەسڵ هەورامییە.

دەڵێن کابرا رەمەزانی باش گرت نۆبەی شەعبانە، رێزدار ئاشتی هەورامی نەوتەکەی جوان فرۆشت، نۆبەتی کارەبایە، ئاخر تۆ نابێ لە کارێکدا سەرکەوتوو بیت، تا یەکی دیکەت پێ بسپێرن؟ کارەبا کەم بوو، وتیان دەبێ عەیب نەبێ بیخەینە دەستی کاک ئاشتییەوە، وەزارەتەکە، تا رێک ببێتەوە. وەڵا چی بێ لە ئێوە نهێنی ئەگەر ئەوسا کەم بوو، ئێستا نەما، ئەوەیە ئیبداع.

کەسێک ئەگەر وەزارەتێکیان پێ سپارد، نۆرماڵ ئەوەیە پلان بۆ چاککردنی دابڕێژێت، کەچی کاک ئاشتی خەریکە موشتەری بۆ وەزارەتی کارەبا دەدۆزێتەوە گوایە دەیکاتە کەرتی تایبەت. بیهێننە بەرچاوی خۆتان دوو سێ موشتەریی چەور لە کاک ئاشتی کۆبوونەتەوە خەریکی سەوداو معامەلەن بۆ کرینی وەزارەتی کارەبا: خاڵە بە چەند کەمتری نادەن؟ قوربان لە خوار چوار ملیار هەر قسەی لێمەکەن. خاڵە زۆرە خۆ تۆ تەنیا عەموودەکانت عەیب نەبێ قیت وەستاون دەنا هەموو شتێکی دیکەت خاو بووەتەوە. کاکە ئێمەش بۆ شتێ خێر ئەم وەزارەتە دەفرۆشین، یانی دەتەوێ حکوومەتێکی گەورە و گران بە زەرەر ئەم وەزارەتە نازدارە بفرۆشێ؟

ئیتر ئا ئەمەیە پلانی ستراتیژیی چاککردنەی وەزارەتی کارەبا. حکوومەتەکەی خۆمان ساڵانە نزیکەی دوو ملیار دۆلار دەداتە گازوایل بۆ کارەبایەک کە نییە، لە دوبەی بەو پارەیە درێژترین تاوەری سەر گۆی زەوییان دروستکردووە، دیارە کاربەدەستەکانی وەزارەتی نەوت و کارەبا، حەزیان لە هی درێژ نییە، دەنا بەو پارەیەی چەند ساڵێکە بەهەدەری دەدەن، ئێستا دوو سێ تاوەری خەلیفەمان دەبوو، نەک وەک ئێستا خاوەنی تاوەری خەڵەفاویش نین.

راستت دەوێ؟ نزیکەی هیچ کەرتێک لە کوردستاندا گشتیی نییە، بەگێلزانینی خەڵک نەبێ، ئەوە بۆیە کاک ئاشتی هەرچی بێتە بەردەستی دەیفرۆشێ، نەوت بێ کارەبا بێ، بیکەن بە وەزیری تەندروستی بۆ دوو بەیانی موشتەرییەکی هێندی بۆ پەیدا دەکا. بیکەن بە ئەوقاف دەیخاتە مەزادەوە، خاڵە بۆ مزگەوت لە کوردستاندا وەک کەرتی گشتی ماوە تا وەزارەتی کارەبا خۆی راگرێ؟ باشە کە نیوەی شارەوانی کەرتی تایبەت بێت، کە دەرمان و لایەکی تەندروستی کەرتی تایبەت بێت، کە گواستنەوە و گەیاندن فوول تایبەت بێت، کە وەبەرهێنان و لەبنهێنان هەر کەرتی تایبەت بێت، کە نەوت لە ئەوڵەوە بە تایبەتی چاوی بە دونیا هەڵهێنابێت، کە رێگاوبان و شەقام و ئاوەدانکردنەوە بەشی شێری لای کەرتی تایبەت بێت، ئیتر بۆچی پارە بۆ مووچە نییە، خۆ حکوومەتی وا بە چل کەس بەڕێوەدەچێ.

گوایە ئاشی نەزان خودا دەیگێڕێ، وەزارەتە دەبڵەکەی کاک ئاشتیش هەر ئاشێکە لەو ئاشانە، فەقە ئەمەیان ئاشتی هەورامیی نا، ئاشی هەورامییە و کاک ئاشتی دەیگێڕێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کۆتایی موسڵ و رەققە.. دەستپێکی قۆناغێکی نوێ

سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی هاوپەیمانان لەدژی داعش، سەرۆکی ئەمریکا گوتی دوو بۆ سێ ساڵمان پێویستە تا داعش تێکبشکێنین. ئەوکات زۆر کەس پێیانوابوو داعش لە دوو بۆ سێ هەفتە زیاتر بەرگە ناگرێت. ئێستا دوو ساڵ تێپەڕی و هێشتا داعش توانای بەرگریکردن و هەندێجار توانای پەلاماریشی ماوە. بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە وردە وردە لەشەڕی کۆتایی داعش نزیک دەبینەوە.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە چوارچێوەی ئەو پلانەی خۆیان دایانناوە، خەریکە سنوورەکانی داعش بەرتەسک دەکەنەوە. لە عێراق موسڵ وەک یەکەم وێستگەی دەرکەوتنی داعش هێڵدراوەتەوە بۆ ئەوەی دواجار چەکدارانی ئەو رێکخراوە لەوێ کۆبکرێنەوە، تا بە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شارە کۆتایی بە داعش بهێنرێت لە عێراق. هەروەک ئەوە بۆ سووریاش راستە کە هەوڵ دەدرێت (رەققە) دوا قەڵای داعش بێت.

رەققە و موسڵ دوا شەڕە خوێناوییەکانی داعش دەبێت و بۆ سەنگ و پێگەی هێزە بەشدارەکانی دژ بە داعش دەبنە سەنگی مەحەک، تەنانەت دەبنە پێوەری هاوکێشەکانی دوای داعشیش، بۆیە هەموو لایەنە بەشدارەکانی شەڕی دوو ساڵەی داعش دەیانەوێ هەموو قورسایی خۆیان بخەنە سەر کۆنترۆڵکردنەوەی ئەم دوو شارە. ئەمە نەک تەنیا بۆ هێزە مەیدانییەکانی بەرەی شەڕ، بەڵکوو هێز و دەوڵەتە بەشدارەکانی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکەش بە هەمان شێوە چاویان لەسەر موسڵ و رەققەیە.

کورد وەک هێزێکی سەرەکی، لە دوو ساڵی رابردوودا لە عێراق و سووریا رۆڵی سەرەکی لەم شەڕەدا هەبووە، زۆرجار بەوە وێنا کراوە کە لەبری جیهان شەڕ دەکات، پێشمەرگە و شەڕڤانان بوون بە سیمبوڵی بەرگری، کوڕ و کچە گیانبەخشەکانی کوردستان لە باشوور و رۆژئاوا بە خوێن و قوربانییەکی بێ شومار، شوورای پۆڵاینیان لەبەردەم پەرینەوەی داعش دروست کرد. زۆر گوند و شارەدێ و شارۆچکەی کوردستان بوون بە خۆڵەمێش. هەزاران ژن و منداڵ و لاو و پیر و پەککەوتەی کورد کەوتنە نێو مەنجەنیقی ئاگری داعشەوە. بەم قوربانیانەوە، تا ئێستا وەک هێزێکی سەرەکی لە بەرەی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ماوینەتەوە.

زۆر لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، سەنتەرەکانی توێژینەوە، چاودێرانی رەوشی ناوچەکە، دیدو تێڕوانینیان بۆ دوای داعش بەو جۆرەیە کە کۆمەڵێک پێشهات و ئەگەر دێنە پێش هاوکێشەی هێز و هاوسەنگی و گۆڕانکاری لە جوگرافیای ناوچەکەدا دەخولقێنن. زۆریش باوەڕیان وایە یەکێک لەو هێزانەی بەرکەوتەی زۆری دەستکەوتەکانی بەردەکەوێت، هێزە کوردیەکانن لە هەرێمی کوردستان و لە رۆژئاوا.

بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هەست بە دۆخێکی جیاواز دەکرێت کە هێزگەلێکی ناوچەیی دەیانەوێ لە ئێستاوە کورد لە هاوکێشەکە بخەنە دەرەوەو نەهێڵن تا کۆتایی کاروانەکە بەشدار بێت. تەنانەت لەناوخۆشدا بووەتە پرسێکی گەرم، ئایا کورد لە دەرەوەی جوگرافیای خۆی شەڕی داعش بکات یان نا؟ ئایا پێویستە پێشمەرگە و شەڕڤان کوڕ و کچە ئازاکانی کورد لەسەر گرتنەوەی موسڵ و رەققە بەکوشت بدرێن؟

پێویستە سەرکردایەتی کورد لە رۆژئاوای کوردستان و لە باشوور، نەکەونە هەڵە و نەکەونە تەڵەوە. بە دیقەتەوە هەڵسەنگاندن بۆ لایەنە خراپ و باشەکانی ئەم قۆناغەی کۆتایی شەڕی داعش بکەن. ئەگەر کورد لە سووریا بەشداربێت لە گرتنەوەی رەققە چی دەست دەکەوێت و ئەگەر بەشدار نەبێت چی لەدەست دەچێت؟ هەروەها ئەمە بۆ موسڵیش هەر وایە و دەبێت کورد بە وردی تاوتوێی ئەوە بکات: پێشمەرگە بچێتە شەڕی موسڵەوە یان نەچێت؟ قازانج و زیانەکانی هەردوو دیوەکەی ببینێت.

رەققە و موسڵ شەڕی خوێناوی دەبن. لەبەر ئەوەی داعش شوێنی دیکەی نییە بۆی هەڵبێت و تا ئێستاش ئاماژەیەک بەدی ناکرێت بۆ کردنەوەی دەروازەیەک تا لێوەی هەڵبێن، کەواتا شەڕەکان بۆ داعش و بەرانبەرەکانیشیان شەڕی مان و نەمان دەبێت. کوشتاری ئێجگار زۆری لێدەکەوێتەوە. کورد قوربانیی زۆرمان داوەو لە ئەگەری بەشداریکردنمان دەبێت چاوەڕوانی قوربانیی زیاتر بین. لە ئەگەری خۆدوورگرتنمان و جێهێشتنی بۆ تەرەفەکانی دیکە، نابین بە بەشێک لە بەرەی سەرکەوتووی شەڕ و نابێت چاوەڕوانی چنینەوەی بەری قوربانییەکان و دەستکەوتەکانی جەنگەکە بین. هەروەک ئەوەش روونە ئەو هێزانەی دەبنە سەرکەوتووی تێکشکاندنی داعش لەو دوو شارە، وەک پاڵەوانی شکاندنی داعش لە مەیدانەکەدا دەمێننەوە. لە سووریا و لە عێراقیش ئەو هێزانەی خۆیان مەڵاسداوە نازناوی سەرکەوتنەکەیان پێ ببەخشرێت، هیچیان دۆستی کورد نین و ئەگەری ئەوەش ئەگەرێکی کراوەیە دوای کۆتایی داعش ئەو هێزانە رووبەڕووی کورد ببنەوە. هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا هیچیان دان نانێن بە رەوایەتی مافی کورد و ئەو دەستکەوتانەی لە رۆژئاوا بەدەستهاتوون.

لە عێراقیش حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە دوای موسڵ لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئێستا بەشێکیان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدان، رووبەڕووی کورد دەبنەوە و ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە شەڕی پێشمەرگە دەکەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، بۆ دوای قۆناغی داعش کە کورد ئەو هێزەبێت جیهان بە چاوی رێز و قارەمانێتییەوە لێی بڕوانێت و وەکوو پاڵەوانی تێکشکاندنی داعش دەربکەوێت، ئاخۆ ئەگەر شەڕی گرووپی دیکە بکات هەمان وێنەی جوانی دەبێت؟

بە کورتی پێویستە کورد بەرچاوی روون بێت بۆ دوای کۆتایی داعش کە وادەکەی نزیک بووەتەوە. گەلی کورد لە رۆژئاوا دەکەوێتە بەر پەلاماری هێزە چەکدارە موسوڵمانە عەرەبەکانی سوننە. لە باشووریش دەکەوێتە بەر پەلاماری هێزە چەکدارە موسوڵمانەکانی شیعە. هەردووکیشیان دوو دیوی تری داعشن و ئایندە دەریدەخات کە هەڕەشە و مەترسییەکانیان لە داعش کەمتر نابن. جا بۆ ئەوەی سۆز و رای گشتیی جیهان و پشتیوانیی نێودەوڵەتی لەگەڵ کورد بێت، پێویستە دەرفەتی (رەققە و موسڵ) بقۆزرێتەوە و درێژە بەو وێنایە بدرێت کە کورد لەبری جیهان شەڕی تیرۆر دەکات. ئەگەرنا ئەوە لە کاروانەکە دادەبڕێین و سبەی کاتێک ئەو هێزانە وەکو داعششکێن دێنە سەرمان، کەس نابێت هانای بۆ بەرین.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# جەنگی نەکراوی ئیسلام

جەنگی کراوەی بووش، وێنەی ئەمەریکا و رۆژئاوای لە خاکی ئیسلامدا وەکو سوپایەکی داگیرکەر و پێشێلکاری پیرۆزییەکانی ئیسلام نیشاندا کە بە پەرچەکرداری تووڕە و توندوتیژ و تیرۆر، وەڵامیان دایەوە. جەنگەکە بەکراوەیی مایەوەو تا ئێستاش بەردەوامە. دوای هەشت ساڵ، باراک ئۆباما ویستی لەرێگەی وتارەکەیەوە (سەرەتایەکی نوێ)، ئەم سەدەیەی جیهان بخاتە قۆناغی پێکەوە ژیانێکی نوێ کە سەرەتاکەی لە یانزەی سێپتەمبەرەوە بە جەنگ دەستپێکرد. لە یەکەمین سەردانیدا بۆ جیهانی عەرەب لە 4ی حوزەیرانی 2009، لە زانکۆی قاهیرەو لەبەردەم خوێندکارانی زانکۆی ئەزهەر و گەنجە ریشدار و کیژە باڵاپۆشەکاندا ویستی وێنەیەکی دیکەی ئەمەریکاو رۆژئاوا نیشان بدات و بڵێت نە ئەمەریکا و نە شارستانێتیی رۆژئاوا ناخوازن لەگەڵ جیهیانی ئیسلامدا بکەونە جەنگەوە.

ئەو بە (السلام علیكم) دەستی بە گوتارەکەی کرد و بە پەیامی سێ کتێبە ئاسمانیەکە و سێ ئایین کە چەندین سەدەیە لە ململانێدان، کۆتایی بە گوتارەکەی هێنا. وەبیری هێنایەوە کە قورئان دەڵێت: مرۆڤمان لە نێرو مێ و نەتەوەو خێڵی جیاواز دروست کردووە تا یەکدی بناسن. تەورات دەڵێت: هەموو تەورات تەنیا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی نووسراوەتەوە. ئینجیل دەڵێت: خۆشبەختن ئەوانەی ئاشتی دروست دەکەن، ئەوانە منداڵی خودان.

دوای هەشت ساڵ لە جەنگ، ئۆباما بۆ ئاشتی پێی نایە خاکی ئیسلامەوە کە ئەمەریکا خۆیشی پێویستی بوو. دەبووایە ئاشتبوونەوەیەک لەگەڵ خۆی و دنیا و بەتایبەتیش لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا رابگەیەنێت. دوای چەندین ساڵ لە کۆتاییهێنان بە سیستەمی راسیزم لە ئەمەریکا و گڕگرتنی میسیسیپی و باندە مافیاو شەقاوەکانی کوکلوکس کلان، دوای خەونەکەی مارتن لوتەر بە رۆژێکەوە کە جیهانێکی یەکسان و پڕ لە ئاشتی و برایەتی و بێ ڕەنگ و ڕەگەز بێتەدی، دواجار ئۆباما بە دروشمی (بەڵێ دەتوانین) دەسپێکێکی نوێی لە پێشدا لەناو مێژووی ئەمەریکادا خوڵقاند کە یەکەمین رەشپێست بوو لە دەرەوەی توێژی ئەنگلۆسەکسۆنی و رەگەزی ئەورووپییەوە ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا، لەوێشەوە نەک هەر ئاشتبوونەوەی ئەمەریکای لەگەڵ مێژووی خۆیدا، بەڵکو ئاشتبوونەوەی ئەمەریکاو دواتر شارستانیەتی رۆژئاواشی لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا راگەیاند. بەڵام جیهانێک کە هەر بە والایی لە بەردەم تۆڕە تیرۆریستیەکاندا مایەوە و تەوەرەکانی شەڕیش (عێراق، ئێران، کۆریای باکوور) وەکو خۆیان بە سەرچاوەی هەڕەشە مانەوە. ئۆباما بەناوی (سەرەتایەکی نوێ) وە گوتارێکی رۆژئاوای پیادە کرد کە بەردەوام هەوڵ دەدا ئیسلام بێتە ناو مێژووی جیهانەوە نەک لە کەناریدا بوەستێ و لە دەرەوەی ئەو مێژووە بمێنێتەوە کە ئێستا رەوتی جیهان بەرێوە دەبات و هیچ بەدیلی دیکەی نییە.

ئۆباما لەپاڵ سڕینەوەی وێنەی رۆژئاوادا وەکو دوژمنی ئیسلام، خەون و تووڕەیی کپکراوی نەوەیەکی تینوو بۆ ئازادی و دیموکراسی و بوون بە بەشێک لەو جیهانەی لە بەهاری عەرەبیدا تەقاندەوە، جیهانێک دەبووایە هەر بە کپکراوی و خامۆشی خۆی بمێنێتەوە نەک دواتر ببێتە لانکەیەک کە سەلەفیزم و ئیسلامی رادیکاڵ و تیرۆریزم لەو کەشی ئازادییەدا خەونی چەندین سەدەی شکستخواردووی ئیسلام زیندوو بکەنەوە و کۆتایی بە خەونی سادەی نەوەی لاوان بۆ ژیان لە ژێر سایەی ئازادیدا بهێنن و لەو بەهارەوە تیرۆریست و جیهادییەکان لەژێر زەمینەکانەوە بێنەدەرێ و جەنگەکەیان بەرامبەر جیهان رابگەیەنن. ئۆباما شۆڕشێکی خوڵقاند، بەڵام جیهانی نەخستە سەرەتایەکی نوێوە، بەڵکو پێی نایە سەرەتای هەڕەشەیەکی نوێوە کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و جگە لە وێرانکردنی دنیا هەڵگری پرۆژەیەکی دیکە نییە.

دوای شەش ساڵیش لە گوتارەکەی ئۆباما و پاش تیرۆرکردنی کاریکاتێریستەکانی بڵاوکراوەی شارلی هێبدۆ، فرانسوا هۆلاندی سەرۆکی فەرەنسا لە 15ی جەنیوەریی 2015دا (ئینستیتیوتی جیهانی عەرەب) ی لە پاریس هەڵبژارد تا جارێکی دی لەبەردەم لاوانی فەرەنسیی ئیسلام و عەرەبدا بڵێت: رۆژئاوا دژی ئیسلام نییە، ئەوەی دژی ئیسلامە لەناو هەناوی خۆیدایە، موسڵمانەکان یەکەمین قوربانی فاناتیزمی ئیسلامی و تیرۆر و نالێبووردەیین، ئیسلام دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسیدا بگونجێت، ئەورووپا قەرزاری ئیسلامە.

بەڵام هێشتا ئەم هەموو گوتارە لێبووردەیی و پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیە کۆتایی بە گوتاری شەڕانگێزی هێزە مەرگدۆستەکەی جیهان نەهێناوە کە پەیامی خۆی لە خودی ئیسلام و دەق و پەیامە پیرۆزەکەیەوە وەردەگرێت. لە بەردەوامیی ئەم جەنگەشدا هێشتا بێدەنگییەکی کوشندە هەیە لەنێو نزیکەی ئەو دوو ملیار مرۆڤە ئیسلامە و ئەو پەنجاو حەوت وڵاتە ئیسلامیەی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانن و کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامییان پێکهێناوە، کە ناکرێت بەمجۆرە بەردەوام بێت و تەنها بەشێکی گرنگی جەنگەکەی جیهان بخرێتە ئەستۆی رۆژئاواوە کە لە ئاستێکی گرنگتردا پێویستی بە جەنگێکی فیکری و هۆشیارییەکی روون و رەتکردنەوەیەکی ئاشکرای خودی جیهانی ئیسلام هەیە بۆ خستنە دەرەوەی ئەو رەوتە تیرۆریستی و مەرگدۆستیە بۆ دەرەوەی خۆی و پاککردنەوەی خۆی لە جیهانبینیەکی خودکوژ و بێ هوودەو دژەجیهان. ئەم بێدەنگییە لەو جەنگە سەرتاسەرییەی ئەم رەوتە رایگەیاندووە، هەرگیز دنیای ئیسلام ناخاتە ناو جیهانی نوێ و نایکاتە بەشێک لە مێژووی ئێستا. بۆیە چۆن رۆژئاوا ئەو گوتارە دووبارە دەکاتەوە کە تیرۆریزمی ئیسلامی نمایشی ئیسلام ناکات و کە ئیسلام خۆی قوربانیی سەرەکی ئەو تیرۆریزمەیە، ئیدی ئەرکی ئیسلام خۆیەتی ببێتە هەڵگری ئەو گوتارەو وێنەیەکی دیکەی ئیسلامی ژیاندۆست و قوربانی وەکو بەشێک لە جیهان نمایش بکات و ئەو وێنە رەتکراوە و ترسناکەی ئیسلام لای هەموو ئیسلامۆفۆبەکان بسڕێتەوە. ئەم کارە پێویستی بە گوتارێکی روون و ئازایەتی و ئیرادەیەک هەیە کە پاکیەکانی ئیسلام و بەدییەکانی لێک جیابکاتەوە و دوای چەندین سەدە لە ترس و تابوو، جورئەت بکات پەیام و دەق و پیرۆزییەکان جارێکی دی بە چاوی ئێستای جیهان بخوێنێتەوە و مێژووی شارستانیەت و کولتورێک لە چەندین سەدەی ئیشکالیات و پڕ کێشە و لێڵی و تا ئاستی ناشیرینبوونی وێنەی ئیسلام پاک بکاتەوە. بەڵێ جیهان چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئیسلام خۆی دەست بە جەنگێکی کراوەی خودپاککردنەوە لە وێنە ناشرینەکانی بکات، کە ئەوە تەنها جەنگی رۆژئاوا نییە، رۆژئاوا دەتوانێت کۆتایی بە رێکخراوێکی تیرۆریستی ئیسلامی بهێنێت و چاوەڕوان بکات دوای ئەوە رووبەڕووی یەکێکی دی ببێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم رێکخراوانە هەمیشە لەدایک نەبنەوە، دەبێت ئەو جەنگە لەناو هەناوی ئیسلامدا بکرێت بە نەرۆککردنی ئەو رەحمانەی تیرۆریزمی ئیسلامی و توندڕەوی و سەلەفیزم تێیاندا گەشە دەکات، جەنگێک ئیسلام خودی خۆی و دژی خۆی و بۆ پاککردنەوەی خۆی بەرپای بکات، بەڵام ئەفسوس تا ئێستا ئەو جەنگە بە رانەگەیێندراوی و بە جەنگێکی هەمیشە دواخراو و نەکراو ماوەتەوە.



هیوا حاجی

# ئێستا سەردەمی دەوڵەت- نەتەوەیە

## کێ دەڵێ سەردەمی دەوڵەتی نەتەوە بەسەرچووە؟

تا ئەو جێیەی ئێمە ئاگاداربین، ئەوانەی پێیانوایە بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوە گرنگیی خۆی لەدەستداوە دەکرێ بۆ دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەمیان، کۆمەڵێ توێژەری جیهانگەراییین کە پێیانوایە بەهۆی کۆمەڵێ گۆڕانکاریی گەورەی ئابووری (بۆ وێنە دەرکەوتنی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان، دامەزراندنی رێکخراوە نێودەوڵەتییە ئابوورییەکانی وەک بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و دامەزراوەی بازرگانیی جیهانی) و گۆڕانی سیاسی (لە نموونەی دامەزرانی رێخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و پەیمانی باکووری ئەتڵەسی- ناتۆ) و پەرەسەندنی بەرفراوانی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و پەیوەندی (لە نموونەی ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆنی سەتەلایت و میدیای کۆمەڵایەتی)، هەروەها سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنیی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی نەتەوە ئەو رووبەرە فراوانەی جارانی نەماوە بۆ ئەوەی وەک تاکە یاریکەر، تەنانەت لە ئاستی نێوخۆییش، بە ئازادانە رەفتار بکات و سیاسەتی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دابڕێژێ و جێبەجێی بکات. بە کورتی، ئەو تێڕوانینە پێیوایە دەوڵەتی-نەتەوە سەروەریی لەدەستداوە و لەسەریەتی بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەت و مەرجەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان رەفتار بکات. هەر لەو نێوەندەشدا، ئەم توێژەرانە پێیانوایە دەوڵەت چیتر ناتوانێ هاووڵاتیانی خۆی دەستەمۆ بکات، چونکە خەڵک چاوی کراوەترە و ئاشنایە بە مافەکانی و دەستی دەگاتە زانیاری و دەتوانێ هانا بۆ لایەنە نێودەوڵەتییەکان ببات ئەگەر لەلایەن دەوڵەتەوە بچەوسێنرێتەوە.

گرووپی دووەم ئەو فەیلەسوف و رۆشنبیر و هونەرمەندانەن کە بەدوای ناسنامەیەکی جیهانیدا دەگەڕێن. دەیانهەوێ مرۆڤایەتی دوور لە جیاوازییەکانی رەنگ و زمان و ئایین و نەتەوە و کولتور ببینن. ئەوانە خۆیان بە هاووڵاتی کۆزمۆپۆلیتان دادەنێن. بەلای ئەوانەوە، ئێمە هەموومان مرۆڤین و گرنگ نییە لە کام جوگرافیا دەژی، رەنگی پێستت چۆنە، باوەڕت بە کام ئایینە هەیە، یان بە چ زمانێک قسە دەکەی. ئەمانەش دیسان زۆر چارەی بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوەیان ناوێت، چونکە بە دیدی ئەوان دەوڵەتی-نەتەوە واتە دروستکردنی سنوور لە نێوان مرۆڤەکان و لە کۆتاییدا دوورخستنەوەیان لەیەکتر. لێرەشدا، جیهانگەرایی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ئاشناکردنی میللەتان و کولتورەکان بە یەکتر و لەئەنجامدا بنیاتنانی پردی پەیوەندیی زیاتر لە نێوان مرۆڤەکاندا.

لەتەنیشت ئەو دوو گرووپەی سەرەوەدا، لەسەر ئاستی کوردستان، لە دوو ساڵی رابردووەوە لەگەڵ گۆڕانکاری لە دیسکۆرسی سیاسی پەکەکە و لقەکانی بەتایبەتی لە رۆژئاڤا، بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە داوای جیابوونەوە و ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە، ئەو بابەتە هاتووەتە نێو کایەی گشتییەوە. هەرچەندە بە تێگەیشتنی ئێمە، تا ئێستا ئەو بابەتە وەک مەسەلەیەکی زانستی و بابەتی قسەی لێ ناکرێ، ئەوەی هەیە زیاتر بەکارهێنانی بابەتەکەیە بۆ هێرش و هێرشی پێچەوانەی نێو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

## هەموویان هەڵەن!

هەرسێ تێگەیشتنەکەی سەرەوە کە پێیانوایە سەردەمی دەوڵەتی-نەتەوە بەسەرچووە بەهەڵەدا چوون. با لە بەڵێنەکانی جیهانگەراییەوە دەست پێبکەین. ئەوانەی چەپڵەیان بۆ جیهانگەرایی لێدەدا، پێیانوابوو دونیای سەردەمی جیهانگەرایی لەڕووی ئابوورییەوە گەشاوەتر دەبێت، لەڕووی سیاسییەوە دیمۆکراسی زیاترمان دەبێت و مافی مرۆڤ دەچێتە پێش و ئازادییەکان بەرفراوانتر دەبن. لەڕووی کولتوورییەوە، دەیانگوت کولتوورەکان زیاتر لێک نزیک دەبنەوە و بواری رق لێبوونەوە و دەمارگیری و هەڵاواردن بەرتەسک دەبێتەوە. کام لەمانە بەدیهاتن؟ تادێ دونیا نایەکسانتر دەبێت. زیاتر لە 80%ی سامانی جیهان لەبن دەستی کەمینەیەکی زۆر بچووکی وڵاتە دەوڵەمەندەکاندایە. لە زۆر گۆشەی ئەم دونیایە نەک دیمۆکراسی نەچەسپا، بەڵکو رژێمە تۆتالیتارەکان بەهێزتریش بوون. میللەتان لە زۆر بواردا لێک دوورکەوتنەوە. تاوانەکانی کینە و دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی لە پەرەسەندندایە. لێرەدا مەبەستمە یەک ئەنجامگیری پێشکەش بکەم: بۆ میللەتانی وەک ئێمە ساویلکەییە ئەگەر خۆشبین بین بە بەڵێنەکانی جیهانگەرایی. جیهانگەرایی ناتوانێ لە مەترسییەکان بمانپارێزێ و نە دەشتوانێ گەشەی ئابووریمان بۆ بەدی بهێنێت. میللەتانی بێ دەوڵەتی-نەتەوە لەبن دەستوپێی ئەوانی دیکەدا دەخنکێن.

لەلایەکی دیکەوە، دەبێ دان بەو راستیە تاڵەدا بنێین کە هێز و کەسایەتییە میانڕۆکان لەژێر هەڕەشەی دۆڕاندان. توندئاژۆکان، لە کولتوور و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، رەنگە بەهێزترین لەجاران. ئێستا لە جاران زیاتر مەترەحە کە باوەڕی دینیت چییە و بە چ زمانێک قسە دەکەیت یان رەنگی قژت چۆنە. لە فڕۆکەخانەی هەر وڵاتێک دابەزیت، سەرنج لە خەسڵەتە بایۆلۆژیەکانت دەدرێ، دەیانهەوێ بزانن ناوت هیچ دەلالەتێکی دینیی هەیە. ئەمە هەرچەندە وەک مەسەلەیەکی ئەمنی دێتە بەرچاو، بەڵام هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە لە دنیای ئێستادا گومان لە یەکتر و سەیرکردنی ئەوی دیکە وەک سەرچاوەی مەترسی ریشەی لە لاوازبوونی هێزە میانڕەوەکانی دونیای ئێستادایە. پاشان کام رەهەندی گرنگی شێوە ژیانمان، لەسەر ئاستی جیهانیدا، لەیەک دەچێت؟ خوێندنمان، ئاستی بژێویمان، سیستەمی سیاسیمان، ئازادی کەسی و کۆمەڵایەتیمان؟ کامانەیان؟ زۆر لە جێی خۆیەتی مرۆڤ بپرسێ، دانیشتوویەکی داماوی هەولێر یان چەمچەماڵ چۆن دەتوانێ هەست و ناسنامەی چونیەکی لەگەڵ بابایەکی سویسری یان ژاپۆنی هەبێ؟

لە روانگەی کوردیشەوە تەماشای بکەی، دیسان ئەوانەی باوەڕیان بە دەوڵەتی-نەتەوە نییە هەڵەن. پرسیاری مەنتیقی لێرەدا ئەمەی خوارەوەیە: لە مێژووی سەد ساڵی رابردوو گەڕێ، لە ئایندەدا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ بەڵێنێکی پێیە بۆ میللەتانی بێ دەوڵەت؟ ئایا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیمۆکراسی دەچێتە پێش تا ئێمە خەونی لەسەر هەڵبچنین؟ بەراست ئاسۆیەک لەبەردەم مافی کەمینە و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی لەئارادایە تا ئێمە دیسان بە خەیاڵیەوە شیعر بهۆنینەوە؟ لەڕاستیدا هیچ یەک لەمانە، لانیکەم بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێستا دەیبینین، لەگۆڕێ نییە. سەرۆک وەزیرانێکی ئیسرائیل گوتبووی "لاوازەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێگایان نابێتەوە". زۆر هەڵەیە ئەگەر میللەتێک پێیوابێ کە دەتوانێ بەهێزبێ بەبێ ئەوەی دەوڵەتی خۆی هەبێت. دیارە ئەمە بەهیچ شێوەیەک بەو مانایەش نایەت کە بوونی دەوڵەت ئۆتۆماتیکی دەبێتە سەرچاوەی ناز و نیعمەت. زۆرجار بنیاتنانی دەوڵەت کارەساتی مەزنی لێدەکەوێتەوە ئەگەر بەپێی حیسابات و ئیدارەیەکی کارا بەڕێوەنەچێت.

## دەوڵەتی-نەتەوە به هەڵە تێمەگەن!

هەندێک پییانوایە دەوڵەتی نەتەوە بە مانای دەوڵەتی تاکە نەتەوە دێت. لەڕاستیدا دەوڵەتی-نەتەوە دەکرێ زیاتر لە چەند نەتەوەیەک لەخۆبگرێت. ئەوەی گرنگە لە باسی دەوڵەتی نەتەوەدا، سنووری دانپێدانراو و هەستی هاوبەشی دانیشتووانەکەی و سەروەریی دەوڵەتەکەیە. واتە کە باس لە دەوڵەتی-نەتەوە بۆ کوردستان دەکرێ، مەبەست ئەوە نییە بڵێی دەوڵەتێک بۆ کورد دروست دەکەم تا لەوەوە بڵێن سەردەمی ئەو شتانە بەسەرچووە. ئەوەی گرنگە بتوانی سنوورێک دابمەزرێنی کە لەلایەنی نێو نەتەوەییەوە ناسراوبێت و دانیشتووانەکەی هەستی ئینتمایان بۆ ئەو جوگرافیا نوێیە هەبێت و بەهرەمەند بن لە مافەکانی هاووڵاتیبوون بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانیان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی پلانی (B)ی هەیە؟

## 1

لەناو پارتیدا، تەنها یەک هێڵی سـوور هەیە ئەویـش مەسـعود بارزانییە. پارتی لەسـەر هەموو شتێک ئامادەی دانوستاندن و موعامەلەیە، بەڵام کە ببینێ کەسایەتی و پێگەی بارزانی لە مەترسیدایە، خۆی لە ئاو و ئاگر دەدات. هەر بۆیەشە، لەو گەڕەی

گفتوگۆکانی دکتۆر فوئاد حوسێندا و لە هەموو ئەو پێشنیاز و چارانەی دەخرێنە ڕوو، یەک بنەمای سەرەکی هەیە کە ئەویش پێگەی بارزانییە (گەرچی هەر لە بنەڕەتیشدا کێشەکە لەسەر ئەوە بووە).
لە 23ی حوزەیراندا کە گۆڕان، یەکێتی و کۆمەڵ

لە گردی (زەرگەتە)وە دەسـتیان برد بۆ شانەی (زەرگەتە)، ڕەنگبـێ لەبەر مرووبەتەکانی پارتی لـە پێکهێنانـی کابینـەی هەشـتەم و دواتریش حکومەتەکەی عەبادیدا، وا تێگەیشتبن کە پارتی وەک مـاری سـرِی لێهاتـووە و چـی لـێ بکەن نققـەی لێوە نایەت! پارتی لە ڕۆژانی پێش 23ی حوزەیرانـەوە کە لەبـەر پەرلەمانتارانی کۆمەڵ، یەکێتـی و گۆڕان دەپاڕایـەوە وا نەکەن هەیبەتی پەرلەمان بشکێت، حیسابی ئەمڕۆ و سبەینێشی کردبوو. پارتی باش دەزانێ کە ئەگەربەرامبەرەکانی توانـای کۆکردنـەوەی پەرلەمانیان لـە دەرەوەی هەولێر هەبووایە، سێ و دوویان لێ نەدەکرد، وەک چۆن ئێستا سـەرۆکی هەڵپەسێردراوی پەرلەمان و سـکرتێرەکەی لە نووسینگەی سلێمانی دەوام دەکـەن! بۆیە کە نەیانکـردووە، لەبەر ئەوە بووە کـە نەیانتوانیوە. پارتی بـاش دەزانێ کە ئەگەر توانای ڕاگەیاندنی هەرێمی سلێمانییان هەبووایە، بیانوویەکیان بۆ دەدیتەوە، بۆیەش پارتی بە هیچ پێشنیازێکی تازەوە نەچووەتە بەردەم لایەنەکان و هیچ تەنازولێکیشـی نەکـردووە. پارتی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدایە،

بەڵام دەیەوێ ئەگەر قەرار بێت هەرێمی کوردستان سـەرۆکێکی هەبێ (لانیکەم تا ئـەو ڕۆژەی کاک مەسـعود لەژیانـدا بێـت) دەبێ بـە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی خەڵک بێت، جا دەسەڵاتەکانی چی و چۆن دەبن کێشە نییە. پارتی ئیسپاتیشی کرد کە بە 38 کورسییەوە، هەم دەتوانێ زۆرینە بێت و هەم بەخشـندە، بـەڵام ئەگەر لایەنـەکان ئەو براگەورەییەی قەبوڵ نەکەن، ئەوا پلانی دیکەشی لەبەردەسـتە. یان لایەنەکان لەسەر سیغەیەک بۆ کۆکردنەوەی پەرلەمـان و فراوانکردنی حکومەت ڕێکدەکـەون، یانیـش پارتی خـۆی بەتەنها (جا یەکێتی ئەو کاتە دەبێ بەتەواوەتی خۆی یەکلایی بکاتەوە) ئەوە دەکات.

بە کورتییەکەی پارتی کە ڕێگری لە هاتنەوەی سەرۆکی هەڵپەسێردراوی پەرلەمان بۆ هەولێر کرد، حیسـابی خۆی تا ئەو شـوێنە کردبوو کە ئەگەر نەتوانێ پەرلەمان کۆبکاتەوە، هەڵیوەشێنێتەوە. ئـەوە سـاڵێکە پارتـی بـۆی چووەتە سـەرێ و دەچێتە سەرێش. چونکە ئەوە حەفتا ساڵە بۆی چووەتە سەر، گرنگ ئەوەیە کە لایەنەکان بتوانن ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ پارتیدا بدۆزنەوە.

## لە ئەمریکاوە بۆ ئێران 2

ئەگەرچی دکتۆر بەرهەم ساڵح لەڕووی کاراکتێر و کەسـایەتییەوە، خەلیفەی بەرهەقی مام جەلالە، بەڵام ڕەنگبێ تەنها لێکچوونی لە سیاسـەتدا، ئەوە بێت کـە دەتوانێ لە کۆنگرەی دیموکراتەکانەوە لە ئەمریکا بەپێی تۆزاوی بچێتە تـاران! ئەمە بەس لـە تاڵەبانـی بـەدی دەکـرا، ئەگەرچـی تاڵەبانی نموونەی بەرجەستەی دەستەواژەی (سیاسەت) بوو نـەک (پۆلەتیکا)، بەو مانایەی کـە فارس دەڵێ: "دووبەرەکـی بنێـوە و حکومەت بکـە" و دواییش

ئەمریکییـەکان بۆیان تـەواو کردوون کـە دەڵێن: "کێشـە بنێوە و چارەسەری مەکە، ئیدارەی بکە"! شەسـت سـاڵ لە ژیانی سیاسـیی مام جەلال ئاوا تێپەڕی. کێشەکانی شەستەکانی ناو پارتی نەک تا نـاو حیزبەکەی خۆی، بگرە تا کۆشـکی کۆماریی بەغداش برد و ویستی هەر ئیدارەی بکات، کە پێی نەکرا، هەموو شتی لە کیس چوو.
مانگ و نیوێکە دەبووایە شاندێکی باڵی ڕیفۆرمی ناو یەکێتی سـەردانی ئێرانی کردبایە، بە بیانووی

جیا جیا سـەردانەکە دواخرا، بەڵام کە بڕیاریشی لـێ درا، هاوکات بوو لەگەڵ لەسـێدارەدانی (جا بە هەر هۆکارێک بێت) 21 کورد لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات. تەوقیتێکی خراپ!
کرۆکی سـەردانەکە و بانگهێشـتەکەی ئێران ئەوەیە کە دەیەوێ بەڕاستی لە نیەتی باڵی ڕیفۆرم ئـاگادار بێـت، (ئەگەرچی باڵی دەسترۆیشـتوو دەیەوێ وایان نیشان بدات کە کەناڵی پەیوەندیی نێـوان یەکێتـی و ئێران ئەوانـن!) بە تایبەتیش کە بەشـدارییان لـە ڕێککەوتنی 17ی مایسـدا، بەشدارییەکی نمایشی بوو تا کۆنکریتی.
بۆیـە ئێران دەیـەوێ دڵنیا بێت لـەوەی کە

جارێکی دیکە ناوماڵی یەکێتی دوولەت نابێتەوە، دەیـەوێ دڵنیـا بێت کـە هەمـوان براگەورەیی نەوشیروان مسـتەفایان قەبوڵە یان نا؟ دەیەوێ بزانـێ باڵی ڕیفۆرم چەند لە پارتییەوە دوور یان نزیکن (ئێران حیساب لەسەر پەیوەندیی ژێر بە ژێر دەکات تا ئاشکرا). ئێرانییەکان کە نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی جودا بووەوە، تەققەی سەریان دەهات، یەکەم لەبـەر ئەوەی مام جەلال هەبوو، دووەمیـش پێیانوابوو کە نەوشـیروان مسـتەفا لە کۆنترۆڵ دەرناچێ، بـەڵام ئەمجارەیان ئەگەر جیابوونەوەیـەک ڕوویدات، لـە کۆنترۆڵی ئێراندا نابێت.

## لە فەرهاد پیربال تێدەگەم

## 3

نزیکەی بیست سـاڵە دکتۆر فەرهاد پیربال دەناسم و برادەریشین، ڕووبەڕوو مەدحـم دەکات و پاشـەملەش جنێـوم پێـدەدات! زۆرجـار لێدوانەکانی بەلای منەوە سـووکایەتی ئامێـز بوونە، بەڵام کـە بەکـوردی بخوێنیەوە و ببیسـتی، عاقیبەت هەر وات لێدێت.

لەسەر شەنگال هەزار و یەک هەقایەت هەیـە، بـەڵام تۆ بڵێـی سـەرۆکێک و حیزبێک کە بیانەوێ دەوڵەتی سەربەخۆ دروسـت بکەن، بە تاکتیک! کارەساتی وا گەورە بەسەر میللەتی خۆیان بێنن؟ باشـە، هەمـوو یـەک دوو هەفتە پێش شـەنگال بوو کە میدیای پەکەکە پەیتا پەیتـا ڕاپۆرتیان لەسـەر هاوپەیمانێتی داعش و پارتی بڵاودەکردەوە! کە باسی شکسـت دەکرێ، لە پارتی زیاتر کەسی لێ نەبووە، بەڵام شوکر حەوت گەریلای پەکەکـە پێشـیان بە لەشـکری داعش گرتـووە! ئەگـەر قـەرار بێت بـە دوای تاوانباردا بگەڕێین، دەبێ بەرپرسیارانی ئەنفـال و هەڵەبجـەش کـە دەسـتیان لەگـەڵ ئێراندا تێکەڵ کردبـوو، بدرێنە دادگا!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# جیاکردنەوەی هەدەپە لە پەکەکە

لـەو گردبوونـەوە ملیۆنییـەدا کـە لـە ئیسـتەنبوڵ بەڕێوەچوو، شـوێنی هەدەپە زۆر چـۆڵ بـوو. هەرچەنـدە ئامانجـی گردبوونەوەکـە شـەرمەزارکردنی کودەتا و بەتایبەتیش جەماعەتی گیولەن بوو، بەڵام ئەو هەدەپە و دەمیرتاشـەی تەنانەت پێش ئاکەپـە و ئەردۆغانیـش دژایەتیـی خۆیان بۆ گیولەن و جەماعەتەکـەی ڕاگەیاندبوو، بانگهێشـت نەکـران. پاسـاوی دەوڵەت بۆ ئەو بانگهێشـتنەکردنە ئەوەبوو کە هەدەپە و پەکەکە لە یەک تای تەرازووەکەدان و تا لێکـدی جیانەبنەوە، ناکرێت مامەڵە لەگەڵ هەدەپـەدا بکرێت، بەڵام ئایـا دەکرێ ئەو حیزبـە گـەورە کوردییەی نێـو پەرلەمانی تورکیا لە پەکەکە جیابکرێتەوە؟

ئەوەی لە پێنج شـەش ساڵی ڕابردوودا میدیا و ئەدەبیاتی پەکەکەی شـۆپاندبێت، دەزانێـت هـەر زوو پەکەکـە و جەماعەتی گیولەن شـیر و تیریان لەیەکدی دەسـوو. هیـچ هەڤیەڤینێکـی جەمیـل بایـک یان قەرەسـوو یان قەرەیلان و سـەرکردەکانی دیکـەی پەکەکـە نییـە باسـی پێڤـاژۆی ئاشـتیی کردبێت و ئەگەر بە ڕستەیەکیش بێـت، باسـی ئـەوەی تێـدا نەکرابێت کە گیولەنییەکانـی نێو دەوڵـەت، بە ئیدارە و سـوپاوە، دەیانەوێت شـەڕ بەردەوام بێت و هەوڵـەکان لەبارببـەن. لەو ساڵانەشـدا کـە پەیوەندییەکانی ئەردۆغـان و گیولەن لە لووتکەی باشـیدا بوون، ئەرکی شـەڕی ئایدیۆلـۆژی و لاوازکردنـی پەکەکـە لـە باکووری کوردسـتان بە جەماعەتی گیولەن سپێردرابوو.

ئێسـتا کـە خەریکـە وردە وردە ڕاسـتییەکان لەبارەی دەسـتەکانی پشـت کودەتـاوە ئاشـکرا دەبـن، شـتی سـەیر دەرکەوتوون. بۆنموونە هەموومان دەمانزانی دانوستاندنەکانی ئۆسلۆ لەنێوان پەکەکە و دەوڵەتـدا لەلایـەن گیولەنییەکانەوە لەقاو دران و تۆمارە دەنگییەکانیان بڵاوکرانەوە، بـەڵام ئەگـەر ئیدیعاکانی دەوڵەت ڕاسـت بـن، کەسـمان نەماندەزانـی کارەسـاتی ڕۆبۆسـکێ، وێرانکردنـی سـووری ئامەد و زۆر تاوانـی دیکە بەدەسـتی ئەو ئەفسـەر و فەرماندە سـەربازییانە کراون کە لەسەر جەماعەتـی گیولـەن حیسـابن و پێگـەی خۆیان بۆ هەژمووندانان لەسـەر ئەردۆغان و دەسترۆیشـتووانی دیکـەی نێو دەوڵەت بەکارهێنـاوە. بۆنموونـە ئـەو حیسـابی تویتـەرەی زۆربـەی ئاشـکراکارییەکانی سـەبارەت بە دەوڵەت و دانوسـتاندنەکانی لەگـەڵ پەکەکە کردبوو و سـەر بە گیولەن بوو، کەسێکی هێندە بڕواپێکراوی ئەردۆغان بـوو کە بـەردەوام لە گرتـە ڤیدیۆییەکاندا لەپشت سەرییەوە دەردەکەوت.

هەدەپـە قـەت لەدژی پێڤاژۆی ئاشـتی نەبـووە لـە باکـووری کوردسـتان. پـاش شکسـتهێنانی کودەتـاش چەندینجـار دەمیرتـاش ئـەوەی دووبـارە کردووەتەوە کە ئێسـتا دەرفەتە بۆ دەسـتپێکردنەوەی پێڤاژۆکـە. لەگەڵ ئەوەشـدا نابێ لەبیرمان بچێت کە هەدەپە هەڵەی سـتراتیژیی کرد کاتێک بەشـداریی لـە حکومەتـدا نەکرد. چونکـە ئـەو هەنـگاوە دۆزی کـوردی لە تورکیـا دەبـردە قۆناغێکی نوێـوە. بەڵام کێشـەکە ئەوەیـە کـە هێشـتاش هەدەپە بڕیـاری سیاسـیی بەدەسـت خـۆی نییـە و چـاوی لـە ئامـاژەی قەندیلـە. بەوەش کـە دەوڵەتـی تورکیـا بەهەڵـە ئۆجەلانی گۆشـەگیر کردووە، دەرفەتێکـی زێڕین بۆ باڵـی ناکـۆک لەگەڵ ئاشـتی لـە قەندیل دروستبووە بۆئەوەی بەو هەڵانەی لەماوەی ڕابـردوودا کـردی، کـورد لـە پرۆسـەی سیاسـیی تورکیـادا بگەڕێنێتـەوە دواوە. بۆیـەش کاتێک دەوڵەتی ئەردۆغان مەرجی بەشـدارکردنەوەی هەدەپـە لـە پرۆسـەی سیاسـیدا دەبەسـتێتەوە بە دوورکەوتنەوە لە پەکەکـە، دەبێ ئـەو جیاکردنەوەیە بە کۆمەڵێـک هەنگاو ڕووبـدات، گرنگترینیان بریتییـە لـە ڕۆڵگێڕانـەوە بـۆ ئۆجـەلان. چونکـە ئەوکات هـەردوو باڵـی ناکۆک بە ئاشتی، کە بریتین لە جەماعەتی گیولەن و باڵی قەندیلی پەکەکە، هەژموونێکی هێندە زۆریان نابێت بتوانن جارێکی دیکە پێڤاژۆی ئاشتی بەیەکجاری پەکبخەن.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# ئاگر لە ماڵی "پاپا"دا

پاپـای ڤاتیـکان، فرانسـوا، لـە مێژووی نزیکی کاتۆلیسیسمدا، یەکێکە لەو پاپایانەی کـە جەماوەرییبوونیـان لە ئاسـتێکی هێندە بەرزدایـە، هـەر دەرکەوتنێکیـان، هـەر گوتارێکیان، هـەر جوڵانەوەیەکیان لە لایەن ملیۆنەها کەسـەوە، بە عەشقەوە چاوەڕوانی دەکرێ. فرانسوا، کە لە هەمانکاتدا بە پاپای هـەژاران، چەوسـاوەکان، دوورخراوەکانیش بەناوبانگـە، ئەو ڕەمزەیـە کە کاتۆلیکەکانی دنیـای تـازە، چەندیـن خەونـی گـەورەی نوێبوونەوەی ئاینەکەیان لەسـەر هەڵچنیوە و وەک فریـادڕەس تەماشـای دەکەن. بەڵام لـە وڵاتێکی وەک فەرەنسـادا، کـە بە کچە گەورەکەی کڵێسا بەناوبانگە، هەڵوێستەکانی پاپـا لەسـەر ئیسـلام و موسـوڵمانان و پەیوەندییـان بـە تیرۆریزمـەوە، ئاگـری بەرداوەتـە ماڵـە گەورەکـەی کاتۆلیکەکان. ڕاسـتڕەوەکانی فەرەنسـا بـە گشـتی و ئەوپـەڕی ڕاسـت بەتایبەتـی، ئـەو هێـزە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەن کـە بـە درێژایی مێـژوو پەیوەندییەکی توندوتۆڵیـان لەگەڵ

کاتۆلیسیزمدا هەبووە و شانازیان بە ئینتیما بۆ پاپای ڤاتیکانەوە کردووە. لە ئێستادا ئەم هێزە مێژووییە گومانی گەورە لەسـەر پاپا و هەڵوێستە سیاسی و تەنانەت ئاینیەکانیشی دروسـتدەکات و پێیوایە گوتارەکانی لەسەر پرسی کۆچبەران و موسوڵمانان و ئیسلام لە ڕادەبەدەر "نەرمـن". کاتێک لە 26ی مانگی تەموزی ئەم ساڵدا، دوو تیرۆریستی فەرەنسی بەناوی داعشـەوە دێن و لە نێو کڵێسایەکدا قەشەیەکی 86 ساڵی سەردەبڕن، پاپا لە نێو فڕۆکەکەیدا دێتە دەنگ و دەڵێت :
" مـن نامەوێـت بـاس لـە زەبروزەنگـی ئیسـلامی بکەم، چونکە هەمـوو ڕۆژێک، لە ڕۆژنامەکانـدا، دەبینم بـاس لە هەموو جۆرە زەبروزەنگێک دەکرێت... گەر من ڕێگا بەخۆم بدەم و باسـی زەبروزەنگی ئیسـلامی بکەم، دەبێت بەهەمان شـێوە باسـی زەبروزەنگی کاتۆلیکیـش بکەم...لەهەمـوو ئاینەکانـدا گروپێکـی بچوکـی فەندامۆنتالیسـت هەیە، ئێمەی کاتۆلیکیش ئـەم جۆرە گرووپانەمان هەیە." (ڕۆژنامەی لۆمۆند، 3/8/ 2016).
ئـەم هەڵوێسـتەی پاپـا، کـە مەرجەعی

تـەواوی کاتۆلیکەکانـی دنیا بەگشـتی و ئەوروپیـەکان بەتایبەتیـە، ڕاگەیاندنـی جەنگێکی ڕەمزیە لەگەڵ کۆی ئەو ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانەدا کە لەگەڵ هەر تەقینەوەیەکدا، وەک بەشـێک لـە سۆسـیۆلۆگەکان ئامـاژەی پێدەدەن، ڕاستەوخۆ دێن و پەلاماری ئیسلامی ئاین و موسوڵمانە "ئاساییەکان" دەدەن، بۆنموونە جیبێـر کـۆلار، پەرلەماتـاری فەرەنسـی لەسـەر لیسـتی ڕاسـتڕەوەکانی فەرەنسا کە ماریـن لۆپێن سـەرۆکایەتیان دەکات، لـە دژی پاپـا هـاوار دەکات و دەڵێـت: "چـۆن پاپا دەتوانێت باسـی زەبروزەنگی کاتۆلیکـی بکات کاتێک کە قەشـەیەک لە کڵێساکەیدا سـەردەبڕدرێت : چ دنیایەکە ئەمـە! ئێمـە چیمان بەسـەر هاتـووە!". هەروەها ئیڤان ڕیڤۆل، یەکێک لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ڕۆژنامەی "لۆ فیگارۆ" کە وەک دەنگی ڕاسـتڕەوەکانی فەرەنسـا پێناسە دەکرێت، لەسەر هەمان هەڵوێست پەلامـاری پاپـا دەدات و دەنووسـێت: "تێکەڵکردنی ئوسـولیە مەسـیحیەکان بە ئوسولیە ئیسلامیەکان ڕێگایەکە بۆئەوەی پاپـای ڤاتیـکان ڕووناکیـەکان لەسـەر تیرۆریزمی ئیسلامیسـت لاببەرێت و بیکات بە دۆخێکـی ڕێژەیی: ئەمـە چ دنیایەکە! بێندیکتـی شـانزەهەم تکایـە وەرەوە و فریامانکـەوە (مەبەسـتی پاپـای پێـش فرانسـوایە کە وازی لە پۆستەکەی هێنا و ئێسـتا خانەنشینە و هەڵوێستێکی توندی لەسەر ئیسلام هەبوو).
بەڵام ئەوەی کـە دوورتر دەڕوات، وەک لیوک برۆنێر دەڵێت، سـەرۆکی شارەوانی بێزیەیە کە ناوی "ڕۆبێرت مێنار"ە. ڕۆبێرت پێـش ئەوەی ببێتە سـەرۆکی شـارەوانی

بێزیە، یەکێک بوو لەو ڕۆژنامەنووسـانەی بەردەوام لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنەکان بوو. هەڵوێستە توندەکانی لەسەر ئیسلام و موسـوڵمانان وایـان لێکردبـوو کە وەک ژمارە یەکی ئیسـلامۆفۆبیا پێناسە بکرێت و دواتر بـە هاوکاریی"مارین لۆپێن" توانی دەنگی پێویسـت بەدەسـتبێنێت و ببێتە سەرۆکی شارەوانی. ڕۆبێت لە پەلاماردانی پاپادا دەڵێت:
"پاپـا سـەرقاڵی بەڕێژەییکردنـی تیرۆریزمـی ئیسلامیسـتە و ئیسـلام لـە هەموو بەرپرسـیارێتییەک پاک دەکاتەوە. من پێموایە هەر کەسـێک ئەم هەڵوێستەی هەبێت، بەشـدار دەبێت لـەو تاوانانەدا کە ڕوودەدەن. ئەم هەڵوێستە گورزی کاریگەر لـە گیانی بەرەنـگاری دەدات...ئەم پاپایە خـۆی بەچی دەزانێت! باسـی ڕێزگرتن لە فرەیـی و جیـاوازی دەکات، بـەڵام خـۆی لەگەڵ جیـاوازی و فرەییدا ناژی". ڕۆبێرت مینار دەیەوێت بڵێت: پاپا لە کۆشکەکانی ڤاتیکانـدا دەژی، بۆیە نازانێت ئیسـلام و موسوڵمانان بەناوی جیاوازی و فرەییەوە چ گرفتێک دروستدەکەن، بەڵام ئەو دەزانێت، چونکە سەرۆکی شارەوانیە و ڕۆژانە لەگەڵ ئەم گرفتانەدا دەژی.
لەڕاسـتیدا گـەر ئـەم هەڵوێسـتانە هاوزەمـەن نەبوونایە لەگەڵ پەڕینەوەیەکی گەورەی بەرچاو لە ڕووبەری هێزی سیاسی "ڕاسـتڕەوە" مێژووییەکانی فەرەنساوە کە لە ئێستادا نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکایەتیان دەکات، بـەرەو ڕووبەری "ڕاسـتی ڕاسـت" یـان "ئەوپـەڕی ڕاسـت" کـە لە ئێسـتادا ماریـن لۆپێـن سـەرکردایەتیان دەکات، شتێکی ئاسـایی بوو. بەڵام ئەم پەڕینەوە جەماوەریە لە نیکۆلاوە بۆ مارین، وادەکات

کە هـەر ئەکتەرێکی سیاسـی یـان ئاینی لـە فەرەنسـادا دژایەتـی ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ بۆ ئیسـلام و موسـوڵمانان دەرنەبڕێـت، ئیتر بەجۆرێـک لە جۆرەکان دەکەوێتە بەر شاڵاوی "غەزەبی" ڕای گشتی جەمـاوەری ڕاسـترەوەوە، کـە بەدرێژایی مێـژوو، زۆرینـەی کۆمەڵگای فەرەنسـیان پێکهێناوە و پێکدەهێنن.
لێرەوە هەڵوێسـتەکانی پاپـا، ئاگرێکی بەهێـز لە ماڵـی کاتۆلیکەکانی فەرەنسـا بەردەدات. ڕاسـتە زۆرینـەی کاتۆلیکەکان پابەنـدن بە هەڵوێسـتەکانی پاپاوە، بەڵام ئـەوەش ڕاسـتە کـە لەنێـو ئـەم ماڵەدا، سەدان وردە گرووپی کاتۆلیکی هەن و نەک هەر ئەم هەڵوێسـتانەی پاپایان بۆ هەرس ناکرێـت، بەڵکـو بـە ئاشـکراش ڕەخنەی لێدەگـرن. ئەم گرووپانە نە پشـت دەکەنە کڵێسـا، چونکـە بـە شوناسـی مێژوویی خۆیانی دەزانن، نە گوتارەکانی پاپاشـیان ماڵـی دەکەن. بێهوودە نییە کە لە ئێسـتا و ئێـرەدا، ماڵـە گەورەکـەی کاتۆلیکەکان جمەی دێت لە دیبەیت لەسـەر ئیسـلام و موسوڵمانان و تیرۆریزم.
داعش خەون بەوەوە دەبینێت کە تێکڕای دانیشـتووانی ئـەم ماڵـە، بە پاپاشـەوە، هیـچ جیاوازییـەک نەخەنە نێوان ئیسـلام و موسـوڵمانان و تیرۆریـزم، بۆئـەوەی لە کۆتاییدا خۆی وەک تاکە نوێنەری ئیسلامی ئایـن و یـەک ملیار و حەوت سـەد ملیۆن موسوڵمان لە جیهاندا بخاتە سەر شانۆکان. ململانێـی پاپاش ئەوەیە کە نەکەوێتە ئەم داوەی داعشەوە و ڕێگا نەدات ئەم خەونەی بێتە دی. داهاتـوو پێماندەڵێت : ڤاتیکان دەیباتەوە یان داعش، فرانسـوا دەیباتەوە یان ئەبوبەکری بەغدادی.



ڕابەر تەڵعەت

# لێکچوون وەک سەرچاوەی ململانێ

سیگمۆند فرۆید لە وتارێکیدا بەناونیشانی (شارسـتانیەت و دەمارگیرییەکانی) سـاڵی 1930، لـە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دەڕوانێتە پێکـدادان و ململانێـی نێـوان گـرووپ و شارسـتانێتیەکان، بەبـاوەڕی فرۆیـد، ئـەو وڵاتانـەی کـە هاوسـنوورن و گەلێک خاڵی هاوبەش بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، یان ئەو نەتەوانـەی کە بەردەوام لەگـەڵ یەکتریدا لە ململانێـدان، تەنانەت ئەو گرووپە ئیتنیکی و تایفی و خێزانانەش کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەنـدی خزمایەتی و خوێنی و زۆر لایەنی دیکەی هاوبەش بەیەکـەوە کۆیان دەکاتەوە

و لەهەمان کاتیشـدا لەگەڵ یـەک ناکۆکن و بەچاوی سـووکەوە لەیـەک دەڕوانن و هەوڵ بـۆ نەهێشـتن و لەناوبردنی یەکتری دەدەن، لەبەر ئەوە نییە کە لەیەکتری جیاوازن بەقەد ئەوەی کـە پەیوەندی بـەوەوە هەیە چەندە لەیـەک دەچـن. ئـەم بۆچوونە لە زانسـتی دەروونشیکاری و تەنانەت لە بواری سیاسەت و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانیشـدا، وەک چەمک بە (نارسیزمی جیاوازییە بچووکەکان) دەناسـرێت. لەیەکچـوون و وەک یەکبـوون، هەسـتی لێکنزیکـی و دووانەیـی لەنێـوان گرووپەکاندا، سەرچاوەیەکە بۆ سەرهەڵدانی

نارسیزم و خۆدپەسەندی و ڕەشکردنەوەی بەرامبەر، شـکاندنی ڕوخساری ئەوی دیکە کە ئاوێنەیەکە بۆ بینینی خۆت، لەیەکچوون تـا ئەو ڕادەیـەی کە کە لایەنێک هەسـت دەکات ئەویتر سـەربارە یان هەڕەشەیە بۆ سـەر بوون و ناسـنامەی خۆی کە هەمان ڕوخسار و خاڵی هاوبەشیان هەیە.
لـە ئێراقدا، ململانێی نێوان شـیعە و سـوننە، دوو تایەفەی سـەر بە یەک ئاین و کولتـور و مێـژوو، سـەرچاوەکەی لـە هاوبەشـی و لەیەکچوونـەوە هەڵدەقوڵێت نەک جیاوازی، ئەو دوو تایەفەیە چەندە بە خوێنی سەری یەکتری تینوون، ئەوەندەش لەیـەک دەچـن و لەیەکـەوە نزیکن، ئەوان سـەرچاوەی دوژمنایەتـی و کینەی خۆیان لەیـەک چاوگـە و عەقیـدە و ئیمـان و مێژوو و زمانـەوە هێناوە، جیاوازیی ئەوان نارسیزمی لەناوبردن و تێکشکاندنی وێنەی نـاو ئاوێنەکەی بەردەمـی خۆیانە، کاتێک دژایەتـی ئەوان بـۆ یەکتری ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە کـە خەڵکێک لـە دەرەوە باوەڕ بـەوە ناکات ئەمە لە چییەوە سـەرچاوەی گرتـووە، لـەو کاتەدایە کە لـە ناوەڕۆکی خوێندنـەوەی فرۆید و چەمکی نارسـیزمی جیاوازییە بچووکەکان تێدەگەین.
لێکچوون وەک سـەرچاوەی ململانێ، بـۆ دۆخی سیاسـی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ هەمان خوێندنەوەی

فرۆیدییانە لەخۆ بگرێت. مێژووی پێکدادان و شـەڕی ناوخـۆ و ململانێـی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگـری چ جـۆرە جیاوازییەکـی فیکری یـان ئایدۆلـۆژی و ئیتنیکییـە؟ چین ئەو ڕەگەزانەی کە دوو حزبی سیاسـی کوردی لەیەکتـری جیادەکەنـەوە تـا سـنووری ململانـێ و سـڕینەوەی یەکتـری؟ بـە سـەرنجدان لە مێژووی ئـەو ململانێیانە بە ئێستاشـەوە، دەتوانیـن بە دەیـان خاڵی هاوبـەش و لەیەکچـوون لەنێوان گرووپ و پارتەکانی هەرێم دەستنیشان بکەین، بەڵام جیاوازییەکانیـان لە پەنجەی یەک دەسـت تێپەڕ ناکات. ئـەوان لە هەموو ڕوویەکەوە تا ڕادەی نەفـرەت و ڕەتکرنەوەی یەکتری لەیـەک دەچـن، گرفتەکـەش تەنها ئـەو لەیەکچوونەیـە، بۆیـە گۆڕەپانی سیاسـی هەرێـم نەیتوانیـوە تـا ئێسـتا مۆدێلێکی دیکـەی سیاسـەتکردن و حزبایەتـی بەخۆیـەوە ببینێـت جگـە لـە بازنەیەکی داخراو لە ململانێ و دژواری.
نارسـیزم و خودپەسـەندیی حیزبـی کـوردی لـە ئاوێنـەی بەردەمـی خۆیەوە سـەرچاوە دەگرێـت، لـە کاتێکـدا کـە هەمـووان وەک یەک خۆیـان دەبینن، ئیتر کـەس بـۆی نییە لەکەس باشـتر بێت، بۆ نموونـە حزبـی کـوردی زۆر بـە ئاسـانی دەتوانـن دوژمنـی یەکتـر بن یان دۆسـت

و هاوپەیمانـی یەکتـر بـن، لۆژیکـی یان دەبێـت ببیـن بە یـەک یان دەبێـت ببین بە دوژمنی یەک، لە پاشـخانی هاوبەشـی و لەیەکچوونـەوە سـەرچاوە دەگرێت نەک جیـاوازی. بـۆ نموونە، پارتـی و یەکێتی لـە دوژمنایەتییەوە بوون بـە هاوپەیمانی سـتراتیژی و لەویشەوە دیسانەوە خەریکن دەبنـەوە بە دوژمـن، یەکێتی و گۆڕان، لە دوژمنایەتـی و ڕەتکردنـەوەی یەکتـری تا گەیشتن بە تێکەڵبوونەوە و یەک ماڵی.
هیـچ دینامیکێکـی سیاسـی یـان ئایدیۆلۆژیـی ئەوەنـدە کارا نییـە کـە لـە شـەووڕۆژێکدا شـوێنگۆڕکێ لەنێـوان دۆسـتایەتی و دوژمنداریـدا بـکات ئەگەر لەیەکچـوون و جێگۆڕکێی نێوان وێنەکانی نێو ئاوێنەیـەک نەبێت. بۆیە ئەو لۆژیکەی دەسـتی بەسـەر فەزای سیاسـی هەرێمی کوردسـتاندا گرتووە بریتی نییە لە گرفتی جیـاوازی و قبوڵکردن، بەڵکـو پەیوەندی هەیـە بـە لەیەکچـوون و دژایەتیکردنەوە. هێزە کوردییەکان لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا، لـە گوتـار و سیاسـەتکردندا، لـە دەنـگ و ڕەنگـدا، تـا ئەنـدازەی نارسـیزم و خودپەسـەندی و سـووکایەتیکردن و لەناوبردنـی یەکتری لەیـەک دەچن، ئەوان تا ئـەو ئەندازەیە لەیەک دەچن وەک بڵێی لەبەردەمی ئاوێنەیەکدا وەستابن و نەفرەت لە ڕوخساری خۆیان بکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕوودار نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# تاهیریان سنووری نییە

19 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

